# ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان

# ئایا هەموو حیزبەکان خۆی لەبەردەگرن؟

بابەتی ریفراندۆم و پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان، وەك قۆناغێك لە ژیانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا، زیاتر لە هەموو قۆناغەکانی پێشوو، میکانیزم و کارەکتەرەکانی بزووتنەوەکەی، هەروەها بیروباوەڕ، یان ئایدیۆلۆجیای حیزبەکانی خستۆتە ژێر گوشارێکی زۆر بەهێز. پێدەچێ ئایدیۆلۆجیاکانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان کە حیزبەکان هەڵیدەگرن و سەرکردەکان نوێنەرایەتی دەکەن، لە روانگای خۆیانەوە هیچ بیرێکیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەبووبێت (جیا لە سەرۆك بارزانی)، بۆیە دوای ئەوەی پرۆژەی ریفراندۆم بوو بە واقیع، وەك دەبینین زیاتر لە ساڵێکە بووە بە بابەتی موناقەشە و گفتوگۆیەکی توند لەنێو حیزبەکان. سەرەنجام حیزبەکانی وا لەژێر فشار داناوە کە نە دەتوانن لە دژی بوەستن، نە دەتوانن بە ئاسانی قبووڵی بکەن، چونکە تەعریفیان بۆ سەربەخۆیی زۆر کامڵ نییە. ئەمە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانە، لەوانەیە بەشێك لەو واقیعە بگەڕێتەوە بۆ مێژووی چەوسانەوەی میللەتی کورد کە بە درێژایی سەد ساڵی رابردوودا هەموو ئایدیۆلۆژیا و تێکۆشەرەکانی دەبوا خۆیان لەگەڵ بوونێك رابێنن کە پێی دەوترا واقیعبینی بەرامبەر باری نێودەوڵەتی لە بەشکرانی کوردستان. واتا دابەشبوونێکی زاڵمانە کە یاساکانی نێودەوڵەتی دەیان پاراست.

ئەم واقیعبینییە وای لێکردین کە بە درێژایی سەد ساڵ کوردان لە بیری سەربەخۆیی دووربکەونەوە، رێچکەیەك بە ناوی فەرهەنگی سەربەخۆیی لەناوخۆیاندا دروست نەکەن، باشترین تەعبیریش بۆ ئەو لەبیرکردنە، ئەو وتەیەی جەلال تاڵەبانی -یە کە پێش نەخۆشکەوتنی گوتی: «سەربەخۆیی خەونی شاعیرانەیە و لەگەڵ واقیع ناگونجێت.» بەڵام بەڕێز تاڵەبانی لە کاتێکدا ئەم قسەیەی کرد کە واقیع گۆڕابوو، دەکرا سەربەخۆیی بکرێ بە کردەوە. جا ئەگەر بگەڕێمەوە سەر باری ئێستای بزووتنەوەی سیاسی، لەم چەند ساڵەی دوایی کە باری نێودەوڵەتی و ناوچەیی بە خێرایی گۆڕانی تێکەوتووە، حیزبەکانی کوردستان ئامادەیی سەربەخۆییان تێدا نییە، سەرەتا لای سەرکردەکان، دواتریش لایەنگرانی خۆیان پێ ئامادە ناکرێ. ئێستا لەنێو هەرێمی کوردستاندا بەشێك لە حیزبەکان لەنێوخۆیاندا، لەنێوان سەربەخۆیی و بەرژەوەندییەکانی ئێستایان، لەنێوان سەربەخۆیی و کێشەی نێوان خۆیاندا، لەنێوان سەربەخۆیی و ئەو کینە و رق و کێشەی کە بزوتنەوەی سیاسی لە مێژووی خۆیدا بۆیانی دروست کردووە، دەیانەوێ سەنگ و سووك بکەن، واتە کامیان هەڵبژێرن؟ بەرژەوەندییە ئاڵۆزەکانیان، یان سەربەخۆیی



**سەرۆ قادر**

saro.qadir@irdk.org

**تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی**

هەڵبژێرن؟ ئەوە نیشانەی ناکامڵیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانە، کە لە هۆشیاریی نیشتمانیدا نەقس هەیە. ئەگەر کار بەو ئاقارەدا بڕوا کە نەتوانن لە بەرژەوەندیی سەربەخۆیی دەنگ بدەن، ئەمجارە،یان بە پێچەوانەی سەدەی بیستەم کە بە زۆری دابەشکران، خۆیان مل دەدەنە کۆیلەتی و ئەو دەرفەتە مێژووییە لەکیس دەچێ، ئەوەش قەناعەتی ئەو هێزانەی کە یاسا نێودەوڵەتییەکانیان بەسەر کوردستاندا دەسەپێنن، ئەستوورتر و مکوڕتر دەکات، تاکو جارێکی تر ڕێگە بە هیچ کەسێکی کورد نەدەن بیر لە سەربەخۆیی بکاتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە بارودۆخەکە گۆڕدراوە و کورد دەتوانێ لە کولتووری واقیعبینێتی سەد ساڵەی خۆتەسلیمکردنی عێراق دەربچێ و بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێت، بە واقیعییانە بەرەو سەربەخۆیی بچێت.

لای دووەم کە بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، زۆر بەهێزە، بەڵام کارێکی زۆری دەوێ تا سەرەتا باوەڕی حیزبەکان بگۆڕێت، دواتر قەناعەت بە کوردستان بێنێ بە هەموو پێکهاتەکانیەوە.

پرسیارێك هەیە، ئایا هەموو حیزبەکان بە ئاسانی لەژێر ئەو فشارە دەردەچن؟ پێموایە هەموو حیزبەکان بە ئاسانی ناتوانن ئەو قۆناغە تێپەڕێنن، ژمارەیەك لەو حیزبانە هەر لە ئێستاوە لێیان دەرکەوتووە کە دابەش دەبن، لەنێوخۆیاندا دەگۆڕێن بۆ چەند حیزبێك. ئێمە ئەو رووخسارە بە یەکێتی و گۆڕانەوە دەبینین، یەکگرتووی ئیسلامی-یش تەنگەتاو بووەو تا ئێستا نەیتوانیوە هەموو لایەنگرانی خۆی لە دەوری سەربەخۆیی کۆبکاتەوە، هەرچەندە سەرکردایەتیی حیزبەکە بڕیاری یەکجارەکی داوە کە لایەنگری سەربەخۆییە. کۆمەڵی ئیسلامی بە تێکڕا لە دژی سەربەخۆیی وەستاوەو چووەتە ژێر سیاسەتی مالیکی و ئێران. تا دەگاتە کۆتایی مانگی ئەیلوول، دەبینین ئەو حیزبانە تا چەند دەتوانن سەلامەتیی خۆیان بپارێزن. هەر حیزبێك بتوانێ بە بێ کەرتبوون و دابەشبوون پرۆژەی سەربەخۆیی وەربگرێ، بانگەشەی بۆ بکاو بیکا بە ئایدیۆلۆجیای خۆی، نیشانەی پتەوی و واقیعبینی و میکانیزمی باشی ناوخۆیەتی لە کاری سیاسیدا. ئەوانەی دابەشبوون و نەیانتوانی، دەبێ خۆیان و تێکڕای بزووتنەوەی سیاسی رازی بن بەو دابەشبوونەی کە روو دەدات. ئەم دابەشبوونە بە مانای دابەشبوونی حیزبێك بۆ دوو و سێ باڵ، یان حیزبی نوێ دەبێت. جۆرێکی تری دابەشبوونیشمان هەیە کە کۆمەڵێك لە کادیرانی حیزبێك، حیزبەکەیان جێ بێڵن و پەرت و بڵاو بن. ئەم دیاردەیە بە باڵی گەنجانی ناو بزووتنەوەی گۆڕانەوە دیارە.

ئەم گوشاری زەمانە تەنیا لە کوردستانی باشووردا نییە، بەڵکوو لە کوردستانی رۆژئاوا کە

بە کردەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا وەك هەرێمی کوردستان پاڵپشتیی دەکات، پایگاکانی ئەمەریکا زۆر بە دەنگی بەرز و بە ئاشکرا دەڵێن لێی ناکشێینەوە، چەك و پشتیوانیی سەربازی باش دەگەیەنێتە رۆژئاوای کوردستان، بەڵام پەیەدە تاکو ئێستا نەیتوانیوە لە ئایدیۆلۆژیای دژە نەتەوەیی دووركەوێتەوە، هەرچەندە گۆڕانكاری پێوە دیارە. پەیەدە وەك بەشێك لە پەكەكە بڕوای بە رزگاری نەتەوەیی نەمابوو. تەسلیمی ئەو پرۆژەیە بوون كە گوایە عەبدوڵا ئۆجەلان دەبێ داهێنەری بێ. ئەوەیە كە هەموو گەلان لە دیموكراسیدا بژین و هەر ناوچەیەك بۆ خۆی كۆمۆنی خۆی هەبێت و ئەو كۆمۆنە باشترین دیموكراسی دروست دەكات. لە راستیدا ئەم جۆرە بیركردنەوەیەی عەبدوڵا ئۆجەلان كە بووەتە بیركردنەوەی پەكەكەو لایەنگرانیان لە پارچەكانی تری كوردستان، لە رووی مێژوویییەوە دەگەڕێتەوە بۆ كاری ١٠ ساڵی رابردووی دەوڵەتی توركیا كە بە شێوەیەكی بەرنامەدار ئەو كتێب و زانیارییانەی رێگەداوە بگاتە عەبدوڵا ئۆجەلان، كە ئۆجەلانێكی لە زیندانی بە تەنیادا، ئەگەر بیەوێ بیر بكاتەوە، ئەگەر گۆڕانیشی بەسەردا هات، ئەوا گۆڕانەكە ئەوە بێت كە پشێوی بخاتە ناو بزووتنەوەی سیاسی. بۆیە ئەوەی كە پێی دەوترێت خۆسەریی دیموكراسی و بە كۆتاییهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی كە پەكەكە باسی دەكات، لە راستیدا ئەمە ئایدیۆلۆجیای هەندێك لە ئەنارشیستەكانی ئەمریكایە كە لەوێ تەنیا وەكو باسی نێوەندی ئەنارشیستی هەیە و بۆكچین داهێنەریەتی. پرسیار ئەوەیە كێ ئەم كتێبانەی گەیاندە عەبدوڵا ئۆجەلان؟ ئەمە باسێكی دیكەیە، بە دڵنیاییەوە دەزگای موخابەراتی توركیا دەیگەیەنێ، خۆ خەڵكی تر نییە ئەم كارە بكات، نەتیجەكەشی دیارە كە ئێستا پەكەكە باسی دەكات و بڕوای بە رزگاریی نەتەوەیی نەماوە. تا ماوەیەك دەیگوت دژی هەر هەوڵێكی سەربەخۆیی دەبین لە هەرێمی كوردستان رووبدات. هەڵبەت دوای ئەو فشارانەی كە ئەمەریكا لە رۆژئاوای كوردستان خستوویەتیە سەر پەیەدە، جۆرێك كاریگەری بە پەكەكەشەوە دیارە، چونكە سیاسەتی ئەم دواییەی پەكەكە لە پشتیوانی بۆ سەربەخۆیی كوردستان ئومێدبەخشە كە لەو ئایدیۆلۆجیایە دووربكەونەوە.

حیزبەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان لەو رووەوە تۆكم و پوختن، زۆر بە هێمنی و بە هێواشی بیروباوەڕی خۆیان گۆڕیوە، لە خودموختارییەوە بۆ سەربەخۆیی، هیچ گرفتێكیان لەگەڵ روانگای سەربەخۆیی كوردستاندا نییە.

ئێستا لە هەرێمی كوردستاندا، جیا لەو تەنگژەی لەناو بزووتنەوەی سیاسیدا بڵاو بووەتەوە، دیاردەیەكی تر هەیە ئەویش كاركردنی هێزەكانی دژە كوردستانن لە دەرەوەڕا، لەسەر ئەم واقیعەی تیایداین. لەم بارودۆخەدا هەندێ كەسایەتیی نوێ دێننە پێشەوە، لەوانەیە حیزبیشیان لە زاهیردا بۆ دروست بكەن، بۆ ئەوەی بە خێرایی لە ماوەی ئەو دوومانگە، لە دواییشدا لەو ساڵەی كە بۆ گفتوگۆ لەنێوان كوردستان و عێراق بۆ سەربەخۆیی هەیە، بەكاریان بێنن. دەبینین كە لەناو حیزبەكاندا (جگە لە پارتی) بە ئاشكرا لایەنگریی خۆیان بۆ عێراق دەردەبڕن! ئەم دیاردەیە بە ئەندامانی پەرلەمانی هەردوو حیزبی یەكێتی و گۆڕانەوە دیارە. كار گەیشتە جۆرێك لە وابەستەیی ئەو كەسانە و پیاهەڵگوتن بە عێراقچییەتی، تەنانەت بە قسەی حیزبەكانی خۆشیان ناكەن. سەرۆكی فراكسیۆنی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە پەرلەمانی بەغدا (ئاڵا تاڵەبانی)، دەڵێ: من سوێندم خواردووە یەكپارچەیی خاكی عێراق دەپارێزم. لە كار و كردەوەكانیشیدا درێغی ناكات لە تەنسیقكردن لەگەڵ نوری مالكی، ئەو كارەش بە ئاشكرا دەكات و نایشارێتەوە. بەشێك لە پەرلەمانتارانی یەكێتی، كە هەندێكیان ئەندامی سەركردایەتین، بە پلەی جیاواز، بەهەمان ئاراستە كاردەكەن. سەرۆكی فراكسیۆنی گۆڕان و ئەندامانی ئەو فراكسیۆنە لە پەرلەمانی عێراق لەوە دەرچووە كە تەنیا رەئی بدەن، بەڵكو شەڕ دەكەن لە پێناوی مانەوە لەگەڵ عێراق. ئەوانە بەرژەوەندییەكانیان بەرژەوەندیی شەخسی و حیزبەكەی خۆیان و بارودۆخی بەغدا دەقۆزنەوە.

دیاردەی دووەم ئەوەیە لەم دواییەدا لە ئەنجامی باری تایبەتی (ئەگەر پێی بگوترێ) ئەو باڵەی كە بەرهەم ساڵح و دۆستەكانی و ئەو میدیایەی كە هەیەتی، جۆرێكی تر لە عێراقچیەتییان بە بێدەنگی پەیڕەو دەكرد، ئەوەش وردە وردە پەرەی سەند، ئاخرجار شاسوار عەبدولواحید، كە تاكو مانگێك لەمەوبەر بە بازرگانێك حیساب دەكرا، بایەخپێدانی میدیایشی هەیە (هەڵبەت ئەوە سیناریۆی، نە شاسوار بازرگانە و نە سەرمایەكەیش هی ئەوە)، بە هاوكاریی عێراق و لۆبیی ئێرانی و وەك دەگوترێ بە هەماهەنگیی بەرهەم ساڵح رێگەی بۆ كرایەوە، بچێ لە ئەمریكا

هەندێ لە سیناتۆر و خەڵکانێك ببینێ و دواتر بگەڕێتەوەو بە ئاشکرا بڵێ: من حیزبێك لە دژی ریفراندۆم دروست دەکەم (لە تیلیفزیۆنەکەی خۆیدا کە گوایە مینبەری بێلایەنی بوو، بڵێ: من لە دژی پرۆژەکەی بارزانی دەوەستم و دەبێ لەگەڵ عێراق بمێنینەوە. بەبێ ئەوەی بتوانێ باسی ئەوە بکات، ئەگەر لەگەڵ عێراق بمێنینەوە، کورد چ قازانجێك دەکات. ئەم واقیيعە پێی دەوترێت جۆرێك لە دابەشبوونی بزووتنەوەی سیاسی و تا لە مانگی ئەیلوول نزیك دەبینەوە، خێرایی زیاتر پەیدا دەکات و دەبێ چاوەڕێ بین کەسانی دیکەش بە شێوەی جیا جیا لەو ناوەندەدا دەربکەون.

من دیاردەی دابەشبوون و وابەستەیی بەرژەوەندیی شەخسی بە ئاسایی دەبینم و بەرەنگاربوونەوەشی بە کارێکی قورس نابینم. تەجرەبەی گەلی کورد لەگەڵ عێراق تەجرەبەیەکی تاڵە، وەك بارزانی هەمیشە لە ناوخۆ و دەرەوە دەیگێڕێتەوە، لە قۆناغەکانی ١٠٠ساڵی رابردوو عێراق تەنیا نەمانی بۆ گەلی کورد هێنا، کوردستان ئەگەر ئاوڕ لە سەد ساڵی رابردوو بداتەوە، لە سووتان و راگوازتن و کوشتن شتێکی تر نابینێ. ئاخیرجار بینیمان عێراق و ئێران و تورکیا و قەتەر دەستیان هەبوو لە پاڵپێوەنانی داعش بۆ کوردستان. ئەو شەڕەی کە سێ ساڵە بە مان و نەمان دەیکەین. ئەمانە پەندی بەهێزن و کورد دەتوانێ لەناوخۆیدا بە دەنگی بەرز باسیان بکات. مەبەستمە بڵێم کورد بڕیار بدات و متمانەی بە عێراق نەمێنێ و بگەڕێتەوە و بڕیاری سەربەخۆیی خۆی بدات.

باڵی خۆبەدەستەوەدەر (عێراقچی) بارودۆخی سەختی ئابووریی لە ناوخۆدا، کردووە بە بەڵگەیەك بۆ رای گشتی، کە گوایە مادام حکومەت ناتوانێ مووچە بدات، ئێمەش دەنگ بە سەربەخۆیی خۆمان نادەین! ئەمە قۆناغێکی سەختی نەزانییە کە رای گشتی کوردستانی تێدایە. هەروەها کاریگەرێتیی ئەو چەواشە و دابڕانە سیاسی و ئەو تەنگەژە سیاسییەیە کە من ئاماژەم پێکرد. ئەم تەنگژە سیاسییە داماوەی کە باسم کرد، ئەم خیتابەی بۆ میللەتی خۆی پێیە، بۆ ئەوەی بەرەنگاری حکومەتی کوردستان ببنەوە کە دەیەوێ بەرەو سەربەخۆیی بڕوات. «مووچە لە بەرامبەر چارەنووسدا»! نەوەکانی دوایی بە گاڵتەوە ئەم قۆناغە دەگێڕنەوە. چۆن میللەتێك چارەنووسی خۆی دەکاتە بارمتە لە بەرامبەر بێدەرامەتیی حکومەتەکەی خۆیدا کە جارێ ناتوانێ مووچە بە تەواوەتی بدات؟! ئەو مووچەیەی کە حکومەتی عێراق بڕیویەتی، چۆن دەبێ پاساوی گەڕانەوە بێ بۆ ئەو عێراقەی کە مووچە و بودجەکەی بڕیوە و داعشی بە گژدا کردووین، رێگەشی نەدەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چەکمان بۆ بنێرێ؟ ئەمانە پرسیاری زۆر سادەن، بەڵام لە راستیدا واقیعێکی تاڵ نیشان دەدەن، ئەویش ئەوەیە کە لەناو وشیاریی نیشتمانی و نەتەوەیی ئێمەدا درز هەیە. ئەم درزە هەندێکی وەك ئاماژم پێکرد، درێژبوونەوەی مێژوویی هەیە و هەندێکی تریش هی بێدەسەڵاتی و نائامادەیی بزووتنەوەی سیاسییە لەخۆئامادەکردن و لە ئامادەکردنی رای گشتی بۆ ئەوەی بتوانێ قۆناغەکە بە بێ کێشە تێپەڕێنێ.

لە کۆتاییدا ئەوەی من دەیڵێم دیاردەیە لەناو کوردستاندا، بەڵام دیاردەیەکی هەمەگیر نییە.، بۆیە ئەگەر گفتوگۆ و بانگەشەی سەربەخۆیی و بەشداریکردن لە ریفراندۆمدا بە جددی دەست پێ بکەین و حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوان بێت، ئەو خیتابەی سەرۆك بارزانی دایڕشتووە، خیتابێکی واقیعبینانەیە و ژیانی بۆ داهاتووی کوردستان تێدایە، سەربەخۆییەکە لەسەر ئەساسێکی واقیعی دابین دەکات و میللەتی کوردستان ئەم قۆناغە سەختە، بە خێرایی و بە ئاسانی تێدەپەڕێنێ و لە داهاتوودا دەبێتە دەوڵەتێك لە دەوڵەتانی ناوچەکە کە ئیرادەی خۆی بەدەستی خۆی دەبێ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش ناچاردەبێ دانی پێدا بنێ. ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ و بە نەفەسێکی گەرم کاری لەسەر بکەین، بەڵام بە پشوویەکی سارد گفتوگۆ لەگەڵ ئەو لا باڵە تەنگەژەدارە بکەین کە مووچە و کەموکوڕییە ئیدارییەکان دەکاتە بەڵگە بۆ لەناوبردنی سەربەخۆیی. ئەم بانگەشەیەی تەرەفی موقابیل مەنتقی تێدا نییە، ئینفیعالی تێدایە و لەهەمان کاتدا خیتابی باڵێك، یان بەشێك لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانە کە بە دەست تەنگەژەی ناوخۆییەوە دەناڵێنێ، بۆیە ناتوانێ بە مەنتقی بیربکاتەوە و بە مەعقوولی داهاتوو ببینێت. ئەوەی بە مەعقوولی داهاتوو دەبینێ و توانای سەرکردایەتیی وڵاتی هەیە، بۆ ئەوەی ناخۆشییەکان تێپەڕێنێ، بارزانی و هاوکارەکانیەتی لەناو حیزبەکانی تری کوردستان. من پێموایە دەبێ بەم شێوەیە تەماشای ئەم قۆناخە بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بەئاسانی لێی دەرچین.





# ئیرادەی گەلی کوردستان

## ٢٥ی ئەیلوول دەکاتە کاتی گونجاو بۆ بڕیاردانی سەربەخۆیی

«ریفراندۆم بۆ گەلی کوردستان، ئەو دەرفەتەیە بۆ ئەوەی کوردیش هاوشێوەی گەلانی دیکە یەکسانی و هاوسەنگی بەدەست بهێنێت، ئەم مافە لە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ چەسپێندراوە و ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەوەیە کە پەیوەندیی دۆستانە لەسەر بنەمای پرەنسیپ و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و ئاشتی و دیموکراتی و سەقامگیری لەنێوان نەتەوەکان دروست بکات.
ئێوە خۆشتان گەواهی ئەوەمان بۆ دەدەن کە ئێمە لە عێراقدا وەک هاووڵاتی بە یەکسانی مامەڵەمان لەگەڵ نەکراوە، تەنانەت هەر لەم پەنێڵەدا چەند بەڕێزێک پێش من قسەیان کردو ئاماژەیان بەو زوڵم و پێشێلکاری و توندوتیژییە کرد کە دەرهەق بە کورد کراوە. بۆیە ئێمە ناتوانین لە دوورەوە رابوەستین و هیچ نەکەین. بۆیە ئێمە دەڵێین کاتی ئەوە هاتووە کوردستان ریفراندۆم ئەنجام بدات، ئەوانەشی لەگەڵ کاتەکە نین، با پێمان بڵێن کەی کاتی گونجاوە. پرسیاری ئێمە ئەوەیە بۆچی کاتێک ئێمە کۆمەڵکوژ و کیمیاباران کراین، کەس نەبوو بڵێت ئێستا کاتی کوشتن نییە؟
کاتێک سەدام و رژێمەکەی کۆتایی هات، پێیان گوتین کاتەکە بۆ سەربەخۆیی گونجاو نییە، کە داعشیش هات گوتیان کاتەکەی بۆ سەربەخۆیی گونجاو نییە، ئێستاش کە داعش لە رووی سەربازییەوە تێکشکاوە، دیسان پێمان دەڵێن کاتەکەی گونجاو نییە، ئێمە دەمانەوێت بزانین ئەو کاتە گونجاوە کەی دێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم هەرگیز ئەو کاتە گونجاوە نایەت، ئەگەر خۆمان دروستی نەکەین، بۆیە پێموایە ئێستا کاتەکەی هاتووە و نزیک بۆتەوە. هەر بۆیە پێویستە خەڵکی کوردستان بڕیاری خۆی بدات و ئێستا ئەو کاتە گونجاوەیە کە پێویستە بڕیار بدەین و هاوشانی نەتەوەکانی دیکە ئەو مافە پیادەبکەین، بۆیە ئێمە دەڵێین کاتی ئەو بڕیاردانە هاتووە.
سیاسەتی عێراقی بە درێژایی ١٠٠ساڵی رابردوو سەرکەوتوو نەبووە، لە

● **مسرور بارزانی**
**نوێنەری نەتەوەکەی لەناو کۆنگریسی ئەمریکادا**

مستەفا بارزانی لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٦ لە تەلاری رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ کە بەرامبەر تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکانە لە نیویۆرك ئەو پەیامەی بە جیهان راگەیاند کە ئاڵای هەموو نەتەوەکانی جیهان لە بارەگای رێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەشەکێتەوەو تەنیا ئاڵای کوردستانی تێدا نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە، مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٧٦ بە رێکخراوی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی راگەیاندووە، ئەگەر ئێوە پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن، بۆچی بێدەنگن لە ئاستی نەتەوەیەك کە تەنانەت لە سەرخاکی خۆیشی مافی هاووڵاتیبوونی پێ رەوا نابینن؟

دوای ٤١ ساڵ بەسەر ئەم پەیامەی مستەفا بارزانی-دا، ئەمجارەیان مسرور بارزانی لە رۆژی ٢٨ی تەموزی ٢٠١٧ لەناو تەلاری کۆنگرێسی ئەمریکا لە واشنتۆن و لە بەردەم ئاڵای کوردستان وئەمریکادا، بە هەموو جیهانی راگەیاند ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و پێویستە گەلی کوردستان بڕیاری خۆی بدات.

ئایندەشدا سەرکەوتوو نابێت، بۆیە پێویستە ئەم سیاسەتە کۆتایی بێت، ئەگەر بە هەمان شێوەی رابردوو بیربکەینەوە، بارودۆخەکە خراپتر دەبێت و هەمان هەڵە دووبارە دەبێتەوە. بۆیە ئەمجارە چارەسەرێکی ئاشتیانەمان هەڵبژاردووەو دەمانەوێت بە شێوەیەکی ئاشتیانە کێشەکان چارەسەر بکرێت و پرسەکانی نێوانمان لەگەڵ بەغدا تاوتوێ بکەین. بۆ ئەمەش پێویستمانە دڵنیاییمان هەبێت کە جیهان رێز لە خواستی گەلی کوردستان دەگرێت، بۆ ئەمەش پێویستە ریفراندۆم ئەنجام بدەین، ئاکامی ئەم ریفراندۆمەش دەبێتە بنەمایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بۆ ئەوەی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا دەست پێ بکەین.




کوردستان تەنیا شوێنە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ئومید دەکرێت دیموکراسی و ئاشتی و سەقامگیری و وەبەرهێنانی تێدا بێتەئاراوە، داوای پاڵپشتی لە ئەمریکا و هەر تاکێکی ئێوە دەکەین، جارێکی دیکە دەیڵێینەوە، ئێمە باوەڕمان وایە ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی گەلی ئێمە بڕیاری خۆی بدات و ئێستا کاتی ئێمەیە.»

•••

بەشێک لە وتەکانی مسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی کۆنگرێستی ئەمریکا

داوای لێکردن کە ئەمریکا و جیهانیش رێز لە بڕیار و خواستی گەلی کوردستان بگرن.

موحسین دزەیی سیاسەتمەداری ناسراوی کوردستان دەربارەی هەوڵەکانی مستەفا بارزانی بۆ کۆکردنەوەی پشتگیریی نێودەوڵەتی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دەڵێت: مستەفا بارزانی دوای ئەوەی لە سۆڤیەت گەڕایەوە، گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە بە هۆی بارودۆخی شەڕی ساردەوە، یەکێتی سۆڤیەتی پێشان پشتگیری لە سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان ناکات، هەر بۆیە هەموو هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە بوو کە پشتگیریی ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەدەست بهێنێت، سەبارەت بەم هەوڵانە، د.شەفیق قەزاز کە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو قوتابی زانکۆی ئەمریکی بووە لە واشنتۆن، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، بۆی گێڕاینەوە کە ئەو لەلایەن مستەفا بارزانی-یەوە راسپێردرابوو کە هەموو هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی لەناوەندە دیپلۆماتییەکانی ئەمریکادا دۆست بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان پەیدا بکات، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی سەختی شەڕی سارد و ئەو پیلانە نێودەوڵەتییەی لە ساڵی ١٩٧٥ لەدژی کورد ئەنجامدراو

**مسرور بارزانی لەناو تەلاری کۆنگرێسی ئەمریکا: ئێمە دەڵێین کاتی ئەوە هاتووە کوردستان ریفراندۆم ئەنجام بدات، ئەوانەشی لەگەڵ کاتەکە نین، با پێمان بڵێن کەی کاتی گونجاوە. پرسیاری ئێمە ئەوەیە بۆچی کاتێک ئێمە کۆمەڵکوژ و کیمیاباران کراین، کەس نەبوو بڵێت ئێستا کاتی کوشتن نییە؟**

**مستەفا بارزانی لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٦ لە تەلاری رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ کە بەرامبەر تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکانە لە نیۆیۆرک ئەو پەیامەی بە جیهان راگەیاند کە ئاڵای هەموو نەتەوەکانی جیهان لە بارەگای رێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەشەکێتەوەو تەنیا ئاڵای کوردستانی تێدا نییە**

**مسرور بارزانی کاتێک لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، قوتابی بوو لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن، هەستی بەوە کردبوو، دروستکردنی پەیوەندییەکی تۆکمە لەگەڵ ئەمریکا و رۆژئاوا بەو ئاستەی مستەفا بارزانی ئومێدی بۆ خواستووە، پێویستی بە وەرچەرخانێک هەیە لە شێوازی ئەو میکانیزمەی ژێرخانی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی بۆ دروست دەکرێت**

نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی بەسەردا هات، ئیدی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان ئەو دەرفەتەی لەبەردەمدا کەم بووەوە کە بتوانێت پشتگیرییەکی گەورەی نێودەوڵەتی بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دروست بکات، ئەمە درێژەی کێشا، هەتا راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کە جارێکی دیکە دەروازەیەك بۆ کوردستان کرایەوە بۆ ئەوەی هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە بخاتەوەگەڕ کە پێشتر مستەفا بارزانی هەوڵی بۆ دابوو.

مسرور بارزانی کاتێك لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، قوتابی بوو لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن، هەستی بەوە کردبوو، دروستکردنی پەیوەندییەکی تۆکمە لەگەڵ ئەمریکا و رۆژئاوا بەو ئاستەی مستەفا بارزانی ئومێدی بۆ خواستووە، پێویستی بە وەرچەرخانێك هەیە لە شێوازی ئەو میکانیزمەی ژێرخانی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی بۆ دروست دەکرێت، بۆ ئەمەش بیری لەوە کردەوە، شێوازی پەیوەندیی تازەی کورد لەگەڵ رۆژئاوا و ئەمریکا پێویستی بە فراوانکردنی بازنەی پەیوەندییەکان هەیە، بەجۆرێك کە ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە و زانکۆکانیش بگرێتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە ژێرخانێك بۆ وجوودی کوردو کوردستان لەناو رای گشتیی رۆژئاواو ئەمریکادا. بۆ جێبەجێکردنی ئەم شێوازە نوێیەش بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی تازەی کورد لەگەڵ رای گشتی رۆژئاوا و ئەمریکادا، هەنگاوی یەکەمی لەساڵی ١٩٩٩ بە کردنەوەی مەڵبەندی مستەفا بارزانی لەناو سەنتەری ئاشتی بۆ جیهان لە زانکۆی ئەمریکا دەستی پێکرد، یەکەم کاری ئەم مەڵبەندەش کۆنفرانسێك بوو بە ناونیشانی (کورد و گەڕان بەدوای ناسنامەدا)، ناونیشانی ئەم یەکەمین کۆنفرانسی مەڵبەندی مستەفا بارزانی پێی گوتین، کورد نەتەوەیەکە بەسەر چوار دەوڵەتەدا دابەشکراوەو هەموو ئامانجی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان و سیاسەتی نێودەوڵەتی هەتا ئێستا بەو جۆرە بووە کە ناسنامەی کورد بتوێنەوە و کورد خاوەنی ناسنامە و خاك و دەوڵەت خۆی نەبێت.

کەواتە ئەم باکگراوەندە کورتە ئەوەمان پێدەڵێت کە مسرور بارزانی ماوەی نزیکەی ٢٠ ساڵە لە هەوڵی ئەوەدایە کورد بە ناسنامەی راستەقینەی خۆیەوە لەناو رای گشتی ئەمریکا و رۆژئاوا بوونی هەبێت و ئێستاش کە بەدەنگی بەرز و بوێرانە خواست و ئامانجی نەتەوەکەی لەناو کۆنگرێسەوە بە هەموو جیهان رادەگەیەنێت، مانای ئەوەیە دۆستەکانی کورد لە ئەمریکا گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە بۆ بەرژەوەندیی کورد و کوردستان پشتگیری خۆیان لەناو کۆنگرێسەوە رابگەیەنن و زەمینە بۆ کاریگەریی ئەو پشتگیرییە لەسەر سیاسەتی ئەمریکا دروست بکەن.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧وە کە ئیدارەی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ دەستبەکار بووە، هەموو ئاماژەکان بەوجۆرەن کە گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێتەئاراوە. بۆیە مسرور بارزانی وەك نوێنەری نەتەوەکەی چەندین جار سەردانی واشنتۆنی کردووەو لەگەڵ ستاقی ئیدارەی ترەمپ کۆبۆتەوە و زۆر بە لێهاتوویی و زیرەکانە بارودۆخی ئێستای کوردستان و ئایندەی کوردستانی بۆ روون کردوونەتەوەو هەوڵیداوە بۆ ئەوەی کوردستان وەك هاوپەیمانێکی ستراتیژی و پشت پێ بەستراو لە سیاسەتی ئەمریکادا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆ ئەمەش وەك لە کۆنفرانسەکەی هەینی رابردووی کۆنگرێس بینیمان، کە ئەو هەموو دۆستە لەو کۆنفرانسە ئامادە بن و بەو ئاستە بەرزە بەرگری لە مافی کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە، مسرور بارزانی نوێنەرێکی راستگۆ و بوێر و لێهاتووی نەتەوەکەیەتی و توانیویەتی بەرگرییەکی تەواو لە خواست و ئامانجی نەتەوەکەی بکات.

**● کوردستان ٢٤ و واشنتۆن تایمز دروستکردنی پردێك لەگەڵ کۆنگرێسدا**

ئەو هەماهەنگی و کارە هاوبەشەی ئەمجارە لەنێوان کەناڵی کوردستان ٢٤ و رۆژنامەی بەناوبانگی واشنتۆن تایمز لەسەر پرسی ریفراندۆم و رەوایەتیی سەربەخۆیی کوردستان بینیمان، لە مێژووی رۆژنامەگەری کوریدا کارێکی بێ وێنەیە بوو، ئەمەش نەك تەنیا لەبەر ئەوەی پێکەوە هەماهەنگییان کردووە کە کۆنفرانسێك لەناو تەلاری کۆنگرێسی ئەمریکا گرێ بدەن،

بەڵکو بەدەرکردنی پاشکۆیەکی تایبەت لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان و بەشداری پێکردنی بەشێکی زۆری لە دۆستەکانی کوردستان لەناو سیاسەت و دیپلۆماتییەتی ئەمریکادا، پاشانیش گواستنەوەی راستەوخۆی کۆنفرانسەکەی کۆنگرێس لەلایەن کەناڵی کوردستان ٢٤ هەروەها بە شێوەی ئۆنلاین لەسەر سایتی بەناوبانگی رۆژنامەی واشنتۆن تایمز، ئەمەشیان هەتا ئێستا رووداوێکی بێ وێنەیە لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردستان و ناوچەکەدا، راستە کەناڵی ئەلجەزیرە و ئەلعەرەبییە لەسەر کۆمەڵێك پرسی تایبەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەندێك کاری هاوبەشیان لەگەڵ سەنتەرە بەناوبانگەکانی وەك برۆکینگز و کارینجی و سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئەمریکا پێکەوە کردووە، بەڵام کارە هاوبەشەکانیان لەناو لقێکی هەمان سەنتەر بووە لەناوچەکە، بەڵام ئەم کارە هاوبەشەی کوردستان ٢٤ و واشنتۆن تایمز کارێکی هاوبەش بوو لەناو تەلارێکی گرنگی بڕیار دروستکردن لە ئەمریکادا و پێشکەشکردنی مەلەفێکی گەورەی زانیاری بوو لەسەر ئاکامە ستراتیژییەکانی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا و پیشاندانی بایەخی کوردستان بوو وەك دەوڵەت و وەك هاوپەیمانێکی ستراتیژی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

لێرەوە گرنگە هەڵوەستەیەکی جددی لەسەر پاشکۆیەکەی رۆژنامەی واشنتۆن تایمز لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان بکەین، لەبەر ئەوەی ئەم پاشکۆیە و ئەو نووسینانەی لەم پاشکۆیەدا لەماوەی ئەو چەند رۆژە بڵاوکراونەتەوە، بە دیدێکی ئەمریکی و رۆژئاوایانە پرسی سەربەخۆیی کوردستان هەڵسەنگێندراوەو خراونەتە بەردەم رای گشتیی ئەمریکا و رای گشتیی ئەمریکا و رۆژئاوا لەو راستییانە ئاگادار کراوەتەوە کە پشتگیریکردن لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان تەنیا ئەوەندە نییە ئەمریکا و رۆژئاوا پشتگیری لە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت دەکەن، بەڵکو بەو جۆرە خراوەتەڕوو کە دەوڵەتی کوردستان دەبێتە کۆڵەگەی سەرەکیی راستکردنەوەی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دیاریشە ئەوانەی ئاگاداری سیاسەتی نێودەوڵەتین، دەزانن پاشاگەردانی و ئاڵۆزییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ بەربەستێکی گەورەی بۆ شکۆ و پێگەی ئەمریکا لە جیهان و بۆ مانەوەی سیستمی جیهانی دروستکردووە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کاتێك رۆژنامەیەکی بەناوبانگ و دێرینی وەك واشنتۆن تایمز بایەخێکی لەو جۆرە بە پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەدات، ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە، پرسی سەربەخۆیی کوردستان و گرێدانەوەی بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە، بەشێکی فراوان لە رای گشتیی ئەمریکا و رۆژئاوا و جیهان داگیردەکات.

بۆ ئێستای دووبارە دارشتنەوەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران، وەك دیپلۆماتکار و سیناتۆرەکان لە میانەی پەنێڵەکانی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە جەختی لەسەر دەکەنەوە، هەتا ئێستا سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ شەڕی دژی داعش و دوای داعش و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، هەر لەگەڵاڵەکردندایەو نەبۆتە سیاسەتێکی دارێژراو بۆ ئەوەی ئیدارەی ترەمپ بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتوو پیادەی بکات، هەر بۆیە کاتێك لە ئەمریکییە بەشداربووەکانی کۆنفرانسەکەی کۆنگریس راشکاوانە گوێبیستی ئەوە دەبووین کە خۆیان رەخنەیان لە سیاسەتی حکومەتی ئەمریکا دەگرت، بەوەی نابێت چیدیکە پێداگیری لەسەر (سیاسەتی یەك عێراق) لە سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکی بەرامبەر عێراق بکرێتەوە، ئەمە مانای ئەوەیە، ئەم بۆچوونانە تێکەڵی سیاسەتی داهاتووی ئەمریکا بەرامبەر عێراق دەبێت، لەسەر بنەمای واقیعی تازەش مامەڵە لەگەڵ عێراقی پۆست داعش دەکرێت.

## ● دەوڵەتی کوردستان وەك راستکردنەوەی باڵانسی هێز لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لەساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ ئەو کاتەی شەڕی ناوخۆی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە گەیشتە لوتکە و مەزاری ئیمامی عەسکەری تەقێندرایەوە، باڵیۆز پیتەر گالبرێس کتێبێکی بە ناونیشانی (کۆتایی عێراق) بڵاوکردەوەو لە هەمانکاتیشدا ستیفن بیدڵ توێژەر و ئەکادیمی

**مسرور بارزانی ماوەی نزیکەی ٢٠ ساڵە لە هەوڵی ئەوەدایە کورد بە ناسنامەی راستەقینەی خۆیەوە لەناو رای گشتی ئەمریکا و رۆژئاوا بوونی هەبێت و ئێستاش کە بەدەنگی بەرز و بوێرانە خواست و ئامانجی نەتەوەکەی لەناو کۆنگرێسەوە بە هەموو جیهان رادەگەیەنێت، مانای ئەوەیە دۆستەکانی کورد لە ئەمریکا گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە بۆ بەرژەوەندی کورد و کوردستان پشتگیری خۆیان لەناو کۆنگرێسەوە رابگەیەنن و زەمینە بۆ کاریگەریی ئەو پشتگیرییە لەسەر سیاسەتی ئەمریکا دروست بکەن**

**د.شەفیق قەزاز کە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو قوتابی زانکۆی ئەمریکی بووە لە واشنتۆن، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، بۆی گێڕاینەوە کە ئەو لەلایەن مستەفا بارزانی-یەوە راسپێردرابوو کە هەموو هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی لەناوەندە دیپلۆماتییەکانی ئەمریکادا دۆست بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان پەیدا بکات**

# سیمپۆزیەمی هەرێمی کوردستان: هاوپەیمانێکی ستراتیژیی ئەمریکا لە دەوروبەرێکی سەختدا

**رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٨ی ٧ی ٢٠١٧ لە بینایەی کۆنگرێس، رەیبێرن هاوس ئۆفیس، لە واشنگتۆنی پایتەخت لە ئەمریکا سیمپۆزیەمێک بۆ بەڕێزان مسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایش، و نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووک، و بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا ساز کرا. سیمپۆزیەمەکە بە ناونیشانی «هەرێمی کوردستان: هاوپەیمانێکی ستراتیژیی ئەمریکا لە دەوروبەرێکی سەختدا» بوو کە لە لایەن کوردستان ٢٤ و واشنگتۆن تایمز ساز کرابوو.**

**«ئامانجی ئێمە بریتییە لە گواستنەوەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ سەربەخۆیی و هیوادارین و پێشبینی دەکەین بەغداد بۆ ئەم مەبەستە کارمان لەگەڵ بکات»، مسرور بارزانی ئاوای وت لە وتارەکەیدا لە کۆنگرێس و جەختی کردەوە لەوەی گەلی کوردستان خۆی بڕیاری داوە لەوەی ریفراندۆم بکات، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانیش رێز لەو بڕیارەی گەلی کوردستان دەگرێت.**

**سیمپۆزیەمەکە لە کاتژمێر ٩ ی بەیانی دەستی پێکردو تا ٤ی ئێوارە بەردەوام بوو، ژمارەیەکی زۆریش لە ئەندامانی کۆنگرێس، و چاودێر و پسپۆڕانی سیاسی و میدیاکار و پسپۆڕانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەروەها ڕەوەندی کوردی ئامادەی بوون.**

**بەڕێز مسرور بارزانی، راوێژکاریی ئەنجومەنی ئاسایش، وتاری دەستپێکی پێشکەش کردو تیشکی خستەسەر سووربوونی گەلی کوردستان لە بەڕێوەبردنی ریفراندۆم و دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کردەوەو وتی: «هەندێک کەس دەڵێن سەربەخۆیی کوردستان، عێراق ناسەقامگیر دەکات، بۆچی عێراق کەی سەقامگیر بووە؟»**

**سیمپۆزیەمەکە لە چوار پانێڵ پێکهاتبوو، کە کۆنگرێسمان و پسپۆڕ و ئەکادیمی و نوێنەری ئێزیدی و تورکمانی لەخۆگرتبوو.**

**پانێڵی یەکەم بە ناونیشانی «ئاسایشی کوردستان: شەڕی دژی داعش، هاوپەیمانی ستراتیژی ئەمریکی و ژینگەی پاش داعش» بوو، کە بەڕێزان ژەنەڕاڵ رۆناڵد گریفیس و ژەنەڕاڵ جەی گارنەر و ژەنەڕاڵ ئێرنی ئۆدینۆ وتاریان تێدا**

ستراتیژی وتارێکی لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بەناونیشانی (کاتێك بەغدا دەبینین. سایگۆنمان بیردێتەوە) بڵاوکردەوە، ئەم دوو بابەتە بۆ رای گشتیی ئەمریکا یەك مانایان هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئەمریکا ئەمجارەش شەڕی عێراقی وەك شەڕی ڤێتنام دۆڕاندووە.

بۆ رێگرتن لەوەی بە هەر نرخێك بێت ئەمریکا شەڕەکەی عێراق نەدۆڕێنێت، سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش، بڕیاری بەپەلەی ناردنی هێزی زیاتر (Surge)ی بۆ عێراق دەرکردو هەوڵیدا ئەو هۆزە عەرەبانەی سوننە کە پشتگیری رێکخراوی قاعیدەی عێراقیان دەکرد، بیانکات بە گژی ئەو رێکخراوەدا، بۆ ئەمەش هێزێکی بەناوی هێزی (سەحوە) بۆ عەرەبی سوننەی عێراق دروستکرد و توانرا رێکخراوی قاعیدە تێکبشکێندرێت و سەقامگیرییەکی رێژەیی بۆ عێراق بگەڕێتەوە، لەم پێناوەشدا هاوکاری و پشتگیرییەکی گەورەی عێراق کرا، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی سوپایەکی مۆدێرن و هێزێکی ئاسایشی بەهێز و بتوانێت پارێزگاری لە سەقامگیریی عێراق بکات، بەڵام بە هاتنی سەرۆك ئۆباما و هەوڵدانی بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەك بێت هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق پاشەکشە پێبکات، ئەوا ئەو سەرکەوتنەی ئەمریکا لەماوەی سالانی ٢٠٠٨- ٢٠١١

پێشکەش کردو جەختیان لەوە کردەوە کە داعش و ئایدیۆلۆجیاکەی هەرگیز نەیتوانیوە ئاڵا ڕەشەکەیان لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان بەرز بکەنەوە. لە کۆتایی پانێڵەکەشدا ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکی جۆو ویڵسن وتارێکی پێشکەش کردو جەختی لە پشتگیریی کوردستان کردەوە.

پانێڵی دووەم بە ناویشانی «ئایندەی کوردستان، ریفراندۆم و سەربەخۆیی» بوو، کە بەڕێزان دکتۆر نەجمەدین کەریم و باڵیۆز پیتەر گالبریس و دکتۆر برێندان ئۆلێری و پەرلەمانتار شێخ شامۆ نامۆ وتاریان پێشکەش کرد. لە کۆتایی پانێڵەکەشدا کۆنگرێسمان ترێن فرانکز وتارێکی پێشکەش کرد و پشتگیریی خۆی لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی ڕاگەیاند.




پاشان بەڕێز مسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم وتارێکی پێشکەش کردو هەروەها وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژنامەوان و ئامادەبووانی دایەوە. ئنجا کۆنگرێسمان ستیڤ کینگ وتارێکی پێشکەش کرد و پشتگیریی خۆی بۆ کوردستان دووبارە کردەوە.

پانێڵی سێیەم بە ناونیشانی «دەرفەتەکانی ئابووری و گەشەسەندن» بوو، کە بەڕێزان بەیان سامی عەبدولڕەحمان و ستیڤ لۆتز و دێڤید تێفوری و دۆگلاس لێیتن وتاریان پێشکەش کرد.

دواین پانێڵ، واتە پانێڵی چوارەم بە ناونیشانی «پەناگەی ئارام بۆ کەمە نەتەوەیی و کەمە ئایینییەکان» بوو، کە تێیدا بەڕێزان پەرلەمانتار ڤیان دەخیل و جەودەت ئەلنەجارِ و باوکە دۆگلاس یوسف ئەلبازی و خانم ناۆمی کیکۆلەر و جێرمی بارکەر وتاریان پێشکەش کرد.

جێی سەرنجە زیاتر لە ٢٠٠ کەس ئامادەی سیمپۆزیەمەکە بوون و ژمارەی ڕۆژی هەینی ٧/٢٨ی واشنتگۆن تایمز تایبەت بوو بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان.

بەدەستی هێنابوو، جارێکی دیکە نوری مالیکی توانی بیگێڕێتەوە بۆ ساتە خوێناوییەکانی شەڕی سوننە و شیعە لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا، بۆیە ئەمجارەیان لە ساڵی ٢٠١٤ بە سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و پاشانیش بە خۆبەدەستەوەدانی زیاتر لە پێنج فیرقەی سوپای عێراق و پۆلیسی فیدراڵی بە تەواوەتی عێراق کۆتایی هات.

لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەمریکا عێراقی لە تیرۆریستانی قاعیدە ڕزگار کردو تەسلیمی عەرەبی شیعەی کردو پاشانیش بووە دیارییەکی بەلاش لەسەر سینییەکی زێڕ بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، وەك ئێستاش دەبینین عێراق لە کۆتایی شەڕی داعش، نەك هەر بۆتە دیارییەکی بەلاشی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵکو کۆماری ئیسلامی ئێران و هێزەکانی حەشدی شەعبی پرۆ ئێرانی، نکۆڵی لە ڕۆڵی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لەم سەرکەوتنە دەکەن و خۆیان بە خاوەنی شەڕی تێکشکاندنی داعش دەزانن و وەك غەنیمەی ئەو شەڕەش مامەڵە لەگەڵ عێراقی دوای داعش دەکەن.

لەسەر ئەم واقیعەی کە ئێستا لە عێراقدا بوونی هەیە، ئەو خەڵکانەی بەشداری

کۆنفرانسەکەی کۆنگرێس بوون، سەبارەت بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، بەشی هەرە زۆریان چ وەك دیپلۆمات و چ وەك فەرماندەی سەربازی کاریان لە عێراقدا کردووە و کوڕ و کچ و کەسوکاری نزیکیان لەشەڕی عێراقدا بوونە قوربانی، بۆیە کاتێك دەهاتنە سەر باسکردنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەو عێراقدا، جەختی تەواویان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە بەشە عەرەبییەکەی عێراق ئێستا بۆتە غەنیمەی شەڕ بەدەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوەو ئەگەر ئەمریکا بیەوێت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ عێراقی دوای داعش بکات و هەمان هەڵەی ئیدارەی سەرۆك ئۆباما دووبارە نەبێتەوە، ئەوا دەبێت ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ دەستبەرداری سیاسەتی (یەك عێراق) بێت و سیاسەتێکی راست و دروست بەرامبەر کوردستان پیادە بکات و پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان بکات.

پرۆفیسۆر رای تەکیە کە یەکێکە لە توێژەرە باڵاکانی سەنتەری ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکاو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەری کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە، لە پەنێلێکدا کە ئەم مانگە ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەحەددییەکانی ئێران لەناوچەکە رێکیخستبوو، راشکاوانە دەستی خستە سەر کرۆکیی کێشەکە و رایگەیاند، کاتێك کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێتە هەڕەشە لەسەر سعودیەو دەوڵەتانی کەنداو و لوبنان و ئیسرائیل، ئەوا ئەو رەفتارانەی کۆماری ئیسلامی ئێران راستەوخۆ تەحەددایە بۆ شکۆ و پێگەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەوڵدانە بۆ لێدانی بنکە سەربازییەکان و بەرژەوەندییە ژیارییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بۆیە کاتێك ئێران دەبێتە ئەو هەڕەشەیەی کە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لاواز بکات، ئەوا خۆی لە خۆیدا هەوڵدانە بۆ لێدانی شکۆ و نفووز و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا.

لەم چوارچێوەیەدا ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ هەموو هەوڵەکانی خۆی چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ سیاسەتی خۆی بەرامبەر ناوچەکە دابڕێژێتەوە و سنوورێك بۆ هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دابنێت، بەڵام وەك پسپۆڕان و توێژەران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئەگەر ئەم سیاسەتە تازەیەی ئەمریکا هۆکارێکی گرنگ نەبێت بۆ بەهێزکردنی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا، ئەوا چەند هەوڵبدرێت سەرەنجام بێ ئاکام دەبێت و پاشانیش بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەر لەبەردەم هەڕەشە و مەترسیدا دەبێت.

لە وردەکاری و خوێندنەوەی ئەم چوارچێوەیە بۆ سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باڵادەستبوونی نفووز و پێگەی کۆماری ئیسلامی لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا، وەك سەرچاوەی سەرەکیی تەحەدداو هەڕەشە و تێکچوونی هاوسەنگیی هێز لەسەر ئاستی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیردەکرێت، ئەگەر عێراق بەمشێوەی ئێستا وەك پاشکۆی سیستمی ئێرانی بمێنێتەوە، ئەوا لەلایەك هاوپەیمانەکانی ئەمریکا هەر لە ژێر هەڕەشەدا دەمێننەوەو لاواز دەبن بەرامبەر هەوڵە فرانخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە لایکی دیکەشەوە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەبەردەم مەترسیدا دەبێت. کەواتە ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێدەڵێت، هەنگاوی یەکەم بۆ راستکردنەوەی باڵانسی هێز و دووبارە گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە لە عێراقی دوای داعشەوە دەست پێ دەکات، بەڵام واقیعی عێراقی دوای داعش بە جۆرێك کۆماری ئیسلامی ئێرانی تێکەڵی پرۆسەی سیاسیی عێراق کردووە کە زۆر زەحمەتە بتوانرێت ئەو هاوکێشەیە راست بکرێتەوە.

قۆناخی عێراقی عەرەبی دوای داعش، جیاوازترە لەهەموو قۆناخەکانی دیکەی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پێشتر کۆماری ئیسلامی ئێران وەك دەوڵەت لە دوورەوە کاریگەری لەسەر سیاسەتی عێراق هەبووە، بەڵام دوای دروستبوونی حەشدی شەعبی و بوونی بەشێکی گەورەی ئەم هێزە بە پاشکۆ و وەکیلی ئێران و رازینەبوون بە چوونە ژێر چەتری حکومەتی عێراق، وەك ئەوەی د.حەیدەر عەبادی دەیەوێت، ئەمە مانای ئەوەیە ئەم هێزەی حەشدی شەعبییە کە ئێران بە مەرجەعی خۆیان دەزانن، هەر لە ئێستاوە توانای ئەوەیان هەیە سوکانی پرۆسەی سیاسی بە خواستی خۆیان بسووڕێنن، پاشانیش ئەگەر

**مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٧٦ بە رێکخراوی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی راگەیاندووە، ئەگەر ئێوە پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن، بۆچی بێدەنگن لە ئاستی نەتەوەیەک کە تەنانەت لە سەرخاکی خۆیشی مافی هاووڵاتیبوونی پێ رەوا نابینن؟**

**ئەگەر عێراق بەمشێوەی ئێستا وەک پاشکۆی سیستمی ئێرانی بمێنێتەوە، ئەوا لەلایەک هاوپەیمانەکانی ئەمریکا هەر لەژێر هەڕەشەدا دەمێننەوەو لاواز دەبن بەرامبەر هەوڵە فرانخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە لایەکی دیکەشەوە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەبەردەم مەترسیدا دەبێت**

**پرۆفیسۆر رای تەکیە راشکاوانە دەستی خستە سەر کرۆکیی کێشەکە و رایگەیاند، کاتێک کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێتە هەڕەشە لەسەر سعودیەو دەوڵەتانی کەنداو و لوبنان و ئیسرائیل، ئەوا ئەو رەفتارانەی کۆماری ئیسلامی ئێران راستەوخۆ تەحەددایە بۆ شکۆ و پێگەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەوڵدانە بۆ لێدانی بنکە سەربازییەکان و بەرژەوەندییە ژیارییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا**

ئەم بارودۆخە بەمشێوەیە درێژەی هەبێت، ئەوا لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا، حەشدی شەعبی پرۆ ئێرانی دەبنە بەشێکی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسی لە سەر ئاستی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا، لەم حاڵەتەشدا راستە بەناو حکومەتەکە حکومەتی عێراقە، بەڵام ئەو سیاسەت و سیستمەی کە لەو حکومەتەدا پیادە دەکرێت، کۆپی سیاسەت و سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەو دیپلۆمات و سیناتۆر و کۆنگرێسمانانەی راستەخۆ چاودێری بارودۆخی عێراقیان کردووە، یان لە عێراقدا کاریان کردووە، حیسابێکی ورد بۆ مەترسی و تەحەدداکانی ئێران لەدوای داعش لە عێراقدا دەکەن، هەر بۆیە تەنیا رێگە و مەخرەج بەوە دەبینن کە پێویستە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە سیاسەتی (یەك عێراقەوە) گۆڕانکاری بەسەردا بێت و پشتگیری لە سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان بکەن.

جیابوونەوەی ئاشتییانەی عێراق و کوردستان وەرچەرخانێکی سەیر لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقی پێش ٢٠١٤ دروست دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر کوردستان لە عێراق جیا ببێتەوە، ئەوا بۆ ئەمریکا پرۆسەکە ئاسانتر دەبێت کە بتوانێت نێوانی عەرەبی شیعە و سوننە باشتر رێکبخاتەوە. دیارە رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبی شیعە و سوننەش، پێویستی بە جۆرێك لە جیاکردنەوەی هێزەکانی شیعە و سوننە لە یەکتری هەیە و، دەبێت هێزەکانی حەشدی شەعبی بەتایبەتی هێزە پرۆ ئێرانییەکان لەناوچەکانی عەرەبی سوننە بکشێنەوەو ئاسایشی ئەو ناوچانە بدرێتەوە بە عەرەبی سوننە، ئەمەش لە بەرژەوەندی هەردوولایەنی عەرەبی شیعە و سوننەدا دەبێت، زەمینەیەکیش دەڕەخسێت کە ئایەتوڵا سیستانی بە فەتوایەکی دیکە هێزەکانی حەشدی شەعبی کەم بکاتەوە، یان هەڵیانبوەشێنێتەوە، بەمەش دەستی ئێران لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کەم دەبێتەوە و دەروازەیەك دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بە هاندانی عەرەبستانی سعودی عێراق لە رووی ئابووری و بازرگانییەوە زیاتر بە دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو گرێبدرێتەوە، بەمەش جارێکی دیکە عێراق لەناو سیاسەتی شیعەگەراییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو دەوڵەتانی عەرەبی بەتایبەتی دەوڵەتانی کەنداو، بەمەش جۆرێك لەهاوسەنگیی هێز لە نێوان دەوڵەتانی کەنداو و سعودیە لەلایەك و ئێران لەلایەکی دیکە دروست دەبێتەوە.

کۆماری ئیسلامی ئێران وەك دەوڵەتێکی گەورەو کاریگەر لەناوچەکە، باش دەزانێت ئەگەر عێراقی لەدەست بچێت، سیاسەتی مەدی شیعەگەرایی و هیلالی شیعەش کۆتایی دێت، بۆیە لەم روانگەیەوە زۆر بە ئاشکرا دژایەتیی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکات، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە ئێران لەوە ئاگادارە هەتا ئەگەر توانیشی رێگری لەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکات، ئایا سیاسەت و ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، بۆ عێراقی دوای داعش، رێگە بەوە دەدەن ئەمجارە عێراق بکەوێتە ژێر کاریگەری نفووزی ئێرانییەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئامادەبووانی کۆنفرانسەکەی کۆنگرێس دایانەوە، بەوەی کە ناکرێت هەمان هەڵەکانی رابردوو دووبارە بکەینەوە، مەبەستیشیان لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکانی رابردوو سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق، پابەندبوون و خۆبەستنەوە بووە بە سیاسەتی یەك عێراق و داکۆکیکردن لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی عێراق، هەر بۆیە ئەگەر ئەمریکا بیەوێت دووبارە سیاسەتی خۆی بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژێتەوە، ئەوا دەبێت پێش هەموو شت بیر لە بەهێزکردنی هاوپەیمانەکانی و دروستکردنی هاوپەیمانی تازە لە ناوچەکەدا بکاتەوە، بێگومان کوردستانیش کە لەشەڕی دژی داعشدا ئەفسانەی داعشی پووچەڵ کردەوەو بووە نەخشەی رێگە بۆ سەرکەوتنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی داعشدا، ئەو هاوپەیمانە ستراتیژی و پشت پێ بەستووەش دەبێت لە قۆناخی دوای داعش ببێتە کلیلی دووبارە گێڕانەوەی سەقامگیری و گەشەپێدان بۆ تەواوی ناوچەکە، هەموو ئەمانەش لەو خاڵەوە دەست پێدەکەن کە پێش هەمووان ئەمریکا پاشان رۆژئاوا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکەن.

**کاتێک رۆژنامەیەکی بەناوبانگ و دێرینی وەک واشنتۆن تایمز بایەخێکی لەو جۆرە بە پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەدات، ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە، پرسی سەربەخۆیی کوردستان و گرێدانەوەی بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە، بەشێکی فراوان لە رای گشتیی ئەمریکا و رۆژئاوا و جیهان داگیردەکات**

**بەشداری پێکردنی بەشێکی زۆری لە دۆستەکانی کوردستان لەناو سیاسەت و دیپلۆماتییەتی ئەمریکادا، پاشانیش گواستنەوەی راستەوخۆی کۆنفرانسەکەی کۆنگرێس لەلایەن کەناڵی کوردستان ٢٤ و هەروەها بە شێوەی ئۆنلاین لەسەر سایتی بەناوبانگی رۆژنامەی واشنتۆن تایمز، ئەمەشیان هەتا ئێستا رووداوێکی بێ وێنەیە لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردستان و ناوچەکەدا**

**کۆماری ئیسلامی ئێران وەک دەوڵەتێکی گەورەو کاریگەر لەناوچەکە، باش دەزانێت ئەگەر عێراقی لەدەست بچێت، سیاسەتی مەدی شیعەگەرایی و هیلالی شیعەش کۆتایی دێت، بۆیە لەم روانگەیەوە زۆر بە ئاشکرا دژایەتیی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکات**

# خوێنی پێشمەرگە قارەمانەکان (بەڵێ)یە بۆ سەربەخۆیی کوردستان

«لە ١٠ی ١٢ی ١٩٧٦ و بە بۆنەی ساڵیادی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، مستەفا بارزانی-یان بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی لەو بۆنەیەدا وتەیەك پێشکەش بکات. ئاشکرایە بارەگای ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ بەرامبەر بارەگای گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە نیویۆرك، بۆیە کاتێك مستەفا بارزانی هەستا بۆ ئەوەی وتەکەی پێشکەش بکات، لای ئەو پەنجەرەیە ڕاوەستا کە بەرامبەر بارەگای گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، ئامادەبووانی کۆڕەکە سەریان لەم هەڵوێستەی مستەفا بارزانی سوڕما و لێیان پرسی: بۆچی لای ئەو پەنجەرەیە ڕاوەستایت و سەیری چیت دەکرد؟ لەوەڵامدا جەنابی بارزانی پێی گوتن: سەیری ئاڵای هەموو نەتەوەکانی جیهانم دەکرد کە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان دەشەکێنەوە، لە ناویاندا تەنیا ئاڵای کوردستانم نەبینی. ئەم وتە بەرزەی بارزانیی نەمر واتای ئەوەیە ئەو لە هەموو ژیانیدا بۆ ئەوە خەباتی کردووە کە نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی و ئاڵاکەی هاوشانی ئاڵای نەتەوەکانی جیهان لە ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بشەکێتەوە.»



## موحسین دزەیی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کاتێك باسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکەین، گرنگە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەرۆکەکانی خۆمان و ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا چەند ساڵە ئەم نەتەوەیە لە پێناوی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان رۆڵەکانی قوربانی دەدەن و بەرگەی کارەسات و کاولکاری دەگرن؟ مێژوو وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و پێمان دەڵێت: تەنیا لە مێژووی هاوچەرخدا نزیکەی ١٥٠ ساڵە نەتەوەی کورد پرۆسەی سەربەخۆیی دەست پێ کردووە و ئەم پرۆسەیە بۆ یەك ساتیش رانەوەستاوە و نەتەوەکەمان کۆڵی نەداوە، بەڵام لە دەستی سەرکردەیەکەوە چۆتە دەستی سەرکردەیەکی دیکە و لە نەوەیەکەوە گوازراوەتەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، هەر بۆ نموونە ئەگەر شۆڕشی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری بە دەستپێکی پرۆسەی سەربەخۆیی لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا بە نموونە وەربگرین، ئەوا لەوکاتەوە نەخشەی رێگە بۆ سەربەخۆیی کوردستان دارێژراوە، دەست بە دەست گوازراوەتەوە بۆ سەرکردەکانی دوای خۆی، هەروەك چۆن دوای ئەو چۆتە دەستی شێخ عەبدولسەلامی بارزان و ئەویش درێژەی بە هەمان پرۆسە داوە و هەر لەپێناوی هەمان پرۆسەشدا لەسەر دەستی داگیرکارانی کوردستان لە سێدارە دراوە، لەدوای ئەم مێژووەوە لە هەر شوێن و پارچەیەکی دیکەی کوردستان هەوڵێك هەبووبێت

بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ماڵباتی بارزانی نەك هەر پشتیوانییان لێکردووە، بەڵکو بوونەتە پێشمەرگە و پاریزەری ئەو پرۆسەیە.

لێرەدا ئەگەر باس لە هەوڵەکانی شێخ مەحموودی حەفید بکەین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە سلێمانی، لەو کاتەی پێویستی بە هاوکاری بووە، جەنابی شێخ ئەحمەدی بارزان، مستەفا بارزانی بە هێزێکەوە ناردووە بۆ هاوکاری شێخ مەحمودی حەفید، بەڵام بەداخەوە هەتا دەگەنە دەڤەری سلێمانی، داگیرکارانی کوردستان لەشکری کوردستان دەشکێنن و شێخی حەفیدیش بە برینداری دەکەوێتە دەستی سوپای عێراق و ئینگلیزەکان.

لەماوەی نێوان کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و دەستپێکی شەڕی دووەمی بارزانی، هەموو کات شۆڕش و مقاوەمەت لەدەڤەری بارزان نەبڕاوە، وەك شۆڕشی یەکەمی بارزان لە سییەکانی سەدەی رابردوو، هەروەها شۆڕشی دووەمی بارزان لە چلەکانی سەدەی رابردوو، جیاوازیی نێوان شۆڕشی یەکەم و دووەمی بارزان ئەوەیە، کە لە شۆڕشی دووەمی بارزاندا، ئیدی شۆڕش بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی دەبێتە شۆڕشێکی نەتەوەیی سەرتاسەری و بەناوی هەموو گەلی کوردستانەوە دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی ئەو کاتی عێراق دەکات، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهان و دروستبوونی دەرفەتێك لە کوردستانی رۆژهەڵات کە شەهید قازی محەمەد کۆماری کوردستانی لە مەهاباد راگەیاند، جارێکی دیکە جەنابی مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی شۆڕشی بارزان دەچنە رۆژهەڵات و دەبنە سەربازی پارێزگاریکردن لە کۆماری کوردستان لەژێر رێبەرایەتی قازی محەمەدا و مێژووی کۆماری کوردستان، وەك بەم دواییەش بەڕێز حامید گەوهەری لە کتێبێکدا بە ناوی (قازی محەمەد) باسی دەکات، هێزی سەرەکی و رێکخراو بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان، ئەو هێزە بووە کە لەگەڵ بارزانی چوون بۆ هاوکاریی کۆمار و هەر ئەوانیش توانییان زۆر جوامێرانە بەرگری لە کۆماری کوردستان بکەن و پشتی پێشەوا قازی محەمەد بەرنەدەن.

سەبارەت بەم مێژووە و لەساڵی ١٩٥٨ و پێش ئەوەی مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی لە سۆڤیەت بگەڕێنەوە، ئەوکات من لە شاری میونشن بووم لە ئەڵمانیا و لەوێ پێیانگوتم کە خانمی قازی محەمەد بۆ سەردانی (عەلی قازی) کوڕی هاتۆتە ئەو شارە، بۆیە چووم سەردانم کردو لەوێ تەواوی رووداوەکانی کۆتاییەکانی کۆماری کوردستان و قسەکانی نێوان پێشەوا و بارزانی بۆ گێڕامەوە. خانمی پێشەوا گوتی: کاتێك جەنابی مستەفا بارزانی هاتە لای قازی محەمەد، من خۆم گوێم لێ بوو، جەنابی بارزانی بە قازی محەمەدی گوت: (هەتا من مابم پارێزگاریت لێدەکەم، تکات لێ دەکەم خۆت تەسلیمی ئێرانییەکان مەکە.) لە وەڵامدا قازی پێی گوت: (بەڵێنیان پێداوم کە سەلامەت دەبم، پاشانیش نامەوێت خەڵکی کوردستان و مەهاباد بەجێ بهێڵم، دەمەوێت چارەنووسی منیش هاوچارەنووسی ئەوان بێت). جارێکی دیکە جەنابی بارزانی تکای خۆی بۆ قازی محەمەد دووبارە کردەوە و پێی گوت: (تکات لێ دەکەم بەو بەڵێنانە باوەڕ مەکە و ئەوان خاونی بەڵێنی خۆیان نابن.) بەڵام دیار بوو پێشەوا نەگەیشتە قەناعەت، بۆیە ئاڵای کوردستانی دایە دەستی بارزانی و پێی گوت: (تۆ ئەم ئاڵایەم وەك ئەمانەت بۆ بپارێزە.)

ئەم یادەوەرییەی خانمی قازی محەمەد ئەوەمان پێدەڵێت، کە سەربەخۆیی کوردستان لای مستەفا بارزانی وەك ئەمانەتێکی مێژوویی بووە و لە دوای کۆماری کوردستانیشەوە کە رێڕەوە مێژووییەکەی پەڕینەوەی رووباری ئاراسی دەست پێکرد، هەر بەو ئامانجە رووی لە یەکێتیی سۆڤیەت کردو لە پەیامەکەشی لە کۆنگرەی باکۆ، بەرنامەی ئیعلانی جمهووریەتی کوردستان بووە، بەڵام لێرەدا ناکرێت ئەوەمان لەبیر بچێت، دوای ئەوەی مستەفا بارزانی چووە سۆڤیەت، ئەوە بوو شەڕی سارد لە نێوان بلۆکی رۆژهەڵات بە سەرۆکایەتی یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دەستی پێکردو هاوسەنگیی هێزی نێوان هەردوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، قۆناخێکی سەختی نێودەوڵەتی بۆ سەربەخۆیی و راگەیاندنی دەوڵەت هێنایەئاراوە، لەم چوارچێوەیەدا لەو ماوەیەی کە بارزانی لە سۆڤیەت بوو گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە یەکێتیی سۆڤیەت لەو قۆناخەدا (مەبەستم قۆناخی شەڕی ساردە) هیچ پرۆگرامێکی بۆ پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان لەبەردەست نییە، بۆیە بارزانی پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، هەوڵیدا پشتگیری دەوڵەتانی بێلایەن (جیهانی سێیەم) بۆ دۆزی رەوای کوردستان دەستەبەر بکات، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش

**ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بە هەمان ئاستی پارتی دیموکراتی کوردستان وەڵامدانەوەی ئەرێنی هەبێت، ئەوا بەرەی ناوخۆی کوردستان دەبێتە ئەو ژینگە سیاسییەی کە هەموومان ئومێدی بۆ دەخوازین و دەبێتە سەرچاوەیەکی گەشبینیش بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بەحەماسەوە ئەم پرۆسە سەربخەین**

**پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر رۆشنایی رێنماییەکانی سەرۆک بارزانی، ئەمجارەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی، دەستپێشخەری زۆر ئەرێنی کردووەو پەیامی ئاراستەی بزووتنەوەی گۆڕان کردووە بەبێ هیچ مەرجێک پەرلەمان کارابکرێتەوە و کێشە سیاسەکانی هەرێم بە دیالۆگ و ئاشتی چارەسەر بکرێن**

**ئامانج و خواستی هەر تاکێکی کوردستان ئەوەیە، هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستان پێکەوە یەکدەنگ و یەکڕیز پشتگیری لەم پرۆسەیە بکەن و لە کەرنەڤاڵێکی نیشتمانیدا، جارێکی دیکە ئیرادەی خەڵکی کوردستان پیشانی جیهان بدەنەوە**

پشتگیریی کۆنگرەی باندۆگی کردو بووە هاوڕێی سەرکردەکانی بزووتنەوەی دەوڵەتانی بێلایەن وەك تیتۆ و ناسر و نەهرۆ، لەمەش زیاتر کاتێك عەبدولکەریم قاسم شۆڕشی ١٤ی تەموزی بەسەر ڕژێمی پادشایی عێراقدا کردو پاشان لە دەستووری کاتیی عێراقدا بڕیار درا کە عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە، جەنابی مستەفا بارزانی پێشوازی لەم هەنگاوەی عەبدولکەریم قاسم کرد، هەتا ئەو کاتەی قاسم لەژێر کاریگەریی ئەفسەرە بەعسی و قەومییەکاندا لە بەڵێنەکەی خۆی پاشگەز بووەوە و پاشان گەلی کوردستان ناچار بوو شۆڕشی ئەیلوول بەڕێبەرایەتی بارزانی بەرپا بکات.

مستەفا بارزانی بەو ئامانجە ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردستانی کرد، کە کوردستان ببێتە خاوەنی سەربەخۆیی خۆی، تەنانەت لە هەموو دانوستان و ڕێککەوتنانەی نێوان شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتە یەك لە دوایەکانی عێراقیش، بارزانی قەت بڕوای بەوە نەبوو کە حکومەتی عێراق ئەوجا هەر حکومەتێك بێت، ئەو ئامادەباشییەی هەبێت کە مافەکانی کورد بسەلمێنێت، هەر بۆ نموونە دوای ئەوەی ڕێککەوتنی ئادار لەگەڵ حکومەتی عێراق لەساڵی ١٩٧٠ تەواو بوو، جەنابی بارزانی کۆبوونەوەی پێکردین و پێی گوتین ئایا ئەم ڕێککەوتنە بکەین، یان نە؟ ئێمە هەموومان کە لەو کۆبوونەوەیە ئامادە بووین، گوتمان بیکەین باشترە، بەڵام ئەو پێی گوتین، من قەناعەتم نییە حکومەتی بەعس ئەمە جێبەجێ بکات، بەڵام لەبەر دوو هۆکار منیش قبووڵی دەکەم، یەکەم لەبەر ئەوەی نەڵێن بارزانی دیکتاتۆرە، لەبەر ئەوەی ئێوە هەموو ڕەزامەندن، تەنیا من گومانم لە بەعس هەیە، دووەم لەبەر ئەوەی نەڵێن حکومەتی عێراق مافی ئۆتۆنومی دا بە کوردستان، بەڵام مستەفا بارزانی قبووڵی نەکرد، بەڵام ئەوە بوو هێشتا مەرەکەبی ڕێککەوتنەکە وشك نەبووەوە کە حکومەتی عێراق کەوتە پیلاندانان بۆ شکستهێنان بە ڕێککەوتنەکەو هەوڵیدا شەهید ئیدریس بارزانی تیرۆر بکات، پاشان هەوڵیدا مستەفا بارزانی لە ڕیگەی چەند مەلایەکەوە تیرۆر بکات، کە بارزانی بە موعجیزە لەو هەوڵەی بەعس ڕزگاری بوو. بۆیە ئەوەندەی من لە نزیکەوە لەگەڵ جەنابی مستەفا بارزانی ژیاوم و ئاگادارم، بێجگە لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەی بۆ چارەسەری یەکجارەکی مافەکانی گەلی کوردستانی بە چارەسەر نەزانیوە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بوو بارزانی لە ساڵی ١٩٧٦ و دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە بارەگای ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ ئەو پەیامەی بەو ڕێکخراوە ڕاگەیاند: هەتا ئاڵای کوردستان لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان نەشەکێتەوە، کێشەی کورد چارەسەر ناکرێت.

مەبەستم لە گەڕانەوەی بۆ ئەم پاشخانە مێژووییە، ڕادەستکردنی ئەم ئەمانەتە مێژووییە لە سەرۆکێکەوە بۆ سەرۆکێکی دیکە، هەروەها لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، وەك ئاماژەم پێکرد، مستەفا بارزانی ئەم ئەمانەتەی شیخ عوبێدوڵڵای نەهری دەست بەدەست لە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بۆ شێخ مەحمودی حەفید و بۆ قازی محەمەد، وەرگرتووە و دریژەی پێداوە، ئێستاش کە سەرۆك مسعود بارزانی ڕێبەرایەتیی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەکات و بە ئامادەبوونی ئەو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولیان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەستنیشان کردووە، دەبێت ئەوە بزانین ئەم پرۆسەیە پرۆسەی نەتەوەیەکە و پێش سەرۆك مسعود بارزانی چەندین سەرۆکی دیکە درێژەپێدەری ئەم پەیام و پرۆسەیە بوون و وەك ئەمانەت ڕادەستی سەرۆك و ڕێبەری دیکە کراوە، تا ئێستا ئەو ئەمانەتە گەیشتۆتە دەستی سەرۆك مسعود بارزانی، بێگومان ئەویش نەیشاردۆتەوە کە ئەو وەك ئەمانەتێکی مێژوویی وەك هەر تاکێکی ئەم کوردستانە بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێت کە ڕێبەرایەتی ئەم پرۆسەیە دەکات و پێویستیشە هەموومان پشتگیری ئەم پرۆسەی سەربەخۆییە بکەین، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە ئاواتی زیاتر لە ١٥٠ ساڵی گەلی کوردستانە و لە پێناوی ئەم ئاواتەدا لە هەر چوارپارچەی کوردستان ڕووبارێك خوێنمان ڕشتووە.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر قسەیەك سەبارەت بە هەلومەرجی لەباری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە بکەین، بێگومان بەدرێژایی ١٥٠ ساڵی ڕابردوو، هیچ سەردەمێك بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان وەك ئێستا لەبار نەبووە، ئەم زەمینە لەبارەش وەنەبێت وەرچەرخانێك بێت لە سیاسەتی نێودەوڵەتی هاتبێتەئاراوە، بەڵکو ئەمە بەرهەمی خوێنی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەیە کە لە شەڕی دژی داعش بۆ جیهانیان سەلماند، کوردستان دژی تیرۆرەو خاکی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی نێوان هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانە، هەروها

**مستەفا بارزانی بەو ئامانجە ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردستانی کرد، کە کوردستان ببێتە خاوەنی سەربەخۆیی خۆی، تەنانەت لە هەموو دانوستان و ڕێککەوتنانەی نێوان شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتە یەك لە دوایەکانی عێراقیش، بارزانی قەت بڕوای بەوە نەبوو کە حکومەتی عێراق ئەوجا هەر حکومەتێك بێت، ئەو ئامادەباشییەی هەبێت کە مافەکانی کورد بسەلمێنێت**

**هاوسەنگیی هێزی نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، قۆناخێکی سەختی نێودەوڵەتی بۆ سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەت هێنابوەئاراوە، لەم چوارچێوەیەدا لەو ماوەیەی کە بارزانی لە سۆڤیەت بوو گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە یەکێتی سۆڤیەت لەو قۆناخەدا (مەبەستم قۆناخی شەڕی سارده) هیچ پرۆگرامێکی بۆ پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان لەبەردەست نییە**

**سەربەخۆیی کوردستان لای مستەفا بارزانی وەك ئەمانەتێکی مێژوویی بووە و لە دوای کۆماری کوردستانیشەوە کە ڕێڕەوە مێژووییەکەی پەڕینەوەی رووباری ئاراسی دەست پێکرد، هەر بەو ئامانجە رووی لەیەکێتی سۆڤیەت کردو لە پەیامەکەشی لە کۆنگرەی باکۆ، بەرنامەی ئیعلانی جمهووریەتی کوردستان بووە**

**دوای ئەوەی ڕێککەوتنی ئادار لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٠ تەواو بوو، جەنابی بارزانی کۆبوونەوەی پێکردین و پێی گوتین ئایا ئەم ڕێککەوتنە بکەین، یان نە؟ ئێمە هەموومان کە لەو کۆبوونەوەیە ئامادە بووین، گووتمان بیکەین باشترە، بەڵام ئەو پێی گوتین، من قەناعەتم نییە حکومەتی بەعس ئەمە جێبەجێ بکات، بەڵام لەبەر دوو هۆکار منیش قبووڵی دەکەم، یەکەم لەبەر ئەوەی نەڵێن بارزانی دیکتاتۆرە، لەبەر ئەوەی ئێوە هەموو ڕەزامەندن، تەنیا من گومانم لە بەعس هەیە، دووەم لەبەر ئەوەی نەڵێن حکومەتی عێراق مافی ئۆتۆنۆمی دا بە کوردستان، بەڵام مستەفا بارزانی قبووڵی نەکرد**

بەرهەمی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانە کە دوای ئەوەی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانی بڕی بەو هیوایەی خەڵك بەرگە نەگرێت و دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان بڕووخێت، بۆیە ئەم دوو فاکتەرە، قارەمانیەتیی پێشمەرگە و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان، بوونە ئەو دوو فاکتەرەی کە جیهان ڕێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان بگرێت، ئێستاش کە کورد بڕیاری داوە ریفراندۆم ئەنجام بدات، ئەمەش پەیامێکی دیکەی ئاشتیخوازانەیە بۆ جیهان و دەیەوێت ئەو مافە سرووشتییەی کە خوا پێی داوە، بە ڕێگەی دیموکراتی و بە دیالۆگ و ئاشتی بیهێنێتەدی، بێگومانم لەوەی جیهان ڕێز لەم پەیامەش دەگرێت و ناشتوانن دژی ئەو بەها و بنەما مرۆڤایەتی و دیموکراتییانە بن کە خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن.

سەبارەت بە بەرەی ناوخۆش، بێگومان جێگەی دڵخۆشییە کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان (بێجگە لە چەند لایەنێك کە هەتا ئێستا هەڵوێستێکی روونیان نییە) یەکدەنگ و یەکڕیز لە پشتی ئەم پرۆسەیەن و پشتگیری لێ دەکەن، بەڵام ئامانج و خواستی هەر تاکێکی کوردستان ئەوەیە، هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستان پێکەوە یەکدەنگ و یەکڕیز پشتگیری لەم پرۆسەیە بکەن و لە کەرنەڤاڵێکی نیشتمانیدا، جارێکی دیکە ئیرادەی خەڵکی کوردستان پیشانی جیهان بدەنەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کە خواستی هەموومان یەکڕیزی تەواوی نێوان سەرجەم لایەنە سیاسییەکانە، هەست دەکەین جۆرێك لە کەموکورتی هەیە و دەبێت چارەسەر بکرێت، بۆ ئەمەش پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی سەرۆك بارزانی، ئەمجارەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی، دەستپێشخەری زۆر ئەرێنی کردووەو پەیامی ئاراستەی بزووتنەوەی گۆڕان کردووە بەبێ هیچ مەرجێك پەرلەمان کارابکرێتەوە و کێشە سیاسەکانی هەرێم بە دیالۆگ و ئاشتی چارەسەر بکرێن، ئەمەش جۆرێك لە گەشبینی دروست کردووە بۆ ئەوەی ئەو کەموکورتییە نەمێنێت. بێگومان ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بە هەمان ئاستی پارتی دیموکراتی کوردستان وەڵامدانەوەی ئەرێنی هەبێت، ئەوا بەرەی ناوخۆی کوردستان دەبێتە ئەو ژینگە سیاسییەی کە هەموومان ئومێدی بۆ دەخوازین و دەبێتە سەرچاوەیەکی گەشبینیش بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بەحەماسەوە ئەم پرۆسە سەربخەین، من بەش بە حاڵی خۆم لەو قەناعەتەم دەستپێشخەریی ئەم دواییەی پارتی گۆڕانکاریەکی زۆر ئەرێنی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان دروست دەکات.

لەدوماهی ئەم دێڕانەدا دەمەوێت بڵێم: هۆکاری ئەوەی پێمخۆش بوو بەم تەمەنەوە منیش قسەیەك لەسەر پرۆسەی سەربەخۆیی بکەم، ئەوەیە کە ئەو ئومێدەم بێتەدی و سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان ببینم و دەمەوێت ئەو پەیامە ئاراستەی هەموو خەڵکی کوردستان بکەم و پێیان بڵێم: سەرۆك مسعود بارزانی کە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لەژێر ئاڵای کوردستان لەدایك بووە و ئامانجیشی ئەوەیە هەر لە ژێر ئەو ئاڵایەدا بمرێت، ئەوا ئەم سەرۆکە لە پەیامەکەی راستگۆیە و بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە دەژی و هەر لەم پێناوەشدایە نزیکەی ٦٠ ساڵە پێشمەرگەیە و ناوی پێشمەرگەشی زۆر لە پۆستی سەرۆکی هەرێم و تەنانەت سەرۆك کۆماری کوردستان پێخۆشترە، لەم چوارچێوەشدا کە سەرنج لە هەنگاوەکانی دەدەین، بەتایبەتی بۆ بەرگریکردن لە کوردستان وەك بینیمان بڕیاری شەڕی مان و نەمانی دا لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی داعش و سەرکەوتنی ئەم بڕیارەش پێگەی کوردستانی لەناو سیاسەتی جیهانیدا گۆڕی، هەروەها ئێستاش بۆ یەکڕیزی و یەکدەنگیی نێوماڵی کوردستان ئامادەیە هەموو قوربانییەك بە حزبەکەی و خۆی بدات، ئەمە مانای ئەوەیە سەرۆك مسعود بارزانی وەك هەموو سەرۆکەکانی پێش خۆی ئەمانەتێکی مێژوویی کەوتە سەرشان و دەیەوێت لە پێناوی پاراستنی ئەو ئامانەتە قوربانی برات، یان بۆ هەتا هەتایە گەلەکەی سەربەست بێت و لە کۆیلەتی رزگاری بێت، لە ئێستاشدا دەرفەتێکی زۆر لەباری نێودەوڵەتی هاتۆتەپێش و نابێت و ناکرێت ئەم دەرفەتە لەدەست بدەین، هەموو ئاواتی منیش ئەوەیە رۆژی راگەیاندنی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان ببینم.

---

***موحسین دزەیی جیا لەوەی یەکێکە لە پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، لە هەمانکاتدا یەکێك لە دیپلۆماتە دیارەکانی کوردستان و نوێنەری جەنابی مستەفا بارزانی و نوێنەری تایبەتی سەرۆك مسعود بارزانی بووەو وەك نوێنەری کوردستانیش وەزیر بووە لە دەوڵەتی عێراق، هەروەها باڵیۆزی عێراقیش بووە لە چیکۆسلۆفاکیا و کەنەدا.**

**بارزانی پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، هەوڵیدا پشتگیری دەوڵەتانی بێلایەن (جیهانی سێیەم) بۆ دۆزی رەوای کوردستان دەستەبەر بکات، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پشتگیری کۆنگرەی باندۆگی کردو بووە هاوڕێی سەرکردەکانی بزووتنەوەی دەوڵەتانی بێلایەن وەک تیتۆ و ناسر و نەهرۆ**

# دڵنیاکردنی وڵاتانی دراوسێ
# بە میکانیزمەکانی کاری هاوبەش

ئەمرۆ کە گەلی کوردستان و دۆزە رەواکەی بە قۆناغێکی گرنگ و هەستیاردا تێپەڕ دەبێت، بە ئومێدی گەیشتن بە سەربەخۆیی و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان لە رێگەی ریفراندۆم و وەرگرتنی رای گەلی کوردستانەوە، بۆیە ئاساییە لە رووی سیاسییەوە دەوڵەتانی دەوروبەر جۆرێك لە نیگەرانییان بۆ دروست بێت، هەروەها ئاساییشە ئێمە هەوڵ بدەین بۆ رەواندنەوەی ئەو نیگەرانییانە لە رێگەی دانوستان و دیالۆگ و دانیشتن و سەردانەوە، هەموو ئەمانەش بە مەبەستی:-

یەکەم: پاراستنی ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە، لەمەشدا پێویستیمان بە هەماهەنگی دەبێت بۆ نزیککردنەوەی گۆشەنیگاکان سەبارەت بە:

١. ناسین و ناساندنی واقیعی راستەقینەی ناوچەکەو رووداو و خواستی رەوای گەلان.

٢. گەیشتن بە کۆدەنگییەك بۆ چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی سەر هەمووان.

٣. هەوڵدان بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتیی هەمیشەیی و سەقامگیری بۆ گشت لایەك.

٤. زیادکردنی هەماهەنگی و هاوکاریی وەك رێگەیەك بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی.

٥. دامەزراندنی ئەنجومەنێکی هەماهەنگی بۆ هاوکاری هاوبەش.

دووەم: ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هاوبەش، ئەمەش لە رێگەی چڕکردنەوەی زوومی تێڕوانینەکان لەسەر بابەتە ئابوورییەکانی پەیوەست بە دەوڵەت و گەلانی ناوچەکەو دەرخستنی قازانج و خستنەڕووی سوودەکانی کاری ئابووری و بازرگانیی هاوبەش لە رێگەی:

١. تیشکخستنەسەر ئەو راستییەی کە گەشەی ئابووری مایەی سوودی گەورەیە بۆ گشت گەلانی ناوچەکە.

٢. تیشك خستنەسەر دەستپێشخەریی بازرگانیی ئازاد لە تەواوی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا.

٣. تیشکخستنەسەر ئاراستەی ئابووری سیاسی و یەکخستنی هەڵوێستە ئابوورییەکان وەك دەروازەیەك بۆ نزیککردنەوەی هەڵوێستە سیاسییەکان، بە پشتبەستن بە ئەزموونی سەرکەوتووی ئەورووپاو پەندوەرگرتن لە ئەزموونی هەرەسهێناوی وڵاتانی عەرەبی کە لە سیاسەتەوە دەچن بەرەو ئابووری هەتا ئەم ساتە.

سێیەم: کارکردن لەسەر هاریکاریی کەلتووری و هونەری، لەمەشدا باکگراوندێکی کەلتووریی چەند سەدساڵەی هاوبەش لەبەردەستماندایە بۆ کار لەسەر کردن بە ئاراستەی دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان، لەوانە:

١. قووڵکردنەوە کەلتووری پێکەوەهەڵکردن و پێکەوەژیان.

٢. رەتکردنەوەی دووبەرەکی و هزری باڵادەستیی رەگەزی و توندوتیژی.

٣. ئەنجامدانی کاری رۆشنبیری و هونەریی هاوبەش لە بۆنە جیاجیا هاوبەشەکاندا.

٤. روانین لە خاڵە گەشەکانی رابردوو، کارکردن بۆ ئایندەو تیپەڕاندنی قۆناغە رەشەکانی مێژوو.

٥. مامەڵەکردنی هەستیارانە لە بارەی جوگرافیاو مێژووی ناوچەکە.

٦. ئاگاداربوون لە بارەی دەروونی گەلانی ناوچەکەو سایکۆلۆژیای گشتیی کارو کاردانەوەیان.

٧. خۆدوورگرتن لە راپۆرتە نارەسمیەکان و نووسین و لێدوانی سیاسەتمەدارو لێکۆڵەرە سیاسییە جیهانییەکان کە هەر یەکەو بە ئاراستەیەکی دیاریکراوی گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندیی وڵاتانی خۆیاندا دەنووسن.

٨. بایەخدان بە قسەی وتەبێژی رەسمی حکومەت و دەزگا رەسمیەکان و خۆدوورگرتن لە بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵەو گومراکەر کە زیان بە بەرژەوەندیی لایەك، یان بەرژەوەندیی هاوبەش دەگەیەنێت.

٩. خۆدوورگرتن لە بڵاوکردنەوەی کەلتووری ترس و گومان لە بەرامبەر.

١٠. کردنەوەی پەنجەرە داخراوەکان و کرانەوەی دەرگاکانی پەیوەندی بە رووی یەکدیدا.



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت




## جۆزێف ئۆلمەرت

### تایبەتمەندی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئومێدو چاوەڕوانیی من لە ریفراندۆم راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆیە

## موسڵ لەداگیرکاری سوننەی جیهادییەوە گۆڕاوە بۆ داگیرکاری شیعەی پرۆ ئێرانی

جۆزێف ئۆلمەرت، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئێستادا پرۆفیسۆرە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن. پێشتر پرۆفیسۆری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆی تەل ئەبیب و بار ئیلان. هەروەها لە چەند زانکۆیەکی گرنگی دیکە وانەبێژ بووە، وەك کۆرنێڵ، یۆرك. لە پاڵ کار وانەبێژیدا چەند پۆستێکی باڵای لە حکومەتی ئیسرائیلدا هەبووە، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان بووە لە حکومەتەکەی سەرۆك وەزیران ئیسحاق شامیردا، هەروەها راوێژکاری وەزیری بەرگری مۆشێ ئارێنز بووە. بۆ بەدواداچوون و شرۆڤەکردنی ئەو دۆخەی لە ئێستادا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت، هەروەها بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێکی گرنگی دیکەی وەك دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراق و پرسی سەربەخۆبوونی کوردستان، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.

*** چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا دەڕوانیت؟ ئایا پێتوایە سیاسەتێکی گشتگیر و لۆژیکی و تۆکمەیە، یاخود تا ئێستا ڕواڵەتەکانی ئەو سیاسەتە بە تەواوەتی گەڵاڵە نەبووە، بەو پێیە تا ئێستا سیاسەتێکی ڕوون و بەرچاو لەئارادا نییە؟**

- سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سیاسەتێکی تۆکمە، بەڵام تەواو هەڵە بوو، لە کاتێکدا لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا هیچ سیاسەتێك لە ئارادا نییە. دۆخەکە لەم ڕووەوە بە تەواوەتی پشێوی و دژیەکی باڵی بەسەردا کێشاوە و، ئاماژەکانی لاوازی و سەرگەردانی لێ بەدی دەکرێت. ئێران نموونەیەکە لەم ڕووەوە، کە گوتارێکی توند لە ئاستی ئەو وڵاتەدا بەدی دەکرێت، لە کاتێکدا ئەمریکا لە سووریا ئامادەیە ئەو وڵاتە بکاتە خەلاتێکی گەورە بۆ ئێران. هەروەها سەرگەردانی هەیە لە ئاست تورکیادا و ئەو ڕۆڵە خراپەی کە ئەردۆغان دەیبینێت، بە هەمان شێوە سەرگەردانی لە ئاست فەلەستینیشدا هەیە.

*** ئاشکرایە کە ڕزگارکردنی شاری موسڵ گورزێکی کاریگەر بوو لە داعش، چونکە توانرا پایتەختی بە ناو خەلافەتەکەی لە عێراقدا تێکبشکێندرێت، بەڵام وەك دەوترێت ئەمە نە کۆتایی شەڕە لە دژی داعش، نە بووەتە هۆی ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکان لەبارەی دووبارەبوونەوەی شەڕ لەگەڵ تیرۆریستان، یان سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی دیکە لە ئایندەدا، خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- موسڵ لەژێر داگیرکاری سوننە جیهادییەکانەوە گوازرایەوە بۆ ژێر داگیرکاری شیعە-ئێرانییەکان. ئێران بڕیاربەدەستە لە بەغدا و هەوڵی تۆکمەکردنی دەسەڵاتی خۆی دەدات لە موسڵدا، ئەویش لە ڕێی پاکتاوکرتنی ئیتنی، ڕەوانەکردنی ژمارەیەکی زۆری شیعەکان و کردنی ئەو ناوچەیە بە بەربەستێك لەبەردەم کورد لە باکووردا، هەروەها لەبەرامبەر تورکیاشدا، لە دەرئەنجامی ئەوەشدا چەندین کێشە دێنەئاراوە و ملیاران دۆلاریش کە دەکرا بۆ بنیادنانەوەی موسڵ تەرخان بکرایە، لە بەهێزکردنی بوونی شیعە لەو ناوچەیەدا خەرج دەکرێت. من زۆر ڕەشبینم لە ئاست ئایندەی ئەو ناوچەیەدا.

*** ئەوە ڕاستییەکی نکۆڵی لێنەکراوە کە پێشمەرگە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە شەڕی تێکشکاندنی داعشدا، هەر لەم ڕووەوە بووە هێزێکی متمانەپێکراو و جێی باوەڕی ئەمریکا، هەر لەبەر ئەمەش بوو کە ئەمریکا بە چەند شێوەیەك هاوکاری بۆ پێشمەرگە دەستەبەر کرد، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك پێویستە ئەمریکا درێژە بەو هاوکارییانە بدات؟**

- پێشمەرگە تەنیا هێزی متمانەپێکراوە لە عێراقدا و پێویستە ئەمریکا بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنی، بە دەستەبەرکردنی چەکی قورس و بە بێ گوێدانە بەرهەڵستیی ئێران و تورکیا. دەبێت لێرەدا بە حەزەر بین-ئیدارەی ترەمپ زیاتر لێدوان دەدات لەوەی کرداری هەبێت- لەبەر ئەوە پێویستە کورد بەڵێنەکانی ئەمریکا بە ڕادەیەك لە گومانەوە وەربگرێت.

*** لە ئێستادا کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی داوە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی جیابوونەوەی لە عێراق و گرتنەبەری ڕێگای سەربەخۆیی، ئێوە چ چاوەڕوانی و ڕاسپاردەیەکتان لەم ڕووەوە هەیە؟**

- بژی کوردستانی سەربەخۆ- ئەمە چاوەڕوانی و ئومێدی منە لەو ڕیفراندۆمەی ئەنجام دەدرێت- دووڵ مەبن لە دەنگدان بۆ ئەم مافە پیرۆزەی خۆتان.

*** لە زیاتر لە بەرپرسێکی ئیسرائیلییەوە گوزارشت لە پشتیوانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان کراوە، لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم لێدوانانە چییە؟**

- زۆربەی جوولەکەو و ئیسرائیلییەکان خۆشحاڵ دەبن کاتێك ئێوە دەوڵەتی سەربەخۆ بەدەست دەهێنن. ئەردۆغان و ئێران دەست دەدەنە هات و هاوار، بەڵام ئێوە دوودڵ مەبن. هیوادارم ڕۆژی ٢٦ی ئەیلوول هەواڵی خۆش ببیستم.

*** دوای ئەو پەرەسەندنانەی لەم چەند ساڵەی دوایی لە عێراقدا ڕوویدا، ئایا ئایندەی ئەم وڵاتە چۆن دەبینیت؟**

- من پێشبینی بەردەوامبوونی ململانێی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە دەکەم، لە کاتێکدا فاکتەری نەوت گرنگییەکی کەمتری دەبێت، بە هەمان شێوە بێبەشبوونی ئابووریش. هەروەها پێشبینی چەندین دەستتێوەردانی دەرەکی دەکەم، کە بە ئامانجی پشتیوانیکردن لە لایەنە بەشەڕهاتووەکان ئەنجام دەدرێن، لەگەڵ بەرهەڵستیکردنی سەربەخۆیی کوردستان. بەڵام هیچ پێشبینی و چاوەڕوانییەکی باشم لە بارەی بارودۆخەکەوە نییە.

**چەندین کێشە دێنەئاراوە و ملیاران دۆلاریش کە دەکرا بۆ بنیادنانەوەی موسڵ تەرخان بکرایە، لە بەهێزکردنی بوونی شیعە لەو ناوچەیەدا خەرج دەکرێت**


**پێشمەرگە تەنیا هێزی متمانەپێکراوە لە عێراقدا و پێویستە ئەمریکا بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنی، بە دەستەبەرکردنی چەکی قورس و بە بێ گوێدانە بەرهەڵستیی ئێران و تورکیا**

**ئێران بڕیاربەدەستە لە بەغدا و هەوڵی تۆکمەکردنی دەسەڵاتی خۆی دەدات لە موسڵدا، ئەویش لە ڕێی پاکتاوکرتنی ئیتنی و ڕەوانەکردنی ژمارەیەکی زۆری شیعەکان**

# ریفراندۆم
# جەنگی خاک و نەتەوەیە

**سەرکەوتنی ریفراندۆم دەلیل و کلیلی دانپیانانی مێژوویيە بە مافەکانی نەتەوەی کورددا، ئەوەش تەنیا رێگایە کە کورد بتوانێت بە ئامانجەکانی بگات**

پێمان وایە نەیارانی کورد و ناحەزانی سەربەخۆیی کوردستان، پێمان دەڵێن ئێوە خۆتان دوچاری جەنگێکی بێشومار دەکەن لە گۆڕەپانەکەدا، ناوتان لەنێو نەخشەی رووداوەکاندا نامێنێت، چونکە ئەو قوڵ لێ هەڵکردنەی ئێوە ئەو هەنگاوە دژوارەتان بەرەو نەهامەتییەکی گەورەتان دەبات، بۆیە واچاکە بە ئارامی دابنیشن و گێچەڵ بۆخۆتان و ئێمە مەنێنەوە. ئەمە دیدو بۆچوونی ئەو دەوڵەت و حکومڕانییانەیە کە خاکی کوردستانیان داگیرکردووە. هەر لەسەد ساڵی رابردووەوە، لەسایەی پەیمانی سایکس پیکۆدا بوونەتە خاوەنی ئەم خاك و گەلە، کە بێ ئاگاداری و خواستی خۆی دابەشکراوە. هەرچەند خوێندنەوەمان بۆ پەیمانی سیڤەر و روانینمان بە بەندەکانی **٦١-٦٢-٦٣-٦٤** ئەو مافانەی کە تێیدا رەچاو کرابوو، کە کورد وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ و ئازاد مافی خۆیەتی بژی، بەڵام بەرژەوەندیی زلهێزەکان وایکرد هەر زوو لە پەیمانی سیڤەر پەشیمان بوونەوە و بە پەیمانی لۆزان-ی شووم، هیواو ئاواتی کوردیان فەرامۆش کردو لەناو ئەو عێراقەی دروستیان کرد، مافی کورد بە خاك و گەلەوە تێیدا سڕایەوەو دەوڵەتی عێراقی بووە مێردەزمەیەك و کوردیش کرایە کۆیلە و بندەستی هەریەك لەو دەسەڵاتانەی خاوەن عەقڵییەتی شۆڤێنی و رەگەزپەرستین، بەوجۆرەش میللەتی کورد بە درێژایی ئەو مێژووە لە هەموو بوونێکی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی بێبەش کران. هەرچەند هەوڵدان و خەباتکردن لە پێناوی سووکە ماف و داوا رەواکاندا بە ئاگرو ئاسن وەڵام دراوەتەوە، کوردیش لە پێناو مانەوەو بەرگری لە خۆیدا ناچار بووە پەنا بۆ چەك و شۆڕش و نارەزایی بەرێت و، ببێتە خاوەنی کاروانێك لە شەهیدان و مێژووی قوربانییەکان. وەلێ دەنگێك بۆ خواست و بەدیهێنانی سووکە مافێکیش هاتبێتەپێش، چ لامەرکزی، یان حوکمی زاتی، یان پێکەوەژیانی هاوبەشی یەکسانی، ئەوا کورد بەخێرایی بەدەنگیانەوە چووە، بەڵام ئەو دانیشتن و گفتوگۆ و رێککەوتن لەگەڵ هەر دەسەڵات و لایەنێکی حوکمڕانیدا، ئامانجی ئەوان تەنیا تاکتیك و کات بەسەر بردن بووە، تا پەیدابوونی هێزو توانای سەربازی ئەو رێگایانەیان گرتۆتەبەر. واتە لە ناوەوە، لە هزرو رێباز و پەیام و ئامانجی ئەواندا شتێك بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتیی مەسەلەکە نەبووە، بۆ ئەمەش مێژوو شاهیدە، تا جەنگ گەیشتە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و ئەنفالکردن، یان تواندنەوە لە سیاسەتی (تەعریب، راگواستن و تەبعیس) کردندا. ئەم گێڕانەوە بۆ ئەوەیە کورد لەمە بگات، بەدوای ئەم هەموو گۆڕانکاری و نەمانی سەدام، رووخانی حیزبی بەعس و لەکاری سیاسی و دەسەڵاتدا، تا هاتنە پێشەوەی دەسەڵاتی رەهای شیعەی عەرەبی عێراقی و بە پشتبەست بە مەرجەعیەتی شیعەی دەوڵەتی شیعەی ئێرانی.



## فوئاد محەمەد ئەمین سەراج

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەپێی دەستووری عێراقی، ئەگەر بڕوانینە بڕیاری (٦٨٨)ی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، تا پێکهێنانی دەوڵەتی نوێی عێراق لە (٢٠٠٤) دەبینین جارێکی دیکە سیما و هێماو عەقڵییەتی سامناکی توندڕەوی هەر بە لێدانی سوننەی عەرەبی عێراقەوە هەنگاوی نا، تا وڵاتی لە گۆمی خوێندا غەرق کرد. جا سەرنج بدەین هەنگاویان بۆ کوردستانیش بەو پەیام و دیدو عەقڵی مەزهەبییە کەوتنە پیشاندانی عەزەڵاتی سەربازی و کەوتنە پێشێلکردنی خاڵەکانی دەستوور و پۆز لێدان و لە زۆر بواردا، هەرچەند ئەوان ئەمەیان لەبیر کرد، بە پشتیوانیی کێ هاتنە دەسەڵات، یان لە ئەنجامی چ شەڕ و جەنگێکدا جێگەیان بۆتەوە. دیارە لەلای ئەوان دوێنێ ڕۆیشت و ئەمڕۆ ئەژمارە و پێیانوایە دەستیان گەیشتۆتە سەروەت و سامانی وڵات و بە پشتبەستن بە مەزهەبی خۆیان دەتوانن هەموو پێشێلکارییەك بکەن. ئەم خۆ بە زلزانین و زیادەڕەوییە هیچی بۆ ئەمانە نەهێڵاوەتەوە، تەنیا عەقڵی پاوانخوازی و دیکتاتۆریەت نەبێت. بچووککردنەوەی دۆست و هاوبەشەکانیان و دوورخستنەوەیان لە کایەی سیاسی و حوکمڕانیی عێراق و نەهێشتنی پێکەوە ژیانێك کە لەسەری ڕێککەوتوون و لە دەستووردا بونیاد نراوە. واتە منەتیان بە هیچ نەماوە، بۆیە ئێمەی کوردیش بۆمان دەرکەوت کە ئەمانیش لەوانەی پێشوو خەتەرناکتر و دزێوترن، بۆیە دەبێت هەڵوێست وەربگرین، بەئاگایی و هۆشمەندی و هێزی ستراتیژی خوێندنەوەی قوڵی بۆ بکەین، لەنیازی خراپیان تێبگەین بۆ ئەو بەرنامەیەی دایانناوە تا جێبەجێی بکەن و ئەو سووکە مافەش کە هاتۆتەدی لێمانی وەربگرنەوە و پێمان ڕەوا نەبینن. دیارە ئەرکی سەرشانی ئێمەشە بەرگرییە لە خاك و گەلەکەمان، نابێت دەرفەت بەوە بدەین، کە مافەکانمان پێشێل بکەن. ئەوان خاکی ئێمە بە خاکی عەرەبی عێراقی دەزانن، نەتەوەشمان بە گەلە مرۆڤێکی بێبنەما دەزانن و جیساب بۆ کەلتوور و ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و خاوەن خاك و زمان بوونیشمان ناکەن، بۆیە هەمیشە سیاسەتی قڕکردن و جینۆسایدیان کردووەتە پیشەی خۆیان. لە دۆخی وادا ئایا دەکرێت کورد هەروا دابنیشێت و چاوەڕوانی مستەکۆڵە و هێرشی داگیرکەرانەی ئەوان بێت، تا بە ئارەزووی خۆیان بێنەوە کوردستان و تەراتێن بکەن و لە شەقام و گۆڕەپانەکان پەتی سێدارە هەڵبخەن و ڕۆڵەکانی کوردی لێ هەڵواسن؟ ئاخر ڕەوایە جارێکی دیکە هەرچی سەروەت و سامانی کورد هەیە بۆ خۆیانی ببەن و بیکەنە چەك و کوردکوژی پێ بکەنەوە؟ هەر لێرەوە ئەمانە پێمان دەڵێت: یان بندەست بوون وەك هاووڵاتی پلە سێ و چوار، یان ئێوە لە بەردەم کۆمەڵکوژێکدان. ئەگەر ئێمە لێدوانمان بۆ خوێندنەوەی سەرانی شیعە هەبێت، کە دەڵێت: شەقامتان لێ هان دەدەین. دابنیشن

**چیتر کات نەماوە گوێ بۆ دیالۆگی هەڵخەڵەتاندن و پاشقول لێگرتن و هاندانی خەڵکی بە قسە سواوەکان و فرت و فێڵی سەردەمی کۆن بگرین. ئەوانە دەیانەوێ بمانخەنەوە ناو قەفەسی دیلێتی**

**ماددەی (١٤٠-٥٨) لە دەستووری عێراقدا ماوەی ١٣ ساڵە تۆزی لێ نیشتووە، دەسەڵاتە یەک بە دوای یەکەکانی عێراق بۆ وەدیهێنانی مافی کورد فوویەکیان لەو هەموو تۆزە نەکردووە. ئەوە پێشمەرگە و خوێنی شەهیدان بوو کە واژۆیان لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ماددەیانەی دەستوور کردووە و بە خەبات و بەرخۆدان لە چنگی داعشی خوێنرێژیان دەرهێنا و پێناسەی کوردبونیان پێدایەوە**

**بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان وایکرد هەر زوو لە پەیمانی سیڤەر پەشیمان بوونەوە و بە پەیمانی لۆزان-ی شووم، هیواو ئاواتی کوردیان فەرامۆش کردو لەناو ئەو عێراقەی دروستیان کرد، مافی کورد بە خاک و گەلەوە تێیدا سڕایەوەو دەوڵەتی عێراقی بووە مێردەزمەیەک و کوردیش کرایە کۆیلە و بندەست**

با فتوای لەناوبردنتان بۆ دەرنەکەین. ئێمە خاوەنی حەشدی شعبی و سوپای عێراقین، کە هەمووشیان لەخۆمانن، کاڵەکتان بە ئەژنۆ پێ دەشکێنین. ئەمانە نیازو مەرامی شەڕەنگێزیی ئەوانە کە بەو جۆرە لەگەڵماندا بجووڵێنەوە. ئەوەی بە روونی دەیبینین ئەوەیە کە ئەو هەراو هوریایانەی لە سەر ریفراندۆم زۆربەی میدیاکانی عێراق و بەغداو دەوڵەتەکانی دراوسێی گرتۆتەوە، لەگەڵ خواستەکانی کورد دژە و راستەخۆ دەیانەوێ خەڵکمان لێ راست بکەنەوە. لە پێناوی بەرژەوەندییەکان ئەم سەر و ئەو سەریانە، ئەم بانگ دەکەن و ئەو بەڕێ دەکەن، ئەم دەخەملێنن و ئەو دەکڕن، بۆ ئەوەی تەنیا و تەنیا کورد بە ئامانج نەگات. ئەم داگیرکەرانە هەمیشە دەگەڕێن بۆ ئەو مێژووە تاڵانەی کە کورد بەهۆی پەیمانە ستراتیژی و دیپلۆماتی و بەرژەوەندیی زلهێزەکانی دنیا بەسەر کورددا هاتووە، بەمەش دەیانەوێ وەك ئەڵقە و پشتێنێکی ئاسنین تەوقێکی دیکە لە ملی نەتەوەی کورد بدەن، لەوانە پەیمانی (سەنتۆ، سەعد ئاباد، جەزائیر) یان نەخشەی سەد ساڵەی (سایکس پیکۆ)ی بەسەرچوو دووبارە بکەنەوە، دەیانەوێت بە هەمان خەیاڵەوە لە کورد بدەنەوە، بۆ ئەوەی بیگەڕێننەوە بۆ سەرەتای بیستەکانی رابردوو. جا بۆیە هەرچی دەستوور و پەیمان و رێککەوتنێك هەیە، هەرچی مافی مرۆڤ لە جاڕدانی مافی چارەنووسی گەلاندایە، لە دیدو بۆچوونی نەگۆڕی ئەمانەدا یەك سەلکە توور و پیاز ناهێنێ. واتە هەرگیز دان بە مافی نەتەوەیی کورددا نانێن و وەکو هەموو لێی رادەکەن. دەنا نەتەوەی کورد حەزی جددی بە برایەتی و پێکەوەژیان هەیە و پاراستنی هەموو کەمایەتییەکان و ئایینزاکانی بەلاوە پیرۆزە و رێزی لێ دەگرێت. بەڵام حکومەتی شیعەی عێراق لەماوەی ئەم دە ساڵەی رابردوودا چۆن کەوتنە وێزەی سوننەکان و مەسیحییەکان و نەیارەکانیان و دەربەدەریان کردن و لە سووتاندنی کڵێسە و مزگەوتەکاندا دەستواڵا بوون، ئەوەی داعشەکان کردیان، ئەمانیش لەوان کەمتریان نەکردووە.

ریفراندۆم ئەمڕۆ بە چەکێکی بەرگری و دەنگێکی راستەقینە دەستەبژێر دەکرێت کە



لە هەناوی خۆیدا سەربەخۆیی هەڵگرتووە، وەڵامێکیشە بۆ ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی کە بە جەنگی دەروونی و راگەیاندن لە تەکمان دەکرێت. بەڵام کوردایەتی وای فێرکردووین هەرگیز رێبازی نەتەوەیی و بەرخودان بەرنەدەین. ئەو دۆخە هەستیارە پێمان دەڵێت: ئەم جەنگە جەنگی خاك و نەتەوەیە و بەشداریمان بە رۆحێکی پێشمەرگایەتی رێزگرتنە لە خوێنی شەهیدان و قوربانییەکانمان، هەر ئەمەش پێناسەی خۆڕاگریی ئێمەیە. چیتر کات نەماوە گوێ بۆ دیالۆگی هەڵخەڵەتاندن و پاشقول لێگرتن و هاندانی خەڵکی بە قسە سواوەکان و فرت و فێڵی سەردەمی کۆن بگرین. ئەوانە دەیانەوێ بمانخەنەوە ناو قەفەسی دیلێتی. کورد بۆ ئاشتی و دیموکراتییەت و و پێکەوەژیان هەنگاوی زۆری هەڵگرت، وەڵامەکەشی هەمیشە پێشێلکاری



بوو، بۆیە دەبێت پێداگریی لە سەر ئەوە بکەین کە کوردستان خاکی کوردە، چۆن ئێوە دەتانەوێت لەسەر خاکی خۆتاندا بە ئازادی و سەربەخۆ بژین، بۆ کوردیش رەوایە لە سەر خاکی خۆی بە سەربەخۆیی بژی، ئێمە لە یەك نیشتیماندا نین، ئێوەن لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆتاندا ئەم بەیت و بالۆرانە دەڵێنەوە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بڕواتان بە خاکی کوردستان و بە کورد نییە کە نەتەوەیەکی جودان لەگەڵتاندا، هەڵبەت ئێوە لە دیدێکی شۆڤێنی و عەرەبچێتی وابیر دەکەنەوە، بەڵام کورد دروشم و بانگەوازی وای بەردەوام رەت کردووەتەوە، کە لەنێو جوغزی عێراقێکی مەرکەزی شیعە مەزهەبدا تەوق بدرێتەوە.

ماددەی (١٤٠-٥٨) لە دەستووری عێراقدا ماوەی ١٣ ساڵە تۆزی لێ نیشتووە، دەسەڵاتە یەك بە دوای یەکەکانی عێراق بۆ وەدیهێنانی مافی کورد فوویەکیان لەو هەموو تۆزە نەکردووە. ئەوە پێشمەرگە و خوێنی شەهیدان بوو کە واژۆیان لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ماددانەی دەستوور کردووە و بە خەبات و بەرخودان لە جەنگی داعشی خوێنڕێژیان دەرهێنا و پێناسەی کوردبونیان پێدایەوە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا دەکرێت ئەوە بکەینە دیاری و پێیان ببەخشینەوە؟

سەرکەوتنی ریفراندۆم دەلیل و کلیلی دانپیانانی مێژووییە بە مافەکانی نەتەوەی کورددا، ئەوەش تەنیا رێگایە کە کورد بێتوانێت بە ئامانجەکانی بگات، سەرکەوتنی ریفراندۆم بەمانای هەنگاونانی نوێ دێت بەو پەڕی بڕوا بوون بە ئیرادەیی نەتەوەیی، لەم ململانێیەدا بە ئیرادەی گەلمان براوە دەبین، هەموو بەرەو خۆری درەوشاوەتری خاك و وڵات لەژێر ئاڵای کوردستاندا دەڕۆین.



## مونا نەبی قەهوەچی

سەرۆکی فراکسیۆنی چاکسازیی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# ریفراندۆم و سەربەخۆیی زامنی چارەنووسی نەوەکانی ئایندەمانن

**بە شاندی ئێرانم وت یەک مەترسیی سەربەخۆیی کوردستانم پێ بڵێن تاوەکو منیش دژایەتی بکەم**

**سەبارەت بە پرۆسەی ریفراندۆم و گرنگییەکەی بۆ پێکهاتەی تورکمان و چەند پرسێکی دیکەی ناوخۆیی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی مونا قەهوەچی جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازیی تورکمان و سەرۆکی فراکسیۆنی چاکسازیی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** ئێوە وەکو پارتی چاکسازیی تورکمانی تاچ رادەیەك گوزارشت لە پێکهاتەی تورکمانی دەکەن و ئامانج لە دروستبوونی حزبەکەتان چی بووە؟**

- ئێمەی تورکمان دەمانەوێت لە رێگەی پارتی چاکسازیی تورکمانەوە نەك تەنیا خزمەت بە نەتەوەی تورکمان بکەین، بەڵکو خزمەت بە هەموو پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینییەکانی ناو هەرێمی کوردستان بکەین، هەربۆیە ئێمە کاردەکەین بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی پێکەوەژیان لە نێوان تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان. ئێمە لە رێی ئەم حزبەوە ویستمان درێژە بە پەیوەندی و گفتوگۆ بدەین لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. چونکە ئێمە ئەو راستییەمان لەبەرچاوە کە هەر لەسەرەتاوە سەرۆك مسعود بارزانی پێداگری لە مافی تورکمان کردووەو لە کاتی نووسینەوەی دەستووری عێراقیشدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت لە عێراقدا تورکمان وەکو پێکهاتەی سێیەم و لە کوردستانیشدا وەکو پێکهاتەی دووەم دابنرێت، تاکو ئێستاش ئێمە وەکو پێکهاتەی تورکمان هیچ مامەڵەیەکی جیاوازمان نەبینیوە. ئێمە لە دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەشداریمان کردووە، لە ٢٠٠٩ دا بەڕێز عەبدولقادر بازرگان سەرۆکی پارتەکەمان بوو و بووە ئەندام پەرلەمان و خاوەنی یەك کورسی بووین و لە ٢٠١٣ بووینە خاوەنی دوو کورسی، دوای ئەوەی هاوپەیمانێتییەکمان لەگەڵ بەڕێز جەودەت نەجار پێکهێناو لیستی پێشکەوتنی تورکمانمان دامەزراند. لەلایەکی ترەوە پارتی چاکسازیی تورکمان لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەتایبەتی لە کەرکووك و دیالەو خانەقین و بەلەدرۆز ئەندام و کادیرمان هەیە.

*** وەکو پێکهاتەی تورکمان کە لە ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆمدا ئەندامن و لە ئیجماعێکی نیشتمانیدا و لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بڕیار درا لە ٢٥ی ئەیلوولی ئەمساڵ ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، خوێندنەوە و بۆچونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەنجامدانی ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی پەیوەستە بە سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستانەوە، ریفراندۆم پرسێك نییە تایبەت بێت بە حزب و لایەنێکی سیاسییەوە. راستە کێشەی ناوخۆیی هەیە لە نێوان پارتە سیاسییەکان، بەڵام ئەو کێشانە نابنە ئاستەنگ و رێگر لەبەردەم ئەنجامدانی ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرسە پێویستی بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی زیاتر هەیە. دواتر ئەگەر پرسیار بکرێت، بۆچی ئێمە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆممان داوە، ئەوا ئاشکرایە کە لە ساڵی ٢٠١٤دا حکومەتی عێراق بە بڕیارێکی تاکڕەوانە و دیکتاتۆرییانە هەڵسا بە بڕینی قوتی خەڵکی کوردستان، لە هەمو وڵاتێکدا جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی هەر هەبووە، بەڵام نەکراوە و نابێت قوتی خەڵك بکرێتە ئامراز و کارتی فشار، بڕینی قوتی خەڵکی کوردستانیش پەیامێك بوو بۆ ئێمە و پێیان راگەیاندین کە ئێوە بەشێك نین لە عێراق، واتە ئەوان ئەوەیان قبووڵ نەبووە ئێمە بەشێك بین لە وڵاتەکە. تەنانەت دوای ئەوەی چەندین جار شاندەکانمان لە کوردستانەوە سەردانی بەغدایان کرد، بۆ گەیشتن بە رێککەوتن، ئەوان سەرەتا رازی دەبوون، بەڵام دواتر خۆیان لە جێبەجێکردنی دەدزییەوە. ئەوە بوو لە کۆبونەوەی فراکسیۆنەکان لەگەڵ جەنابی سەرۆکدا، رامانگەیاند کە ئەگەر ئێمە کەمتەرخەمین، ئەوا با دەستپێشخەری بکەین، ئەگەر ئەوانیش پاشگەز بوونەوەتەوە لەو پێگەیەی کوردستان بەدەستی هێناوە و دەستوور پێشێل دەکەن، ئەوا ناکرێت ئێمە ئەمە قبووڵ بکەین.

**لەو ماوەیەدا ٢٠٠ خێزانی تورکمانی بە کوشت دران، کەس نەبوو، بە تورکیاشەوە لەسەریان هەڵبداتێ، تەنیا سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێداگری لەسەر مافەکانی ئێمە کرد**

**ئافرەتێکی ئەندامی کۆنگرەکەمان کە لە بەلەدروز هاتبوو، کاتێک رۆیشتەوە شەهیدیان کرد، تەنیا لەبەر ئەوەی پاڵپشتی لە پارتەکەمان و ریفراندۆم دەکرد**

**گرنگە دوو ریفراندۆم لە ناوچەکانی وەک کەرکووک و خانەقین و تەلەعفەر و بەلەد روز ئەنجام بدرێت، یەکێکیان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر کوردستان، ریفراندۆمێکیش لەبارەی سەربەخۆییەوە**

**هەڵوێستی د. نەجمەدین کەریم بە هەڵوێستێکی بوێرانە و نیشتمانییانە دەزانین کە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ ئەوەی ریفراندۆم لە کەرکووک بکرێت**

**لیژنەی راگەیاندن کاری ئەوە دەبێت گوتاری راگەیاندن لەبارەی ریفراندۆمەوە یەکبخات و هەر کەناڵێکیش پێشێلکاری بکات داوای داخستنی دەکەین**

مەبەستم ئەوەیە عێراق خۆی دەستوورەکەی پێشێل کردووە و پێی پابەند نەبووە، نموونەش ماددەی ١٤٠ـە. دواتر عێراق وڵاتێکە سەروەریی نەماوە، پشێوی باڵی کێشاوە بەسەریدا، کێشە لە نێو خودی سوننەکان و خودی شیعەکاندا هەیە، لە نێوان شیعە و سوننەدا کێشەی زۆر زیاتر هەیە، سیاسەتی تایفەگەری پیادە دەکرێت و رێز لە پێکەوەژیان ناگیرێت. هەروەها ئێمە دەزانین کاتێك سوپای عێراق نەیتوانی ئەو ناوچانە بپارێزێت کە داعش پەلاماریدان، ئەوا پێشمەرگە دەستی دایە بەرگری و بگرە ئەو ناوچانەشی رزگار کردەوە کە ناوچەی پێکهاتە جیاوازەکان بوون، بە تورکمان و ئاشووری و کلدان و ئێزیدی و پێکهاتەکانی دیکەوە، بەڵام لەو کاتەشدا حکومەتی عێراق ئامادە نەبوو هاوکاری پێشمەرگە بکات، لە کاتێکدا بودجەیەکی گەورەی بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی تەرخان کرد. کەواتە ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ ئامانجێکە و پێویستە ببێتە هۆی هێنانەئارای سەقامگیری، واتە بۆ پاراستنمانە لە شەڕ و لە برینی قوتی خەڵك و لە داخستنی سنوورەکان. ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەشەوە هەبێت، ئەوا ئێمە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆمین. دواتر ئێمە دەزانین ریفراندۆم بە رەزامەندی ١٧ لایەنی سیاسی بڕیاری لەسەر دراوەو بڕیارەکەش لەسەر بنەمای رێزگرتن بوو لە بۆچونی لایەنە سیاسییەکان و لە خواستی خەڵکی کوردستان، چونکە ئێستا هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی داوای ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکات.

*** هەندێ لە وڵاتان نیگەرانییان دەربڕیوە لەبارەی ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە، وەڵامی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- کاتێك وڵاتانی دراوسێ نیگەرانی دەردەبڕن بەوەی ئەنجامدانی ریفراندۆم دەبێتە هۆی لێکترازان و دابڕان لە عێراق، ئەوا وەڵامی ئێمە ئەوەیە کە دوای سەربەخۆیی یەکەم وڵات عێراق دەبێت کە گفتوگۆی لەگەڵدا ئەنجام دەدەین بۆ ئەوەی ببینە دراوسێیەکی باش لەگەڵ یەکتری. یاخود هەندێ جار دەوترێت ئێستا ساتەوەختێکی گونجاو نییە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، هەروەك لە سەردانێکماندا بۆ کونسوڵگەریی ئەمریکا لە هەولێر پێیان راگەیاندین، وەڵامی ئێمەش ئەوەیە ئەدی کەی کاتیەتی؟ فەرموون کاتەکەمان بۆ دیاری بکەن، ئایا تا ساڵی ٢٠٥٠ رابوەستین؟ ئێمە ١٠٠ ساڵە دوای رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ چاوەڕوانین، ناتوانین ١٠٠ ساڵی دیکەش چاوەڕوان بین هەر بە بیانووی ئەوەی کاتی ریفراندۆم نییە، باجەکە و قوربانییەکەشی هەر خەڵکی کوردستان بیدات. خۆ ئەگەر مەسەلەکە دواخستنی ریفراندۆمە بۆ ماوەی چەند مانگێك، بۆ نموونە تا هەڵبژاردنی عێراق دەکرێت، ئەوا کێشەمان لەگەڵ ئەوەدا نییە، بەڵام دواخستنی بۆ ماوەیەکی نادیار قابیلی قبووڵ نییە. دواتر ئێمە ریفراندۆم بۆ ئەوە ئەنجام دەدەین کە خواستی خەڵکی خۆمان بزانین، ئایا دەیانەوێت ببنەوە بەشێك لە عێراق، یان جیاببنەوە، ئەوەش مافێکی رەوای خۆمانە و مەترسیی بۆ سەر هیچ لایەك نییە، هەروەها راستەوخۆ دوای ریفراندۆم سەربەخۆیی راناگەیەندرێت. بەم دواییە شاندێکی باڵای ئێران سەردانیان کردین و پێیان راگەیاندین کە بۆچی ئێوە وەك حزبەکەتان و شەخسی خۆت زۆر پێداگیری لەسەر ریفراندۆم دەکەن، منیش پێم راگەیاندن کە ئەو مەترسییەم پێ بڵێن کە ریفراندۆم لەسەر ئێران دروستی دەکات، منیش بەڵێنتان پێ دەدەم کە ببمە بەربەست و رێگر لەبەردەمی، هەروەها باسم لەوەکرد کە ئەگەر ئێوە لە بنەماکانی ریفراندۆم و لە ئامانجەکانی ورد ببنەوە، ئەوا هاوکارمان دەبن و پشتیوانیمان لێدەکەن. ئێستاش ئێمە چیتر تەحەمولی ئەو دۆخە ناکەین و لە راستیدا دەبوو لە ساڵی ٢٠٠٣دا سەربەخۆییمان رابگەیاندایە، نەك بەشداریمان لە حکومەتی عێراقدا بکردایە، بەڵام ئێمە دەرفەتێکمان دا بە عێراق، کەچی دەبینین دەرئەنجامەکەی چی بوو، دەبینین رێککەوتن دەکرێت ئەوان پێوەی پابەند نابن و جێبەجێی ناکەن. کەواتە خەڵکی کوردستان متمانەی بە حکومەتی عێراقی نەماوە. پشتیوانی ئێمەش بۆ ریفراندۆم لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە نەتوانراوە ئاسایش و ئارامی بۆ پێکهاتەکانی عێراق لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستەبەر بکرێت، ئێمە زانیمان چ چارەنووسێك بەسەر مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوادا هات، هەروەك لەو ماوەیەدا ٢٠٠ خێزانی تورکمانی بە کوشت دران، کەس نەبوو، بە تورکیاشەوە، لەسەریان هەڵبداتێ، تەنیا

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێداگری لەسەر مافەکانی ئێمە کرد.

*** کەواتە پێتوایە تا چەند بوونی یەکڕیزی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسە نیشتمانییە گرنگە؟**

- لە راستیدا ئێمە پرسیارمان لە جەنابی سەرۆکی هەرێم کرد، ئایا ئەگەر لایەنێکی سیاسی نەیەتە نێو ئەم پرۆسەیەوە، لێکترازان روونادات؟ وەڵامی بەڕێزیان ئەوە بوو کە ئێمە هەوڵ دەدەین سەرجەم لایەنەکان بەشدار بن، بەڵام ئەگەر لایەنێك بەشدار نەبوو، ئەوا ئێمە ناتوانین پرۆسەکە رابگرین، چونکە پرۆسەکە گەورەترە لە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمان و تەنانەت لە خواستی پارتە سیاسییەکانیش. ئێمەش وەك پێکهاتەکان هاوڕاین لەسەر ئەوەی ئەمە پرسێکی نیشتیمانییە و تەنانەت لە کۆبوونەوەماندا لەگەڵ جەنابی سەرۆك وەك پێکهاتەکان رامانگەیاند کە ئەگەر ئێوەش پاشگەز دەبنەوە، ئەوا ئێمە پاشەکشە ناکەین، چونکە ئێستا ئێمە نازانین چارەنووسمان چی دەبێت. واتە راستە ئێستا ئارامی و ئاسایش هەیە، بەڵام دەبێت لە ئێستاوە کار لەسەر زامنکردنی ئایندەی نەوەکانمان بکەین، ئەگەرنا کێشەمان بۆ دروست دەبێت.

*** پارتەکەتان لەو نوێنەرایەتییەی کۆمیتەی ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم بەشدارن و لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری کۆبوونەوەکانی برۆکسلی ئەورووپاشتان کرد، ئایا جگە لە پرسی ریفراندۆم هیچ ئامانجی دیکەتان هەبوو؟**

- لە راستیدا لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە پێوەری بەشداریکردن دیاریکرا کە بریتی بوو لەوەی ئەو حزبانەی لە پەرلەمان و حکومەتدا بەشدارن، نوێنەریان هەبێت لە کۆمیتەی باڵای ریفراندۆم، حزبەکەی ئێمە، پارتی چاکسازیی تورکمان، هەروەها پارتی گەشەپێدانی تورکمان بەشدارن لە پەرلەمان کوردستان، هەروەها لیستی هەولێری تورکمانی و بەرەی تورکمانیش هەن، بەرەی تورکمانی رایگەیاندووە لەم کات و ساتەدا لەگەڵ ریفراندۆم نین، ئێمە رێز لە بۆچوونیان دەگرین، بەڵام ئەوان نوێنەرایەتی سەرجەم تورکمان ناکەن. ئەوەتا ئێمە بەشدارین لە ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم و ئامانجمان گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، سەردانی سەرۆکی هەرێمیش بۆ برۆکسل لە ئاستێکی باڵادا بوو، دەرئەنجامی ئیجابیشی هەبوو. ئێمە لە هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەکانمان دەست پێدەکەین و هیوادارین گۆڕان و کۆمەڵیش بەشدار بن، چونکە ئەوانیش لەبەرنامەو دروشمی خۆیاندا بانگەشەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکەن، ئێستاش کاتی ریفراندۆم و سەربەخۆییە. لە کۆبوونەوەی هەفتەی داهاتووشدا لیژنە فەرعییەکان دروست دەکرێن، کە لیژنەی راگەیاندن و لیژنەی دیپلۆماسی و سیاسی دەبن. لیژنەی راگەیاندن کاری ئەوە دەبێت گوتاری راگەیاندن لەبارەی ریفراندۆمەوە یەکبخات و هەر کەناڵێکیش پێشێلکاری بکات داوای داخستنی دەکەین.

*** چارەنووسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ تورکمان گرنگی خۆی هەیە؛ ئایا ریفراندۆم لەو ناوچانەدا چۆن بەڕێوەدەچێت و گرنگی ریفراندۆم بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ناوچانە چی دەبێت؟**

- ئێمە لە پارتی چاکسازیی تورکمان پێمان گرنگە دوو ریفراندۆم لە ناوچەکانی وەك کەرکووك و خانەقین و تەلەعفەر و بەلەد روز ئەنجام بدرێت، یەکێکیان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر کوردستان، ریفراندۆمێکیش لەبارەی سەربەخۆییەوە، ئێمە هەڵوێستی د. نەجمەدین کەریم بە هەڵوێستێکی بوێرانە و نیشتمانییانە دەزانین کە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ ئەوەی ریفراندۆم لە کەرکووك بکرێت، ئێمەش نوێنەرمان هەیە لە کەرکووك کە بەڕێز عرفان کەرکوکلییە و دەتوانم بڵێم زۆربەی تورکمانەکانی کەرکووك لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆمن. تەنانەت پارتەکەمان لە٢٤ی مانگی ئایاری ٢٠١٧ لەسەر ئاستی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوە بە بەشداری ٣٥٥ ئەندام کۆنگرەیەکی فراوانمان ئەنجام دا کە ٢٥٠ ئەندامی نوێنەری خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بوون، ئافرەتێکی ئەندامی کۆنگرەکەشمان کە لە بەلەد روز هاتبوو، کاتێك رۆیشتەوە شەهیدیان کرد، تەنیا لەبەر ئەوەی پاڵپشتی لە پارتەکەمان و ریفراندۆم دەکرد.

**پشتیوانی ئێمە بۆ ریفراندۆم لەووەوە سەرچاوە دەگرێت کە نەتوانراوە ئاسایش و ئارامی بۆ پێکهاتەکانی عێراق لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستەبەر بکرێت**

**چیتر تەحەمولی ئەو دۆخە ناکەین و لە راستیدا دەبوو لە ساڵی ٢٠٠٣دا سەربەخۆییمان رابگەیاندایە، نەک بەشداریمان لە حکومەتی عێراقدا بکردایە، بەڵام ئێمە دەرفەتێکمان دا بە عێراق، کەچی دەبینین دەرئەنجامەکەی چی بوو**

**ئێمە ١٠٠ ساڵە دوای رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ چاوەڕوانین، ناتوانین ١٠٠ ساڵی دیکەش چاوەڕوان بین هەر بە بیانووی ئەوەی کاتی ریفراندۆم نییە، باجەکە و قوربانییەکەشی هەر خەڵکی کوردستان بیدات**

# کورد بەرەو دەوڵەت

کۆمەڵگەی تەندروست لە پەرەسەندنی سرووشتی خۆیدا دەگات بە ئاستی بەرهەمهێنان و بنیادنانی بەرزترین دامەزراوەی خۆی کە ئەویش دەوڵەتە. لەپاڵ ئەم تێزە کۆمەڵناسییەدا، هەندێ کۆمەڵگەش بڕیاری سیاسیی دەوڵەتانی بڕیاربەدەست دەوڵەتی بۆ دروست کردوون. ئەگەر لە رووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە سەیر بکەین، ئەوا چەندین دەروازە هەیە بۆ ئەوەی لێیانەوە کۆمەڵگە بگاتە ئاستی دروستکردنی دەوڵەت.

لە روانگەی تیۆریی هیگڵەوە کۆمەڵگە لە خێزانەوە دەست پێدەکات و بە کۆمەڵگەی مەدەنیدا تێدەپەڕێت و دەگات بە ئاستی دروستکردنی دەوڵەت. یان لە روانگەی رۆحی گشتی کۆمەڵگەوە، دەشێ رۆحی گشتی کۆمەڵگە لە کرداری یەکبوون و یەکگرتندا بەرەو بڵندبوون بچێت و لە دروستکردنی دامەزراوەی دەوڵەتدا بتوانێت گوزارشت لە خۆی بکات. لە پێش ئەویش کۆمەڵناسی ئیسلامی ئیبن خەلدوون پێی وایە دامەزراوەی خێڵ و عەشیرەت لە رێگای بەهێزبوون و لە هەمان کاتدا کرانەوەی پەیوەندییەکانی خوێن و دەمارەوە کە بنەمای سەرەکیی دامەزراوەکانی خێڵ و عەشیرەتن، دەتوانرێت فیدراسیۆنی خێڵ پێکبێت و ئەو فیدراسیۆنەش کە بریتییە لە یەکێتیی خێڵەکان، پایەکانی دەوڵەتی خێڵ پێکبهێنن و دەوڵەت لە کۆمەڵگە خێڵایەتییەکاندا لەم دەروازەوە دروست بووە. دەوڵەتانی بابلی و ئەکەدی و ئاشووری و مید، نموونەی ئەم جۆرە دەوڵەتانەن. هەروەك ئایین بووەتە دەروازە بۆ پێکهێنانی هەندێ دەوڵەت کە دیارترینی ئەو دەوڵەتانەش لە مێژووی ئیسلامدا پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامییە لە یەکەم دەوڵەتی سەردەمی راشیدینەوە بۆ ئەمەوی و عەباسی و سەفەوی و عوسمانی و قاجاری و..تاد. هەروەها ئایینی جوولەکە بنەمای سەرەکیی پێکهاتنی دەوڵەتی ئیسرائیل بووە. لە روانگەی تیۆری مارکسیزمیشەوە کە ئابووری بزوێنەری مێژووە، چینی ناوەند وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێن و بنیادنەری دەوڵەتە، کە ئەو دەوڵەتەش دەوڵەتی چینی ناوەند، یان دەوڵەتی نەتەوەیە. بێگومان بۆچوونی لەو جۆرەش هەیە کە پێی وایە دەوڵەتی هیند لە مێژوودا لەپاڵ پایە کۆمەڵایەتییەکانی تری پێکهێنانی دەوڵەتدا، سرووشتی هیندیستان بەشدارە لە بەرهەمهێنانی ئەو دامەزراوەدا. رەنگە ئێستا کۆمەڵگەی کوردی بەرەو ئەو قۆناغە هەنگاو بنێت کە زۆرینەی ئەو رەگەزانەی، یان دەروازانەی باسمانکردن، بە جۆرێك تیایدا بەرەو ئامادەبوون بچن. واتە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پێشخانی دروستبوونی دەوڵەت روو لە ئامادەبوونە. جێگای خۆیەتی ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە دەوڵەت تاکە کەس دروستی کردبێت، یان خێڵ و عەشیرەت، یان ئایین، یان چینێکی کۆمەڵایەتی، یان حیزب و ئایدیۆلۆجیایەك، یان نەتەوەیەك، هیچ کام لەو دەوڵەتانە بە دیموکراسی دروست نەبوون و

**ئەگەر دەوڵەتی کوردی دروست ببێت، لە ماوەیەکی کورتدا کوردستان دەتوانێت هەم کێشە ناوخۆییەکان تێبپەڕێنێت و هەم خۆی لەگەڵ دنیای دەرەوەشدا بە باشی و هاوسەنگی بگونجێنێت**



**عەتا قەرەداغی**

**تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی**

دەوڵەتـی هاووڵاتـی نەبـوون، بەڵکـو دواتر بـە خەباتی خەڵك دیموكراسـی دروسـت بووە، دەوڵەتی هاووڵاتیش نەبوون، بەڵکو خەباتی هاووڵاتیان و دانانی دەسـتوورو یاسا بووەتە پارێزەری مافەکانی هاووڵاتی و دەوڵەتی تا ئەندازەیەك لە پیادەکردنی دەسەڵاتە زۆرو توندەکانی خاوکردووەتەوەو رێی لێ گرتووە.

دیـارە لـە رووی کۆمەڵناسـییەوە کورد لە هیچ کام لەم دەروازانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن نەیتوانیوە دەوڵـەت دروسـت بـکات. هـەروەك پێشـتر ئێمـە باسـی ئەوەمـان کـردووە لەبـەر ئـەوەی کۆمەڵگـەی کـوردی پەرەسـەندنێکی شـێواوی هەبـووە، لە بەرزترین ئاسـتی گەشـەکردنیدا دامەزراوەی میرنشینی دروست کردووە، کە دیارە بەراورد بە دەوڵەت، میرنشـین دامەزراوەیەکی ناکامڵە. هەڵبەت ئاشکرایە چەندین کۆمەڵگەی تریش هەبـوون لـە مێـژوودا کـە هەمـان بارودۆخـی کوردیان هەبـووە لـە رووی پەرەسـەندنەوە، بەڵام لە رێگای ترەوە گەیشتوون، یان گەیەندراونەتە ئاستێك کە دامەزراوەی دەوڵەتیـان بـۆ دروسـت بکرێـت، ئەویـش بـە بڕیـاری سیاسـیی دەوڵەتانـی بڕیاربەدەسـت، واتـە دەوڵەتیان بۆ دروستکراوە، نەك لە رووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە گەیشتبنە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت. نموونەی زۆرێك لـەو دەوڵەتـە بـە نـاو نەتەوەییانـەی لـە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یان لەسەر پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی دروستکران. لە نموونەی ئەوانـەش دەوڵەتـی نوێـی عێـراق و سـووریا و لوبنان و ئوردن و دەوڵەتان و میرنشینەکانی کەنداو و...تاد، کە لە رووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییانەوە کۆمەڵگەکانی ئـەوان لـە کۆمەڵگـەی کـوردی پێشـکەوتووتر نەبوون، بەڵام جووتبوونی بەرژەوەندیی ئەو جوگرافیایانە لەگەڵ بەرژەوەندیـی دەوڵەتانـی بڕیاربەدەسـتدا، بەتایبەتـی ئیمپریالیزمـی بەریتانیـای دوژمنی گـەلان و ئازادی هـۆکاری دروسـتکردنی دەوڵەتانـی ناوچەکـە بـوو بـۆ بەرژەوەندیی خۆی، کە ئەو هەلەی بۆ ئەوان رەخسێنرا ئەوکات بۆ کورد نەڕەخسێنراو دژایەتیش کرا، کە دیارە خراپ کارکردنی کورد خۆیشـی و باش تێنەگەیشتنی لە رەوتی سیاسـیی ئەو کاتە و لەسـەروبەندی جەنگی یەکەم و پاش جەنگیشدا لەو رووەوە دەوری بینیوە.

ئێسـتا سـەدەیەك بەسەر جەنگی یەکەمی جیهانی و -سـایکس پیکۆ-دا تێپەڕیوە، کە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتی بـەو شـێوەیەی ئێسـتا داڕشـت و چەندیـن دەوڵەتـی لـە ناوچەکـەدا دروسـتکردو، کـورد بـوو بـە قوربانیـی لـەو پەیماننامەیـەداو کرایـە کۆڵۆنییەکـی نێودەوڵەتـی. کەواتـە ئـەوەی ئاشـکرایە دەوڵەتانـی ناوچەکە کە دواترو تاکو ئێستاش زۆریان وەکو دەوڵەتی نەتەوەیـی خۆیـان دەناسـێنن، بەرهەمـی پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵگەکانیـان نیـن، بەڵکـو دەوڵەتی بـە بڕیـار دروسـتکراون. ئێسـتا پرسـیار ئەوەیـە ئایا لە ئێسـتادا لـە رووی کۆمەڵایەتییەوە کـورد چەند قۆناغ

**هەرچۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتاوە ئێران و تورکیاو عێراق و سووریاش دژی بوون، بەڵام دواتر بە ناچاری مامەڵەیان لەگەڵ کردو کونسوڵخانەشیان لە کوردستان کردەوە، بەهەمان شێوە ئەو دەوڵەتانە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی کوردی دەکەن و سەرئەنجام دانیشی پێدا دەنێن**

**پێویستمان بە جۆرێک لە رێنیسانسی گشتگری نەتەوەیی هەیە بۆ بیناکردنەوەی کەسێتیی تێکشکاوی کوردی تا بگاتە ئاستێک کە ببێتە بکەری رووداو و دروستکەر و چیتر لەبەردەمی ئەوی نەتەوەی سەردەستدا بچووک و بستەباڵا خۆی نمایش نەکات**

**لەبەر لاوازیی ناسیۆنالیزمی کوردی و لەبەر پێکنەهاتنی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی و خاوەن شوناس، ئومێدی یەکێتی و یەکبوونی هەموو کوردی باشوور لەیەکەیەکی یەکگرتوودا وەکو جۆرێک لە خەیاڵی رۆمانسییانەیە**

لە کۆمەڵگەکانی هەمموو ئەو دەوڵەتانە پێشکەوتووترە کە ئەو کات دەوڵەتیان بۆ دروستکردن و تەنانەت هەندێکیانیان کرد بە فەرمانڕەوای بەشێکی فراوانی کوردستان لە باشوورو لە رۆژئاوا. هەروەها لە رووی سیاسی و ئامادەبوونەوە کورد لە ناوچەکەدا ئێستا ئامادەبوونێکی دیاری هەیە، بەتایبەتیش دوای بەرەو شکستچوونی هەردوو دەوڵەتی عێراق و سووریاو دەرکەوتنیان وەکو دوو دەوڵەتی شکستخواردووی تائیفی کە هەرەشەن بۆ سەر ئازادی و سادەترین بنەماکانی ژیانی هاووڵاتی. ئێستا چاوەڕوانی سەرلەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە دەکرێت، بۆیە ناشێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە کورد لە باشووری کوردستان وەکو ئەوەی ئێستا لەم بارە شلۆقەدا بمێنێتەوە، واتە ئەو بارەی نە دەوڵەتە و نە زەمانەتێکیش هەیە بۆ پاراستنی هەتاهەتایی لەبارێکی وەهادا کە وەکو راوەستانە لەسەر خاڵی شلۆق. ئێستا ئەو کاتەیە کە کورد پێویستی بە بڕیاردانی بوێرانە هەیە کە ئەویش بڕیاردانی دروستکردنی دەوڵەتە. دیارە ئەوە ئاشکرایە کە بڕیارێکی لەم جۆرەش جۆرێك لە سەرکێشی دەوێت، واتە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین، ئەگەر کورد لە باشوور ئێستا دەوڵەت دروست بکات، ئەگەری ئەوەی هەیە رووبەڕووی فشارو کاردانەوەی کاتیی دەوڵەتانی دەوروبەر ببێتەوە، بەتایبەتی پاشماوەی هەردوو ئیمپراتۆرەکەی رابردوو واتە (ئێران و تورك)، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەبێ ئێمە بترسین و هەرگیز نەوێرین بڕیار بدەین، نەخێر، دەبێ هەم ئەوە لەبەرچاو بگرین کە مەترسی دێتە رێمان و دەبێ خۆمان ئامادە بکەین بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانە، بەڵام بە لۆجیکی عەقڵ و کاری دیپلۆماسییانەی لێهاتوو بە گوێرەی ئەوەی پەیوەندی بە فشاری دەرەوە هەیە کاربکەین و دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین کە هەم ئەوان تێبگەن دەوڵەتی کوردی مەترسی نابێت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەوان، هەم کورد لە بوون بە دەوڵەتدا دەتوانێت هەمموو ئەو ئیلتیزاماتانە جێبەجێ بکات کە سیاسەتی نێودەوڵەتی و دراوسێیەتی دەیخوازێت. لەسەر ئاستی ناوەوەش دەبێ ئامادەباشی بکرێت بۆ ئەوەی زیاترین پانتای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی پاڵپشتی بڕیارێکی لەوجۆرە بکات کە ئەوەش وەکو چەندینجار گوتوومانە پێویستی بە یەکێتیی نەتەوەیی هەیە، یەکێتیی نەتەوەییش بە پشتکردنە یەکترو هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکتر پێکنایەت، بەڵکو بە یەکتر قبووڵکردن و دەستدانە دەستی یەکترو پێکەوە کارکردن بەرهەم دێت. من دەزانم ئەم یەکێتی و یەکبوونە لە ئاستی قووڵدا هوشیارییەك دروستی دەکات کە هێشتا لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێنەگەیشتووە، چونکە ئەو هوشیارییە بەرهەمی ناسیۆنالیستێکی خاوەن شوناسە کە هەڵگری پرۆژەی ناسیۆنالیزمە. پرۆژەی ناسیۆنالیزمیش لە سادەترین پێناسەیدا پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە. دیارە ئەگەر ناسیۆنالیزم بوو بە بەرنامەی کۆمەڵگە، ئەوا یەکێتی و یەکبوونی کۆمەڵایەتی بە سرووشتی دروست دەبێت، چونکە ناسیۆنالیزم ئەو ئایدیۆلۆجیا کۆمەڵایەتییەیە کە هەمموو دیوارە ناوخۆییەکانی نێو کۆمەڵگە لە پێناوی دروستکردنی یەکەیەکی یەکگرتوودا دەڕووخێنێت و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی لە جۆری حیزب و دەستەو گرووپ و خێڵ و عەشیرەت و ئایین و مەزهەب و رێکخراو و ناوچە و زاری جۆراوجۆری زمان دەکاتە یەکەیەکی یەکگرتوو کە ئەویش وەکو تاکە هێزێکی کۆمەڵایەتی بەرەو سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت هەنگاو دەنێت، لەوێشەوە نەتەوە پێکدێت. بەڵام مادەم بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوچەکە ئێستا دەخوازێت کە کورد بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات و، ئێستاش باسی ریفراندۆم دەکەین، کەواتە پێویستە چی زەمینەسازی پێویست هەیە بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامی بدەین و هیچ کامبمان، هیچ حیزب و لایەنێك نابێت مەرجی هەبێت بۆ رێکخستنی ناوماڵی کوردی، چونکە چارەنووسی نەتەوایەتیمان، واتە (سەربەخۆیی و دەوڵەت) لە هەمموو ئیمتیازێك گەورەترە دەبێ لە پێناویدا هەمموان دەست لە ناودەست بنێن و هەمموو کێشە سیاسی و ئیدارییەکانی ناوخۆ بە زووترین کات چارەسەر بکەن.

بەهەرحاڵ دەبێ ئێمە ریالیستانە سەیری واقیعی خۆمان بکەین و دان بەوەدا بنێین کە لە ئێستاداو لەم بارودۆخە وورووژاوە ناجێگیرەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناتوانرێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکە دەستبەجێ دروست ببێت و کۆمەڵگە بکاتە یەکەیەکی یەکگرتوو بۆ سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت، بۆیە بەلایەنی کەمەوە دەبێت ئەگەر بەڕاستی دەمانەوێت دەوڵەت رابگەیەنین، ئەوا بەکاری هاوبەش و بە هەوڵدان بۆ رووخاندنی دیوارە ناسرووشتییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی هەنگاوی بەرەو جۆرێك لە یەکبوون و یەکگرتن هەڵبهێنین لە پێناوی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتداو لە پێناوی پاراستنیشیدا، کە دەشێ دواتر لەژێر چەتری ئەو دەوڵەتەدا هەنگاوی زیاتری بەرەو گەشەکردن و پەرەسەندن و سەقامگیری هەڵبهێنین

کە ئەمانەش بنەمای پێویستن بۆ هەنگاونان بەرەو دیموکراسی و ئازادیی زیاترو دروستکردنی حکومەتی هاووڵاتی، چونکە ئاشکرایە بەبێ چەتری دەوڵەت و سەربەخۆیی و پێشکەوتنی هەمەلایەنەو سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دیموکراسی و ماف و عەدالەت، بێجگە لەقسەی بێ گەوهەر هیچیتر نییەو دەلالەتیشە لەسەر نەناسینی چەمکی دەسەڵات و نەناسینی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، وەکو کۆمەڵگەیەکی داگیرکراوی دابەشکراوی پەرەسەندووی شێواوی پەراوێزی مێژوو. بێگومان یەکێتی و یەکبوون ئەگەر وەکو ئەوەی لە خەیاڵی ئێمەدایە وەکو پێویستیش نەبێت، بەڵام دەبێ بزانین کە هەر لە بنەما سەرەکییەکانە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی. ئێمە دەزانین لەبەر لاوازیی ناسیۆنالیزمی کوردی و لەبەر پێکنەهاتنی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی و خاوەن شوناس، ئومێدی یەکێتی و یەکبوونی هەموو کوردی باشوور لەیەکەیەکی یەکگرتوودا وەکو جۆرێك لە خەیاڵی رۆمانسییانە وایە، بەڵام دەکرێت بە کۆشش و کارکردن و گیانی لێبووردەیی و هەوڵی هەمەلایەنەی هەمووان و بەتایبەتی ئەوانەی بەرپرسیارێتیی زیاتریان لەئەستۆدایە بۆ دەستگرتنی ئەوانی ترو تەنانەت بە دەستبەرداربوونی زۆرێك لە ئیمتیازەکانی خۆیان بۆ ئەوانی تر لە پێناوی دروستکردنی کۆدەنگییەکی نەتەوەیی زیاتردا، دەشێ زەمینەسازی کۆمەڵایەتی بۆ بڕیاری سەربەخۆیی بسازێنرێت، هەڵبەت ئەوەش دەزانین کە رێکخستنی باری ئابووری و باشکردنی بژێوی خەڵك و دروستکردنەوەی ئینتیما لەلای خەڵك بۆ خاك و نیشتمان و نەتەوە بنەمایەکی سەرەکیترە بۆ کۆدەنگی و بۆ سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی شوناس کە ئەوانەش لە هەنگاوە گرنگ و سەرەتاییەکانن بۆ راگەیاندنی دەوڵەت، هەڵبەت لەسەر ئاستی مەعنەوییش پێویستمان بە جۆرێك لە رێنیسانسی گشتگری نەتەوەیی هەیە بۆ بیناکردنەوەی کەسێتیی تێکشکاوی کوردی تا بگاتە ئاستێك کە ببێتە بکەری رووداو و دروستکەر و چیتر لەبەردەمی ئەوی نەتەوەی سەردەستدا بچووك و بستەباڵا خۆی نمایش نەکات. ئێستا بەجۆرێك ئەو دەنگە لە سەرئاستی جەماوەری و حیزبیش لە کوردستان دەبیسترێت کە ئومێدی زیاترمان بەوە هەیە کەسێتیی کوردی بە گشتی بگاتە ئەو ئاستەی لە پێناوی سەربەخۆییدا یەکدەنگ بێت و لەبەردەم داواکاری و چاوسوورکردنەوەو تەنانەت هەڕەشەی ئەوانی تردا دەستبەرداری داواکارییە نەتەوەییەکانی خۆی نەبێت. مەبەستمان لەم قسەیە دوژمنایەتیکردنی هیچ نەتەوەو ئیتنیکێکی تر نییە، بەڵکو مەبەستمان گەیشتنی کەسێتی کوردییە بە ئاستێك کە تیایدا خۆی لەوانی تر بە بچووکتر نەزانێت.

بەڵێ، ئەو قسەیە هەرگیز راست نییە کە گوایە ئێستا کاتی راگەیاندنی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەگەر کورد خۆی ئامادەبێت بۆ راگەیاندنی دەوڵەت بەو ئامادەکارییانەوە کە لەسەرەوە باسمانکردن، ئەوا ئێستا باشترین و لەبارترین کاتە بۆ بڕیارێکی لەو جۆرەو ئەسڵەن پێویست بەوە ناکات چاوەڕوانی بارودۆخی لەمەی ئێستا باشتر بکات. بەڵێ، ئێستا بارودۆخی نێودەوڵەتی لەبارە، هیچ هەنگاوێکی لەم جۆرەش بێ کێشەو بێ سەرکێشی و بێ مەترسی نابێت، بەڵام زەمینەسازی ناوخۆ زەمانەتی سەرکەوتنی بڕیارێکی لەم جۆرە دەکات. ئەگەر باشووری کوردستان سوود لەم بارودۆخە وەرنەگرێت ئەوا هەمان هەڵەی کاتی رووخاندنی رژیمی سەدام حوسێن دووپات دەکاتەوە. بەڵام ئەگەر بە لۆجیکی عەقڵ بیربکرێتەوە، ئەوا بە جێبەجێکردنی ئەو ئامادەباشییە ناوخۆییانەی کە باسمانکردن، کورد بێ هیچ ترس و دوودڵییەك دەتوانێت بڕیاری سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت بدات. رەنگە لە سەرەتاوە کێشەی زیاترمان بۆ دروست ببێت، بەڵام سەرئەنجام ئەوە تاکە رێگای دەربازکردنی باشووری کوردستانە لە کۆی ئەو کێشانەی کە ئێستا پێوەی دەناڵێنێت، چونکە لەسەر ئاستی دەرەوە دروستکردنی دەوڵەت زۆرێك لە کێشەکانی ئێستای باشووری کوردستان چارەسەر دەکات، لەسەر ئاستی ناوخۆش دروستکردنی دەوڵەت هەموو ئەو لایەن و حیزب و گرووپ و تاکە کەسەکانیش لەژێر چەترێکدا کۆدەکاتەوەو لە مەترسییەکانی رابردوو رزگاریان دەکات. بێگومان ئەگەر لەسەرەتاوە دوچاری کێشەو رەنگە تەنگ پێ هەڵچنینیش ببین، بەڵام سەرئەنجام دەوڵەتی کوردی دەبێتە دیفاکتۆ و هەرچۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتاوە ئێران و تورکیاو عێراق و سووریاش دژی بوون، بەڵام دواتر بە ناچاری مامەڵەیان لەگەڵ کردو کونسوڵخانەشیان لە کوردستان کردەوە، بەهەمان شێوە ئەو دەوڵەتانە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی کوردی دەکەن و سەرئەنجام دانیشی پێدا دەنێن. بێگومان ئەگەر دەوڵەتی کوردی دروست ببێت، لە ماوەیەکی کورتدا کوردستان دەتوانێت هەم کێشە ناوخۆییەکان تێبپەڕێنێت و هەم خۆی لەگەڵ دنیای دەرەوەشدا بە باشی و هاوسەنگی بگونجێنێت.

**بەبێ چەتری دەوڵەت و سەربەخۆیی و پێشکەوتنی هەمەلایەنەو سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دیموکراسی و ماف و عەدالەت، بێجگە لەقسەی بێ گەوهەر هیچیتر نییە**

**لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی پەرەسەندنێکی شێواوی هەبووە، لە بەرزترین ئاستی گەشەکردنیدا دامەزراوەی میرنشینی دروست کردووە، کە دیارە بەراورد بە دەوڵەت، میرنشین دامەزراوەیەکی ناکامڵە**

## ستیوارت کۆفمان

پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای دژایەتی ئێران داڕێژراوە

**ستیوارت کۆفمان پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی دیلاوێر، لە چەند بوارێکی گرنگدا کاری کردووە کە پەیوەست بوون بە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، شەڕی عێراق، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ناکۆکیی ئیسرائیل-فەلەستین. تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگیشە وەك ناکۆکیی ئیتنی، ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. بۆ هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەی باڵی بەسەر ئەم ناوچەیەدا کێشاوە، لەگەڵ چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** ئاشکرایە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژییە و ئەمریکا ناتوانێت بایەخ و گرنگی پێنەدات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا چۆن بەدی دەکەیت و چۆن شرۆڤەی بۆ دەکەیت؟**

- لە بنەڕەتدا سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەوەربەندە لەسەر دژبوون بە ئێران، واتە پێیوایە ئەگەر تۆ دژ بە ئێران بیت، ئەوا لە ریزی ئەمریکادایت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بەرهەڵستی ئێران نەکەیت، ئەوا بەشێکی لە کێشەکە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی- ئیدارەی ترەمپ- بەم شێوەیە لە مەسەلەکە دەڕوانێت، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە پشتیوانی سعودیەی لە دژی قەتەر کرد.

*** ئێمە دەزانین کە یەکێك لە ئەولەوییەتە بەپەلەکانی ئیدارەی ئەمریکا تێکشکاندنی تیرۆریستان و بەتایبەتی داعشە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ئێستاش شەڕی دژ بە داعش بەرەوپێشچوونی گەورەی بەخۆوە بینیوە لە عێراق و سووریادا، بەڵام ئایا ئەمریکا پێویستە و دەتوانێت چی بکات بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیرییەکی درێژخایەن لە دوای تێکشکاندنی ئەم تیرۆریستانەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە. ئەمە پرسێکە بۆتە جێی بیرکردنەوەی سوپای ئەمریکا و لەم ڕووەوە توێژینەوە دەکەن کە چۆن هاوکاریی عێراق و سووریا بکەن و چۆن دۆخی ئەو دوو وڵاتە ئارام و سەقامگیر بکرێتەوە لە دوای تێکشکاندنی داعشەوە. بەڵام ئەمەش کار و ئەرکێکی قورسە، بەتایبەتی بۆ لایەنێکی دەرەکی. ئەمە هەڵەیەك بوو کە سەرۆك بۆش لە سەرەتای سەرۆکایەتییەکەیدا کردی، کاتێك باوەڕی وابوو بە داگیرکردنی عێراق دەتوانێت ئەو وڵاتە بە



شێوەیەك دابڕێژێتەوە کە پێویستە. ئێمە لەو کاتەدا نەمانتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەین و لە ئێستاشدا ناتوانین پێی هەڵبستین. لەگەڵ ئەوەشدا، پێموایە ئەمریکا دەتوانێت کارێکی گرنگ ئەنجام بدات، ئەویش هاندانی حکومەتی عێراقە بۆ ئەوەی سوننەکان لەخۆبگرێت و ئاوێتەیان بکات.

*** کەواتە نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین ئەمریکا دەستبداتە پرۆژەیەکی گەورەی بنیادنانی نەتەوە و گۆڕینی کۆمەڵگەکانی ئەم ناوچەیە؟**

- ئەوە راستە. ئیدارەی ترەمپ بایەخ بە پرسی بنیادنانی نەتەوە نادات، تەنانەت لەوە تێناگەن کە بۆچی ئەمە کارێکی باشە و بگرە لەوەش تێناگەن کە بۆچی ئەمە کارێکی گرنگە، ئەوان بایەخ بە گەلی عێراق و بە گەلانی ناوچەکەش نادەن. کەواتە گرنگی بە گەلی عێراق و گەلی سووریاش نادەن و بایەخەکانیان لە کوشتنی تیرۆریستان و لە دژایەتیکردن و بەرهەڵستیکردنی ئێراندا چڕکردۆتەوە.

*** ئێوە باستان لەوە کرد ئەمریکا دەتوانێت هەڵبستێت بە هاندانی حکومەتی عێراق بۆ ئاوێتەکردنی سوننە لە پرۆسە سیاسیەکەدا، بەڵام ئێمە دەزانین لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا ئەم هەوڵە سەرنەکەوتوو نەبووە، لە ئێستادا ئەگەرەکانی سەرکەوتنی هەوڵێکی لەم چەشنە چۆن لێکدەدەنەوە؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، لایەنێکی دەرەکی ناتوانێت بە شێوەیەکی کارا گۆڕانکاری لەم پرسەدا بێنێتەئاراوە، ئەوەی دەبێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بریتیە لە چۆنیەتی ئیدارەدانی جیاوازییە تایفەگەرییەکان. راستە لەنێو جەرگەی شەڕدا زەحمەتە پرۆسەی ئاشتەوایی بەرەوپێش بچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە هەنگاوی یەکەم بواردان بێت بە نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکان تاوەکو رایان هەبێت لەسەر

**چەندین کەسایەتی موحافیزکاری ئەمریکا رەخنە لە هاوکاریکردن لەگەڵ رووسیادا دەگرن لەبارەی بارودۆخی سووریاوە، هۆکارەکەشی بۆ دەستڕۆیشتوویی ئێران دەگەڕێتەوە**

**حکومەتێکی عەلەوی هەیە کە بێئەندازە بێڕەحم و دوژمنکار دەردەکەوێت لە ئاست عەرەبی سوننەدا. کەواتە تاوەکو ئەو واقیعە و ئەو تێڕوانینە نەگۆڕێت، ئەوا ئەگەری هاتنەئارای سەقامگیری لە ئارادا نابێت**

**بیرۆکەی دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان مایەی مشتومڕێکی زۆرە لە ناوچەکەدا. ئەوەش راستە کە سوننەکانی عێراق و کوردی عێراق باوەڕ و متمانەیان بە دەوڵەتی عێراق و بە ناسنامەی عێراقیبوون لەدەستداوە**

چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروبارەکان، لە هەمان کاتدا خۆبەڕێوبەرییەکی مەحەلیی و کارا هەبێت بۆ ناوچەیەکی وەك ئەنبار، هەروەها پێویستە پەیوەندییەکی ئیجابی هەبێت لەنێوان لایەنە ئەمنییە سوننەکان و دەوڵەتی عێراقدا، چونکە هەڵەیەکی گەورەی مالیکی ئەوە بوو دوای کشانەوەی ئەمریکا بەردەوام نەبوو لە پشتیوانیکردنی ئەنجومەنەکانی سەحوە، ئەوەش دەرگای بە رووی داعشدا والا کرد. پێویستە حکومەتی ئێستای عێراق لەو هەڵەیەوە فێر بێت و، لە خەڵکی ئەو ناوچانە نزیك بێتەوە. بەڵام ئەو تێڕوانینەی لای ئێمە دروست بووە، ئەوەیە ئێران هانی کەسانێکی وەك مالیکی دەدات بۆ ئەوەی بەرهەڵستی ئاشتەوایی بکات، کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە ئەمریکا چی دەکات یان چی ناکات، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە ئێران دەوڵەتێکی هاوسنورە و بارودۆخەکە خراپتر دەکات.

*** ئێوە باسی خۆبەڕێوبەریی مەحەلیتان کرد، ئایا پێشنیاری ئەوە دەکەن سەرلەنوێ رێککەوتنێکی دیکەی دابەشکردنی دەسەڵات لە عێراقدا دابڕێژدرێتەوە بۆ ئەوەی کێشەی پەراوێزخستن و دورخستنەوەی پێکهاتەیەکی دیاریکراو لە دەسەڵات و ئیدارەدانی کاروبارەکانی دەوڵەت چارەسەر بکرێت؟**

- بەڵێ، بەڵام مەرج نییە ئەوە رێککەوتنێکی گەورە بێت و لە تاکە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاری لەبارەوە بدرێت و کۆتایی پێبهێنرێت. بەڵکو دەبێت کاری لەسەر بکرێت و بە تێپەڕبوونی کات پەرەی پێبدرێت بۆ ئەوەی لای هەمووان قبووڵ بکرێت. بەڵام دەبێت بە چەشنێك بێت کە ببێتە هۆی ئاوێتەکردنی عەرەبی سوننە لە سیستمە سیاسییەکەدا بە چەشنێك کە جێی رەزامەندی هەمووان بێت.

*** بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندی کورد و حکومەتی عێراقییەوە، ئەوا ئاشکرایە بێتمانەییەکی زۆر هەیە لە نێوان هەردوولادا و لە ماوەی رابردووشدا نەتوانرا کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکرێت و لە ئێستادا کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی داوە، بۆچوونی ئێوە چییە لەم بارەیەوە؟ ئایا دابەشبوونی عێراق ئەگەرێکە و لە ئارادایە؟**

- بەڵێ، بەدڵنیاییەوە لەئارادایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان مایەی مشتومڕێکی زۆرە لە ناوچەکەدا. ئەوەش راستە کە سوننەی عێراق و کوردی عێراق باوەڕ و متمانەیان بە دەوڵەتی عێراق و بە ناسنامەی عێراقیبوون لەدەستداوە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر پشێوییەکانی سووریا لەبەرچاو بگرین، ئەوا ئەگەر بێتو لایەنێکی بەرپرسیارتر لە داعش دروست بێت و کار لەسەر ئەوە بکرێت بەشێك لە ناوچە سوننەنشینەکانی سووریا و عێراق یەکبخرێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە دۆخەکە بەم شێوەیەی لێبێت: بەشێکی عێراق لەژێر حوکمڕانی شیعەدا بێت، لەگەڵ دروستبوونی سوننەستان و کوردستاندا، واتە ئەگەری ئەوە هەیە پەرەسەندنەکان بەم ئاراستەیەدا بڕۆن. ئەگەر ئەمەش رووبدات، بۆ ماوەیەکی زۆر دانپێدانانی فەرمی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەست ناهێنێت، بەڵام وەك ئەمری واقیع لەئارادا دەبن، بە چەشنی ئەوەی ناگۆرنۆ-کەراباغ بە ئەمری واقیع سەربەخۆیە لە ئازەربایجان.

*** ئێوە باسی سووریاتان کرد، روونە کە بارودۆخێکی ئاڵۆز باڵی سەر ئەو وڵاتەدا کێشاوە، کێشەکان ئاڵۆز بوون و چارەسەرکردنیان ئاسان نییە، تا چ رادەیەك ئەگەری ئەوە هەیە رووسیا و ئەمریکا بتوانن بگەنە رێککەوتنێکی هاوبەش بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە بتوانن بارودۆخەکە هێور بکەنەوە؟**

- ئەوە یەکێکە لەو بیرۆکانەی کە ترەمپ خوازیاری گرتنەبەریەتی، چونکە ئەو بایەخ بەوە دەدات ئەمریکا و رووسیا بتوانن هاوکاریی یەکتر بکەن بۆ سەقامگیرکردنەوەی دۆخی سووریا، تا رادەیەکیش هاوکارییەکی کەم روویداوە لەو رووەوە، ئەوەش لەوەدا رەنگیداوەتەوە کە ئەو گرووپانەی رووسیا پشتیوانییان دەکات و رژێمی سووریا لەلایەك، لەگەڵ ئەو گرووپانەی ئەمریکا پاڵپشتییان دەکات لەلایەکی دیکەوە، هەردوولایان شەڕی داعش دەکەن و کار لەسەر ئەوە دەکەن رێگری لەیەکتر نەکەن. کەواتە هاوکارییەکی سنووردار هەبووە لەو رووەوە. کێشەیەکی دیکە بریتییە لە چۆنیەتی سەقامگیرکردنەوەی ناوچە رزگارکراوەکانی ژێر دەستی داعش، کە ئەو ملیۆنان کەسەی کە ئاوارە بوون و هەست بە

دڵنیایی و سەلامەتی ناکەن لە گەڕانەوەیاندا، کەسانی سوننەن، کە ئەمەش بە مانای دووبارەبوونەوەی کێشەکەیە، چونکە حکومەتێکی عەلەوی هەیە کە بێئەندازە بێڕەحم و دوژمنکار دەردەکەوێت لە ئاست عەرەبی سوننەدا. کەواتە تاوەکو ئەو واقیعە و ئەو تێڕوانینە نەگۆڕێت، ئەوا ئەگەری هاتنەئارای سەقامگیری لە ئارادا نابێت. هەر ئەوەش هۆکاری ئەوەیە کە زۆرێك لە ئەمریکییەکان بەرهەڵستی ئەوە دەکەن وڵاتەکەیان هاوکاری لەگەڵ رووسیادا بکات، چونکە باوەڕیان وایە رووسیا پشتیوانی ئەسەد دەکات بۆ بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی توندوتیژی لە دژی دانیشتووانی سوننە، کە ئەگەر ئەمەش بەردەوام بێت، ئەوا ناکرێت دۆخی سووریا سەقامگیری بەخۆیەوە ببینێت.

*** راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئێران دەستڕۆیشتووییەکی زۆری هەیە لە سووریادا و پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ رووسیادا هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئیدارەی ئەمریکا چۆن دەتوانێت لە یەك کاتدا هاوکاری لەگەڵ رووسیادا بکات و بەرهەڵستی ئێرانیش بکات لە پەیوەندی بە دۆخی سووریاوە؟**

- ئەوە راستە و ئەوە یەکێکە لە دژیەکییەکانی سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ. کەوابێت قورسە وێنای ئەوە بکرێت کە ئەم دوو ئەرکە پێکەوە و لە یەك کاتدا ئەنجام بدرێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە چەندین کەسایەتی موحافیزکاری ئەمریکا رەخنە لە هاوکاریکردن لەگەڵ رووسیادا دەگرن لەبارەی بارودۆخی سووریاوە، هۆکارەکەشی بۆ دەستڕۆیشتوویی ئێران دەگەڕێتەوە. لەلایەکی دیکەوە گرنگە لەوە تێبگەین کە ئیدارەی ترەمپ چی دەکات، ئەوەی ترەمپ ئەنجامی دەدات پەیوەست نییە بە ستراتیژیەتێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە ترەمپ ئێران بە دوژمن دەزانێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئیدارەی ترەمپ و کۆنگرێسیش کۆششی جددی دەکەن بۆ سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا. واتە مەسەلەکە ئەوە نییە ستراتیژیەتێکی لۆژیکی هەبێت و پیادەی بکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەوان ئێران بە دوژمن دەزانن و دەیانەوێت بەرهەڵستی بکەن.

*** ئایا ئەمریکا دەتوانێت کەلێنێك لەنێوان رووسیا و ئێراندا دروست بکات لە پەیوەندی بە کێشەی سووریاوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە. لە راستیدا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا هەوڵێکی لەم چەشنە بدات، ئەگەرچی ئەگەری ئەوەش لەئارادا نییە ئەمریکا سەرکەوتوو بێت لەم هەوڵەیدا، چونکە هیچ ئاماژەیەك نییە کە ئیدارەی ترەمپ توانای ئەنجامدانی کارێکی لەم چەشنەی هەبێت.

*** هەندێ کەس پێیانوایە پێشبڕکێیەك هەیە لە سووریادا بۆ دروستکردنی ناوچەی دەستڕۆیشتوویی لە نێوان هێزە دەرەکییە گەورەکاندا، بەتایبەتی ئەمریکا و رووسیا، ئایا ئەمە لێکدانەوەیەکی دروستی واقیعەکەیە؟**

- پێموایە لە رووی ئەمری واقیعەوە تا رادەیەك ئەوە دەگوزەرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوە سیاسەتی ئەمریکا نییە، ئەوەی پەیوەندی بە رووسیاوە هەبێت، ئەوا بە ئاشکرا خوازیاری ئەوەیە سووریا لە ناوچەی دەستڕۆیشتوویی خۆیدا بێت، هەر ئەوەش هۆکاری بوونی رووسیایە لەو وڵاتەدا. بەڵام پێموانییە ئەمریکا باوەڕی وابێت دەتوانێت ناوچەی دەستڕۆیشتوویی تایبەت بە خۆی لە سووریادا هەبێت. لەو باوەڕەدا نیم ئەوە ئەگەرێکی واقیعبینانە بێت.

*** ئەگەر پێشبینی ئایندەی ئەم ناوچەیە بکەیت، ئایا باشترین و خراپترین سیناریۆ چین کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت بێنەئاراوە؟**

باشترین سیناریۆ ئەوەیە دوای تێکشکاندنی داعش، سووریا و عێراق بتوانن کار لەگەڵ نوخبەیەکی سوننەکاندا بکەن بۆ دروستکردنی سەقامگیری لە وڵاتەکانیاندا، هەرچەندە سووریا و عێراق هەرگیز ناگەڕێنەوە بۆ فۆرمی رابردوویان، بەڵام رەنگە بتوانن رادەیەك لە سەروەری و سەقامگیری لە ناوچەیەکی سنووردارردا بسەپێننەوە. خراپترین سیناریۆش لە دوو ئەگەردا بەدی دەکەم، یەکەمیان شەڕی ئەمریکا و ئێرانە، دووەمیانە سعودیە دوچاری ناسەقامگیرییەکی پڕ لە توندوتیژی ببێتەوە، واتە لەبری ئەوەی سەقامگیری بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە کە لە ئێستادا رەوشێکی پڕ لە توندوتیژی باڵی بەسەردا کێشاون، ئەو وڵاتانەش نائارام بن کە سەقامگیرییان تێدایە، گرنگترینیان عەرەبستانی سعودیەیە. ئەمەش ئەوەندەی دیکە دۆخەکە ئاڵۆز دەکات.

**ئێران هانی کەسانێکی وەک مالیکی دەدات بۆ ئەوەی بەرهەڵستی ئاشتەوایی بکات، کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە ئەمریکا چی دەکات یان چی ناکات، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە ئێران دەوڵەتێکی هاوسنوورە و بارودۆخەکە خراپتر دەکات**

**هەڵەیەکی گەورەی مالیکی ئەوە بوو دوای کشانەوەی ئەمریکا بەردەوام نەبوو لە پشتیوانیکردنی ئەنجومەنەکانی سەحوە، ئەوەش دەرگای بە رووی داعشدا واڵا کرد**



**کەمال دۆڵپەموویی**

**پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی ئەیلوول:**

# سلێمانی شاری شەڕی بەردەرکی سەرایەو دژی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە بووە، چۆن پشتگیری سەربەخۆیی ناکات؟!

شاری سلێمانی لە سییەکانی سەدەی رابردوو، شەڕی بەردەرکی سەرای دژی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە بەرپاکردووە و لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا رۆڵەکانی گیانیان فیدا کردووە، هەندێك لەو خەڵکانەی دوای شەڕی بەردەرکی سەرا چوونە بەغدا و بەوە رازی بوون کە کوردستان ببێتە بەشێك لەو عێراقەی ئینگلیز بۆ بەرژەوەندیی خۆی دروستی کرد، ئەوانە وەك وەفدی میللەت فرۆشان ناویان لە لاپەڕەکانی مێژووی کوردستان و سلێمانی تۆمارکراوە، لەسەر رۆیشتنی ئەو وەفدە، پیرەمێرد شاعیری گەورەی گەلەکەمان بە پارچە هۆنراوەیەك پێیان دەڵێت:

**وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان**
**هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان**
**دەسکێ لەگوڵەکەی باخچەکەی سەرا**
**کە بە خوێناوی میللەت ئاودرا**
**بیبەنە خزمەت، عەرشی عێراقی**
**بڵێین یار باقی، هەم سوحبەت باقی**

***

**تارای خوێنی سوور، بەرن بۆ ئەمیر**
**بڵێن پاش کوشتار هێشتا تۆی دڵگیر؟**
**دەك خەجاڵەت بن لە رووی مەحشەرا**
**ئێمەش خاکی غەم ئەکەین بەسەرا**
**خەیاڵتان خاوە، کورد نەفەوتاوە**
**بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە**
**من رەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ**
**مژدەی شەفەقی لێ دەرئەکەوێ**

لە ئێستادا کە جارێکی دیکە هەموو کوردستان خۆی ئامادەدەکات بۆ ئەوەی ئەنجامدانی ریفراندۆم بکاتە کەرنەڤاڵی سەربەخۆیی، بەڵام دیسان چەند دەنگێکی ناشاز بە هاوشێوەی وەفدی میللەت فرۆشانی سییەکانی سەدەی رابردوو، دەیانەوێت دژی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان رابوەستن، بەڵام چۆن پیرەمێردی نەمر نزیکەی ٩٠ساڵ پێش ئێستا پێیان دەڵێت: «دەك خەجاڵەت بن لە رووی مەحشەرا»، ئێستا لە سلێمانی بە هەمان شێوە ئەو دەنگانەی دژی سەربەخۆیین، بێجگە لە خەجاڵەتی لە بەردەم خواو نەتەوەی خۆیاندا هیچ شتێکی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە.

بۆ قسەکردن لەسەر پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، لە سلێمانی چاومان کەوت بە کەماڵ دۆڵپەمووییی، پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی ئەیلوول و لێمان پرسی، سلێمانی شاری شەڕی بەردەرکی سەرا و شەهید عەولە سیس و شاری شۆڕشی ئەیلوول و دروشمی (کوردستان یان نەمان) چۆن پێشوازی لە پرۆسەی ریفراندۆم و کەرنەڤاڵی سەربەخۆیی دەکات؟ لە وەڵامدا پێی گوتین: سلێمانی شاری شەڕی بەردەرکی سەرایە و دژی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە بووە، هەروەها سلێمانی شاری شۆڕشی ئەیلوول و پەروەردەی قوتابخانەی شۆڕش و بارزانی-یەو هەر کەسێك خۆی بە خاوەنی ئەم مێژووە پرسەروەرییە بزانێت، هەرگیز لە کاروانی سەربەخۆییخوزان جیا نابێتەوە، ئەو چەند دەنگەشی بە رێگەی میدیا دەیانەوێت دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی نەتەوەی خۆیان بکەن، ئەوان لە مێژووی ئەم شارەدا بێجگە لە شەرمەزاری و خەجاڵەتی شتێکی دیکەیان بۆ نەماوەتەوە، ئەمجارەش کاروانی سەربەخۆیی هەر سەردەکەوێت و ئەوانیش تەنیا شەرمەزاری و خەجاڵەتییان بۆ دەمێنێتەوە.

لەبەشێکی دیکە ئەم وتووێژەماندا لەگەڵ ئەم پێشمەرگە دێرینە، باسی ئەوەمان کرد، ئایا تێکرای شۆڕشەکانی کوردستان بێجگە لە سەربەخۆیی ئامانجێکی دیکەیان هەبووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەی بە دروشمی (کوردستان یان نەمان)ی شۆڕشی ئەیلوول داینەوە و گوتی: خەڵکی تێکۆشەرو بەئاگا و تێگەیشتوو لە مێژووی نەتەوەکەی، لەو راستییە تێگەیشتووە کە هەموو شۆڕشەکانی کوردستان بە شۆڕشی ئەیلولیشەوە ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستان بووە، ئەوجا ئەگەر لە قۆناخە جیاوازەکانی خەباتدا هەنگاو بەهەنگاو بەرەو ئەم ئامانجە هەنگاو نرابێت، ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئامانجی شۆڕش سەربەخۆیی نەبووە، بەڵکو هەموو هەنگاوێك بۆ ئەوە بووە کە زیاتر لە سەربەخۆیی نزیك ببینەوە، هەر بۆ نموونە لەماوەی ٥٠ ساڵی رابردووی خەبات و تێکۆشانی شۆڕشی کوردستاندا، دەبینین ئەم هەنگاوانە لە لامەکزییەوە بەرەوپێشەوە چووە بۆ ئۆتۆنۆمی و دوای راپەڕین بۆتە فیدراڵیزم و ئێستاش وەك دەبینین رۆژی ریفراندۆم دەستنیشانکراوەو بەرەو ئاهەنگی سەربەخۆیی هەنگاو هەڵدەگرین، ئەمانە هەموویان وەك ئەڵقەی یەك زنجیرە و کەسایەتی بارزانیی نەمر و رێبازی بارزانی پێکەوە کۆدەکاتەوە و پێمان دەڵێت ئەم رێبازە لە ئەوەڵەوە تا کۆتایی

**ئیبراهیم فەیسەل ئەنساری لەو سەردانەیەدا بە بارزانیی نەمری گوتبوو: حکومەتی عێراق رازییە نیوەی کەرکووک بدات بە کورد و لەگەڵی رێکبکەوێت، لەوەڵامدا بارزانیی نەمر دەستی دابووە مشتە خۆڵێک و بە نێردراوەکەی حکومەتی عێراقی گوتبوو: نەک نیوەی کەرکووک، بەڵکو لەسەر ئەم مشتە خۆڵە کە خاکی کوردستانە دەبێت هەموو کورد خۆی بکات بە قوربانی**

**ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع نە دەوڵەتێکی یەکپارچە بەناوی عێراق بوونی هەیە، نە هەستێکی هاوبەشیش لەناو پێکهاتەکانی ئەم دەوڵەتە بوونی ماوە کە خۆیان بە عێراقی بزانن**

**عەرەبی عێراق بە شیعە و سوننە، باس لە لەتبوونی دەوڵەتی عێراق دەکەن، باشە با پرسیاری ئەوەیان لێ بکەین، ئایا کوردستان لە بنەڕەتدا بەشێک بووە لە عێراق، یان بە زۆر پێوەی لکێنراوە؟ ئەگەر عەرەب ئەوەندە پەرۆشی یەکگرتوویی و یەکپارچەیی خاکەکەیەتی، بۆ سەیری خۆیان ناکەن و پرسیار ناکەن بۆچی بەسەر زیاتر لە ٢٠ دەوڵەتدا دابەش بوون؟**

**نەتەوەکەمان سەدان ساڵە بۆ گەیشتن بەم رۆژە خەباتی کردووە، چەندین گەلیش لەم جیهانەدا بە رێگەی ئەنجامدانی ریفراندۆم گەیشتوونەتە سەربەخۆیی و بڕیاریان لەسەر چارەنووسی خۆیان داوە**

**ئەگەر ئێمە ئەو شۆڕشە رۆشنبیرییەمان بەرپا بکردایە، ئەوا ئێستا کە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵدەگرین، رووبەڕووی هەمان ئەو ئەقڵییەتانەی سییەکانی سەدەی رابردوو نەدەبووینەوە و تێدەگەیشتن کە بوون و ئایندەی کورد بە سەربەخۆیی و راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانەوە گرێ دراوە**

ئامانجی سەربەخۆیی بووە، لێرەدا بە جێگەی خۆی دەزانم یەکێك لە بە سەرهاتەکانی شۆڕشی ئەیلوولتان بۆ بگێڕمەوە، جارێکیان لەگەڵ فەرەیدوون عەلی ئەمین و جەلالی حسەکەلۆش و فەتاح ئاغا موناقەشەمان دەکرد لەسەر ئەوەی، ئایا رێبازی بارزانی، رێبازێکی سەربەخۆخوازانەیە، یان نە؟ لەو دانیشتنەدا بەسەرهاتی چوونی ئیبراهیم فەیسەل ئەنساری بۆ لای بارزانیی نەمر گێڕایەوە، کە لەو سەردانەیەدا بە بارزانی نەمری گوتبوو: حکومەتی عێراق رازییە نیوەی کەرکووك بدات بە کورد و لەگەڵی رێکبکەوێت، لەوەڵامدا بارزانیی نەمر دەستی دابووە مشتە خۆڵێك و بە نێردراوەکەی حکومەتی عێراقی گوتبوو: نەك نیوەی کەرکووك، بەڵکو لەسەر ئەم مشتە خۆڵە کە خاکی کوردستانە دەبێت هەموو کورد خۆی بکات بە قوربانی، سەبارەت بە کوردستانیبوونی کەرکووکیش، بارزانیی نەمر پێی گوتبوو: ئێمە رێککەوتووین بۆ سەلماندنی چارەنووسی کەرکووك ئامار بکەین، بەڵام من پێتان دەڵێم، بچن ئاماری قەبرەکانی ناو قەبرستانەکانی کەرکووك سەیر بکەن، قەبرەکان پێتان دەڵێت کەرکووك کوردستانییە یان نە. بۆیە دڵنیاتان دەکەمەوە لەسەر بستێکی خاکی کوردستان سازشتان لەگەڵ ناکەین و لەم پێناوەدا ئامادەین هەموو قوربانییەك بدەین، بۆ ئەوەی بە سەربەرزی و شانازییەوە لەبەردەم میللەتەکەی خۆمان رابوەستین. کەواتە تەنیا ئەم هەڵوێستە مەزنەی بارزانیی نەمر پێمان دەڵێت، رێبازی بارزانی، ریبازێکی سەربەخۆییخوازانەیە، بۆیە زۆر جەختمان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە پێش شۆڕشی چەکداری، شۆڕشێکی رۆشنبیریمان بۆ تێگەیشتن لەم رێبازە بەرپا بکردایە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئێمە ئەو شۆڕشە رۆشنبیرییەمان بەرپا بکردایە، ئەوا ئێستا کە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵدەگرین، رووبەڕووی هەمان ئەو ئەقڵییەتانەی سییەکانی سەدەی رابردوو نەدەبووینەوە و تێدەگەیشتن کە بوون و ئایندەی کورد بە سەربەخۆیی و راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانەوە گرێ دراوە.

بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە دوای پشتیوانیی خوا، یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و تەواوی خەڵکی کوردستان فاکتەری سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی ئیرادەی گەلەکەمان، سەبارەت بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی خەڵك و حزبە سیاسییەکان بۆ ئەم پرۆسە نیشتمانی و پیرۆزە، کەماڵ دۆڵپەموویی گوتی: کاتی ئەوە هاتووە هەوڵی هەموو لایەکمان بۆ ئەم ئامانجە یەکگرتوو بێت و هەمووممان یەك هەڵوێست بین، دەبێت هەموو خەڵك و تەواوی حزبە سیاسییەکان پشتگیری لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بکەن، بۆ ئەوەی ئەم هەلە مێژووییەی هاتۆتەپێشەوە لەدەستی نەدەین، نەتەوەکەمان سەدان ساڵە بۆ گەیشتن بەم رۆژە خەباتی کردووە، چەندین گەلیش لەم جیهانەدا بە رێگەی ئەنجامدانی ریفراندۆم گەیشتوونەتە سەربەخۆیی و بڕیاریان لەسەر چارەنووسی خۆیان داوە، بۆیە لای من سەیرە کە باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکەین، عەرەبی عێراق بە شیعە و سوننە، باس لە لەتبوونی دەوڵەتی عێراق دەکەن، باشە با پرسیاری ئەوەیان لێ بکەین، ئایا کوردستان لە بنەڕەتدا بەشێك بووە لە عێراق، یان بە زۆر پێوەی لکێنراوە؟ ئەگەر عەرەب ئەوەندە پەرۆشی یەکگرتوویی و یەکپارچەیی خاکەکەیەتی، بۆ سەیری خۆیان ناکەن و پرسیار ناکەن بۆچی بەسەر زیاتر لە ٢٠ دەوڵەتدا دابەش بوون؟ ئەگەر لە روانگەی ئەقڵییەتی شۆڤینی عەرەبییەوە نایانەوێت مافی سەربەخۆیی بە کورد رەوا ببینن، ئەی بۆ پرسیار لە خۆیان ناکەن، گەل و نەتەوەی وا لەم جیهانەدا بۆتە خاوەنی دەوڵەت و سەروەریی خۆی، ژمارەی دانیشتووانی لە شارێکی کوردستان کەمترە. بۆیە کاتێك ئێمە بڕیارمان داوە لە ٢٥ی ئەیلوولی داهاتوو ریفراندۆم ئەنجام بدەین، ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە دەمانەوێت دەنگی ئەم میللەتە مەزڵووم و غەدرلێکراوە جارێکی دیکە پیشانی جیهان بدەین و پێیان بڵێین: ئێمە بڕیارمان داوە و شایەنی ئەوەین لەسەر خاکی خۆمان سەربەست و سەرفراز و سەربەخۆ بژین و داگیرکاری و خاك زەوتکردن کۆتایی بێت، لەمەش زیاتر مافی چارەنووسی نەتەوەکان بۆتە بەشێك لە مافەکانی مرۆڤ و پێداویستی بونیادنانی دیموکراتی، هەر بۆیە کاتێك ئێمە بڕیاری خۆمان بۆ سەربەخۆیی دەدەین، نەتەوەی بەرامبەریشمان کە عەرەبە ئەوانیش لە ئەقڵییەتی شۆڤینیزم و کۆیلەیی نەریتی جەنگەڵ و کەلتووری دواکەتووانەی سەدەکانی ناوەڕاست رزگاریان دەبێت و بیر لەوە دەکەنەوە چۆن لە دەرەوەی ئەقڵییەتی شۆڤینیزم و

کەلتووری جەنگەڵ، هەنگاو بۆ ئایندەی وڵاتی خۆیان هەڵدەگرن.

بیانووی دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان ئەوەیە کە دەڵێن، ئەگەر کوردستان بڕیاری سەربەخۆیی بدات، ئەوا ناسەقامگیری دروست دەبێت و مەترسی شەڕی ناوخۆیی دێتەئاراوە، بەڵام لە مێژووی دامەزراندنی عێراقەوە هەتا ئێستا، ئەم وڵاتە هەرگیز ڕۆژێك سەقامگیری و پێکەوەژیانی بەخۆیەوە نەبینیوە، بۆیە ئەو پرسیارە هاتەئاراوە، ئەگەر بڕیاردانی سەربەخۆیی کوردستان ببێتە هۆکار بۆ دروستبوونی ناسەقامگیری و شەڕی ناوخۆ لە عێراقدا، ئایا بە درێژایی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو مێژووی عێراق بێجگە لە ناسەقامگیری و شەڕی نێوان پێکهاتەکان شتێکی دیکەی تێدایە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دۆڵپەمووبی گوتی: بە درێژایی مێژووی سیاسیی عێراق لە سەردەمی پادشایەتییەوە تا دەگاتە حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، پەتای سەرەکی بۆ ناسەقامگیری و شەڕی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، ئەوە بووە کە ئەم دەوڵەتە بە زۆر دروست کراوە و پێکهاتەکانی بە زۆر پێکەوە کۆکراونەتەوە، بۆیە ئەگەر سەرنج لەشێوازی دەستاودەستکردنی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بدەین، دەبینین تەنیا ڕێگە ئەنجامدانی کودەتای سەربازی بووە و لەدوای ٢٠٠٣شەوە کە بەحیساب عێراقێکی تازەیان بونیاد ناوەتەوە، ئەوا زۆر بە ڕاشکاوی عەرەبی شیعەش لاسایی هەمان شێوازی حوکمڕانیی عەرەبی سوننە دەکاتەوە، بۆ ئەمەش شەڕی داعشمان بینی کە دەرەنجامی ئەو دەمارگیرییە مەزهەبگەراییەی نێوان شیعە و سوننەیە و لەدوای داعشیش گەورەترین مەترسی بۆ سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە، مانەوەی ئەو عێراقە بە زۆر دروستکراوەیە بە یەکپارچەیی، بۆیە بە بڕوای من هۆکاری ناسەقامگیری و مەترسیی شەڕی ناوخۆ، لە مانەوەی عێراقە بە یەکپارچەیی، تەنیا ڕێگەچارەش بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری و دوورخستنەوەی مەترسیی شەڕی ناوخۆ ئەوەیە عێراق بە شێوەیەکی ئاشتییانە دابەش بکرێت بۆ سێ دەوڵەتی (کوردستان و شیعە و سوننە)، بەتایبەتیش دوای ئەوەی حوکمڕانییەکەی نووری مالیکی بە تەواوەتی شکۆی دەوڵەت و سەروەریی عێراقی شکاندو سڕییەوە، ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع نە دەوڵەتێکی یەکپارچە بەناوی عێراق بوونی هەیە، نە هەستێکی هاوبەشیش لەناو پێکهاتەکانی ئەم دەوڵەتە بوونی ماوە کە خۆیان بە عێراقی بزانن، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە گەلی کوردستان بەتەواوی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانیەوە، وەك گەلێکی مەزڵووم و خاك داگیرکراو دەبینرێن و لکاندنی ئەم گەل و جوگرافیایەش بەزۆر بە عێراقەوە بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەم گەلە ببێتە قوربانییەکی گەورەی سەد ساڵی ڕابردوو، بۆیە لەم بارودۆخەی ئێستا کە شەڕی دژی داعش بەرەو کۆتایی دەچێت و هەوڵەکان بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری و دوورخستنەوەی مەترسیی شەڕی ناوخۆ لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بۆ عێراق دەخرێتەگەڕ، گومان لەوەدا نییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی کە هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگیری و شەڕی ناوخۆ لەم وڵاتە ئەوەیە کە پارێزگارییان لەدەوڵەتێکی بەزۆر دروستکراو کردووە، بەڵام ئەگەر هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتەواوەتی نەگەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا ڕێگەچارە ئەوەیە دەستبەرداری پارێزگاریکردن لە یەکپارچەیی عێراق ببن، ئەوا کاری سەرەکیی ئێستای سەرکردایەتی سیاسیی حزبەکان و ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم کە بەنیازن سەردانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەن، دەبێت هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەیەننە ئەو قەناعەتەی کە ڕێگەچارەی دروست ئەوەیە کە عێراق دابەش بکرێت و دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت. بۆ ئەمەش جیا لەوەی پێویستمان بەوەیە پشتگیریمان بکەن بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، لەهەمانکاتدا دەبێت لە ڕووی سەربازییەوە لە کوردستان و عێراق بوونیان هەبێت بۆ ئەوەی ئاسایشی ناوچەکە بپارێزن و هاوکێشەیەکی تازەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای دراوسێتیی باش دروست بکرێتەوە. کەواتە ئێستا هەلێکی لەبار بۆ نەتەوەکەمان هاتۆتەپێشەوە گرنگە هەموو حزبە سیاسییەکان بە تەواوەتی شان بدەنە بەر ئەم بەرپرسیاریەتییە مێژووییە و لە ئایدیۆلۆژیای حزب دوور بکەینەوە و هەموومان لە پێناوی سەرخستنی ڕیفراندۆم و پرۆسەی سەربەخۆیی یەکدەنگ و یەك هەڵوێست بین.

**خەڵکی تێکۆشەرو بەئاگا و تێگەیشتوو لە مێژووی نەتەوەکەی، لەو ڕاستییە تێگەیشتووە کە هەموو شۆڕشەکانی کوردستان بە شۆڕشی ئەیلولیشەوە ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستان بووە**

**سلێمانی شاری شۆڕشی ئەیلوول و پەروەردەی قوتابخانەی شۆڕش و بارزانی-یەو هەر کەسێک خۆی بە خاوەنی ئەم مێژووە پرسەروەرییە بزانێت، هەرگیز لە کاروانی سەربەخۆییخوزان جیا نابێتەوە**

**ئەو چەند دەنگەی بە ڕێگەی میدیا دەیانەوێت دژایەتیی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی نەتەوەی خۆیان بکەن، ئەوان لە مێژووی ئەم شارەدا بێجگە لە شەرمەزاری و خەجاڵەتی شتێکی دیکەیان بۆ نەماوەتەوە**

# عێراق لەبەردەم هەڵوەشانەوەیەکی هەمیشەیی

**کاتێک ئەو هەموو جیاکارییە هەبێت و عێراق نەتوانێت ئەرکی خۆی بەرامبەر هاووڵاتییەکانی جێبەجێ بکات. ئەوا لێک هەڵوەشانەوەی عێراق باشترین رێگە چارەیە بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتێکی ئارام و دیموکراسی**

(١٠٠) ساڵ بەسەر رێککەوتنامەی (سایکس پیکۆ) (Sykes-Picot)ی ساڵی (١٩١٦) تێپەڕدەبێت کە بە هۆیەوە وڵاتانی زلهێزی براوەی شەڕی یەکەمی جیهانی و بەتایبەت بەریتانیاو فەرەنساو رووسیا هەستان بە دابەشکردنی ئەو ناوچانەی کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. ئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهانیش، بووە هۆی ئەوەی چەندین دەوڵەتی نوێ لەسەر ئاستی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست ببن.

نیزامی ئینتیداب و ئیستعمار لەو کاتەوە دەستی پێکردو نەتەوەو گەلانی جیاواز خرانە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالی وڵاتانی زلهێزو دەوڵەتی بە زۆر پێکەوە لکێنراو دروست بوون، بێ ئەوەی گوێ بە فرە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی ئەو وڵاتە تازە دروستبووانە بدرێت.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە سەدان ساڵ بوو حوکمی زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی ئەورووپای شەرقی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەکرد، لێك هەڵوەشایەوەو دابەشی سەر وڵاتانی نوێ کرا. کورد وەك نەتەوەیەکی جیاواز کە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوو، لە ئەنجامی رێککەوتنامەی (سایکس پیکۆ) دابەشی سەر وڵاتانی (عێراق، ئێران و تورکیاو سووریا) کراو ناچارکران بە زۆر لەگەڵ نەتەوەی باڵادەستی (تورك، فارس، عەرەب) بژیت و گوێ بە هیچ داخوازی و مافەکانی کوردیش نەدرا.

عێراق کەوتە ژێر ئینتداب و ئیستعماری بەریتانیا، لە ساڵی (١٩٢١) دەوڵەتی عێراقی پاشایەتی دامەزرا، سیستەمی پاشایەتی تا ساڵی (١٩٥٨)ی خایاند، کورد چ لە سەردەمی مەلیك (فەیسەلی یەکەم) و مەلیك (غازی)یەوەو چ لە سەردەمی مەلیك (فەیسەلی دووەم) یش، مافەکانی پێ ڕەوا نەبینراو رووبەڕووی پەراوێزخستن و لەنابردنیش بوویەوە، شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید و شۆڕشەکانی بارزان و هەر جوولانەوەو شۆڕشێکی رزگاریخوازی کوردی کە مەبەستی ئازادی و مافی گەلی کورد خەباتی کردووە، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە توندترین شێوە وەڵام دراوەتەوەو هیچ کاتێك عێراق نەیویستووە دان بە مافی رەوای گەلی کورددا بنێت.

دوای شەڕی دووەمی جیهانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەمدیسان گۆڕانکاری بەسەر هەندێك پرەنسیپی نێودەوڵەتیدا هات. کاولکارییەکانی دوای شەڕو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئەنجامدانی تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕ، پێویستی بەوە بوو کە چەمکی نوێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافی گەلان دروست ببێت. دوای شەڕی دووەمی جیهانی باڵانسی هێزیش گۆڕانکای بەسەردا هات و هێز لەدەستی بەریتانیا وفەرەنسا دەرچوو و کەوتە ژێر دەستی (ئەمریکا) و (یەکێتی سۆڤیەت) و ئەم دوو جەمسەرە بوونە دوو جەمسەری هێزی جیهان، تا لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سوڤیەتی جارانیش، (شەڕی سارد)ی ئەو دوو زلهێزە هەر بەردەوام بوو، بە لێك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتیش هەمدیسان چەندین دەوڵەتی نوێ دروست بوون.

بێگومان دەوڵەتی عێراقیش وەك هەر دەوڵەتێکی تر، لە ماوەی دروست بوونییەوە وەك دەوڵەت، بە چەندین قۆناغی جیا جیا تێپەڕیوەو لە هیچ قۆناغێکیشدا سەقامگیری و ئارامی بە خۆیەوە نەدیوە. ساڵی (١٩٥٨) بە کودەتایەکی سەربازی، (عەبدولکەریم قاسم) سیستەمی پاشایەتی گۆڕی بۆ سیستەمی کۆماری و تاوەکو ساڵی (٢٠٠٣) ئەم سیستەمە بەردەوام بوو، بەڵام ئەم ماوەیەش لە کودەتای سەربازی و تیرۆر و کوشتن و رفاندن و ئەنفال و راگواستن و کیمیاباران و جینۆساید بێبەری نەبوو.

ئەمە جگە لەوەی کە ناسەقامگیریی سیاسی و نەبوونی حوکمی رەشید هەر لە سەردەمی (عەبدولسەلام عارف) و (عەبدولڕەحمان عارف) و (ئەحمەد حەسەن بەکر)ەوە بگرە تاکو سەردەمی (سەدام حوسێن)ی دیکتاتۆر باڵی بەسەر عێراقدا کێشابوو. کورد لەو قۆناغەشدا جگە لە گەلێکی ستەمدیدە و قوربانیی دەستی دەسەڵاتی عێراق بە هیچ شێوەیەك مافەکانی نەك پارێزراو نەبوون، بگرە بە پاشکۆ و پلە دوو ئەژمار دەکراو رووبەڕووی بە ئازارترین و مەترسیدارترین تاوانەکاتی دژە مرۆڤایەتی

**تا ئێستاش هزری تۆڵەسەندنەوە لەعێراق بوونی هەیە، رفاندن و کوشتنی تائیفی و مەزهەبی و قەومیش روو لە زیادبوونە. لە هیچ کونجێکی بەغدا و ناوچەکانی ناوەڕاست و بگرە باشووری عێراقیش سەقامگیری و ئارامی و ئاسایش بوونی نییە**



نەدا مێرگەسۆری

پەرلەمانتارو بڕیاردەری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بوویەوەو جیهانیش بەداخەوە لە ئاست ئەم تاوانانەی بەسەر کورد هات، بێدەنگ بوو.

ساڵی (٢٠٠٣)یش دوای ئەوەی عێراق لەژێر دەستی دیکتاتۆری سەردەم (سەدام حوسێن) رزگارکراو کۆتایی بە حوکمی (٨٠) ساڵەی دەسەڵاتدارانی عەرەبی سوننە هێنرا. کورد وەك روکنێکی سەرەکی لە دروستکردنەوەی عێراق، بە ئاواتی ئەوەی ئەم عێراقەی ئەم جارە، وانە لە سیاسەتکردنی دەسەڵاتدارانی پێشووی خۆی وەردەگرێت و چەمکی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ دەکاتە سەرمەشقی دوبارە بنیادنانەوەی عێراق، گەڕایەوە بەغدا، بەو مەرجەی شەراکەتی راستەقینەو تەوافوقی نیشتمانی و رێزگرتنی دەستوور ببێتە تەوەرەی سەرەکیی سیاسەتکردنی دەسەڵاتداراتی عێراق، بەڵام بە داخەوە وا دەرنەچوو و دیسان دوای بەهێز بوونیانەوە پشتیان لە داخوازی و مافەکانی گەلی کوردستان کرد.

حوکمی عەرەبی شیعە دەستی پێکرد. ئەمە بۆ (١٤) ساڵ دەڕوات کە شیعە لە عێراق بە زۆرینە حوکم دەکات، بەڵام هەمدیسان عێراق نەبوو بەو عێراقەی سەقامگیری و ئارامی و حوکمی رەشید بە خۆیەوە ببینێت. چەمکی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و بە مەدەنیانە حوکمکردن و شەراکەتی راستەقینەو رێزگرتنی دەستوور و یاسا و چەمکی هاووڵاتی بوون، نەبوونە هۆی ئەوەی عەقڵیەتی دەسەڵاتدارانی بەغدا بگۆڕدرێت. تا ئێستاشی لەگەڵ بێت هزری تۆڵەسەندنەوە لەعێراق بوونی هەیە، رفاندن و کوشتنی تائیفی و مەزهەبی و قەومیش روو لە زیادبووونە. لە هیچ کونجێکی بەغدا و ناوچەکانی ناوەڕاست و بگرە باشووری عێراقیش سەقامگیری و ئارامی و ئاسایش بوونی نییە. ئەزموونی حوکمی شیعەش ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبوو، دوای تێپەڕبوونی (١٤) ساڵ بەسەر رزگاربوونی عێراق لەدەستی رژێمێکی دیکتاتور، ئەوا نەیتوانی ببێتە دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراسی کە تاك تیایدا هەست بە هاووڵاتی بوون و خۆشگوزەرانی بکات.

نێومالّی سوننە و شیعە لە عێراقدا تەژییە لە گرفت و کێشەو لێك جیابوونەوەو لێك دووركەوتنەوە، ئەو هەموو لێك جیابوونەوەو گرفتە، عێراق بەرەو ئاقارێکی نادیار دەبات. بەڕێز (عەممار ئەلحەکیم) سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، کشانەوەی خۆی لە (ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی) راگەیاندو رەوتی (حیکمەی نیشتمانی) راگەیاند، ئەگەری ئەوەش هەیە کە بەڕێز (حەیدەر عەبادی)ی سەرۆك وەزیرانی عێراقیش لە حیزبی (دەعوە)ی عێراق جیاببێتەوە کە لە لایەن (نوری مالیکی) سەرۆکایەتی دەکرێت و ئەویش بە نیازی دروستکردنی رەوتێکی نوێی سیاسییە. پارتە سوننەکانیش بە نەبوونی مەرجعێکی تایبەت بە خۆیان تووشی پەرتەوازەیی بوون و ناتوانن بڕیاری دروست لە بەرژەوەندیی سوننە بدەن.

عێراقی تەژی قەیران، سەلماندی بە موەحەدی ناتوانێت بەردەوامی بە ژیانی سیاسی خۆی بدات. تا ئێستاش هەر موەحەدە، بەڵام دەسەڵاتدارانی عەرەبی بەغدا بە چاوێکی ترەوە سەیری گەلی کوردستان دەکەن، ئەوا بۆ (٣) ساڵ دەڕوات کە بوجەی هەرێمی کوردستانیان نەداوەو قوتی خەڵکی هەرێمیان بڕیوە، ئەو هەرێمەی کە تا ئێستاش بە پێی دەستووری عێراق، بەشێکە لە عێراق. بۆیە کاتێك ئەو هەموو جیاکارییە هەبێت و عێراق نەتوانێت ئەرکی خۆی بەرامبەر هاووڵاتییەکانی جێبەجێ بکات. ئەوا لێك هەڵوەشانەوەی عێراق باشترین رێگە چارەیە بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتێکی ئارام و دیموکراسی.

کورد لەو عێراقە موەحەدە جگە لە قوربانی هیچ خێری لە عێراق نەبینیوە. عێراقی بە زۆر پێکەوە لکێنراو نەبوو بە وڵاتێکی کاملّی ئارام و دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە زۆر مانەوەشی بە موەحەدی، ئەوا هەرگیزاو هەرگیز نابێتە ئەو عێراقە نموونەییەی کە ئەوان دەیانەوێت، چونکە هاووڵاتی بوون، مەدەنییەت، دەستوور و دیموکراسی و مافی مروڤ و شەراکەتی راستەقینە و تەوافوق و نەتەوەو پێکهاتە نەتەوەییەکان و ئۆل و مەزهەب بەو جۆرەی کە پێویستە رێزی لێ ناگیرێت، بەڵکو رووبەڕووی پێشێلی زەقیش دەبنەوە. هەر چرکەیەك زووتر ئەم لێکهەڵوەشانەوەیە رووبدات، ئەوا هێندە زیاتر لە بەرژەوەندیی عەرەب و کوردو ناوچەکە دەبێت.

**شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید و شۆڕشەکانی بارزان و هەر جوولانەوەو شۆڕشێکی رزگاریخوازی کوردی کە مەبەستی ئازادی و مافی گەلی کورد خەباتی کردووە، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە توندترین شێوە وەڵام دراوەتەوەو هیچ کاتێک عێراق نەیویستووە دان بە مافی رەوای گەلی کورددا بنێت**

**بۆ (١٤) ساڵ دەڕوات کە شیعە لە عێراق بە زۆرینە حوکم دەکات، بەڵام هەمدیسان عێراق نەبوو بەو عێراقەی سەقامگیری و ئارامی و حوکمی رەشید بە خۆیەوە ببینێت. چەمکی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و بە مەدەنیانە حوکمکردن و شەراکەتی راستەقینەو رێزگرتنی دەستوور و یاسا و چەمکی هاووڵاتی بوون، نەبوونە هۆی ئەوەی عەقڵیەتی دەسەڵاتدارانی بەغدا بگۆڕدرێت**